IDEA FOUNDATION

دەزگای ئایدیا

بۆ فکرو لێکۆڵینەوە

# پرۆژەی (100) نامیلکەی فەلسەفی

## دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە


سەرپەرشتیاری پرۆژە

ئەنوەر حسێن (بازگر)

ستافی پرۆژە:

د.لوقمان رەئوف - سابیر عەبدوڵڵا - سەروەت تۆفیق - ئارام مەحمود

باوان عومەر - زریان محەمەد



2015

پرۆژەی (100) نامیلکەی فەلسەفی

# ئاشنابوون بە نیچە

وەرگێڕانی:
کۆمەڵێک نوسەر

2015

خاوەن ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنور حسێن

ئامادەکردنی: کۆمەڵێك نوسەر
تایپ: کەیوان عومەر - کاوان عەبدولرەحمان - نیاز کەمال
دیزاین: هەرێم عوسمان - ئاکام شەمسەدینی
چاپ: چاپخانەی دلێر
تیراژ: 1000 دانە
ساڵی چاپ: 2015
نرخ: 1500 دینار
شوێنی چاپ: سلێمانی - کوردستان
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
لەبڵاوکراوەکانی: **دەزگای ئایدیا** بۆ فکر و لێکۆڵینەوە

www.ideafoundation.co
info@ideafoundation.co
idea@ideafoundation.co
www.facebook.com/dezgai.idea

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا
زنجیرە ( 46 )

# نیچەو سەرچاوەی چەمکی مۆدێرنیزم

(بەشی یەکەم)

نوسینی: رۆبیرت ب.پیین

لە فارسییەوە: ئیسماعیل ئیسماعیل زادە

چەمکی مودێرنیزم لە سەرەتادا بۆ پۆلینبەندیکردنی هونەر و رەخنەی ئەدەبی لەکارکرا، ئێستاکە لە زۆربەی بەرنامە فەلسەفی (یان دژی فەلسەفی)یەکاندا زاراوەیەکی هونەریی هەمەگرە و زۆرجارانیش وەکو روانگەیەکی لێڵ ماوەتەوە و خۆی بە لاڕێدا بـردووە. لەم وتـارەدا بۆ باسکردن لەسەر وردبینی مێژوویی و رەوابوونی فەلسەفی ئەم چەمکە، نوسەرێک هەڵدەبژێرین کە بۆ ئاراستەکردنی ئەم کێشەیە (بە وتەی خۆی: نهیلیزم) و ورووژاندنی حەساسیەتی فەلسەفیی لە بەرامبەر کێشە شاراوەکانی نێو ئەم بانگەشەیەدا، بەرپرسایەتیەکی زۆری لەئەستۆ بووە. ئەمەش شتێکی پەیوەست بە سوونەتێکی (کۆتایی پێهاتوو)ەو شتێکی نوێ دەستی پێکردووە. ئەم نوسەرە (نیچە)یە. ئەم کێشانە برینین لە: بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت کە لەراستیدا (کەلەبەرێک)ی تەواو کەوتۆتە نێو سوننەتەوە، بە تایبەتی ئەگەر بەشێک لەو بانگەشەیە ئەمە بێت کە ئەم کەلەبەرە دەبوایە روویدابوایە، دەبێت چ شتێک نیشانبدەین؟ دەرەنجامەکان کامانەن، بە تایبەتی بە سەرنجدان بە ئەگەری بوونی روونکردنەوە (پاش مودێرنەکەی؟ )، وەڵامەکانی نیچە بەم پرسیارانە لەوە ئاڵۆزترن کە تێیگەیشتوین و کاتێک بە درووستی بەدوای ئەم پرسیارانەدا بڕۆین لایەنی بەهێزو لاوازیی وەڵامی بیرمەندانی دوای نیچە وەکو (هایدگەر، دۆلۆز، فۆکۆ و دریدا) ئاشکرا دەبێت.

(1)

کاتێک بە کەسێک دەوترێت، کە شێوەکارێک، ئاهەنگسازێک، شاعیرێک یان فەیلەسوفێک مودێرنیستە، بە دڵنیایی شتێک لەم نیوە حاڵی دەبێت، بەڵام زۆر دژوارە بڵێین درووست چ شتێکە کە بە کەسێک ئیزن دەدات نە تەنیا کەسانێک وەکو (ریچارد واگنێر، ئیگۆر ستراونسکی، پۆل سێزان، مارسێل پرۆست، فیرجینیا ڤۆلف، جمیز جۆیس و فریدریش نیچە) بخاتە ناو گرووپێکەوە، بەڵکو (بیلە بارتۆک، جان کیج، رێنێ مەگریت فرانتز کافکا، سامۆیل بێکت، لودڤیگ ویتگنشتاین)یش لە ریزێک دابنێت. رێگەیەکی سادە بۆ لێکۆڵینەوە لە بەشێک لەو شتانەی کە دەتوانێت لە وەها پۆلینبەندیەکی هەمەگردا وەبەرچاو بگیرێت سەرنجدانێکی وردە بە نوسەرێک کە لەم گرووپە مودێرنیستەدا بە ڕاشکاوی لەسەر ئەم پێناسەکردنە دواوە و تەنانەت روونکردنەوەشی بووە.

کاتێک وەها لێکۆڵینەوەیەک دەتوانێت جێی سەرنج بێت کە نوسەری ناوبراو نە تەنیا بۆ روونکردنەوەی ئەم چەمکە وەکو بابەتێک لە روانگەی مێژوویی یان رەخنەیەکی بەسوود هەوڵبدات، بەڵکو بەگشتی ئەم روانگەیە وا روونبکاتەوە، کە بەشێک لە فەڕزە گرنگە فەلسەفییەکانی شاراوە لە زاتی ئەم چەمکەدا راستە، بەمجورە دژی مۆدێرنیست بوون هەر تەنیا نیشانەی بیری کۆن نییە، بەڵکو نیشانەی کرچ و کاڵی و سەرلێشێواوی یان پێشگرتنە بە ئەندێشە.

بەڵام ئەم فەرزانە کامانەن و چۆن بەرگرییان لێدەکرێت؟ لە درێژەی ئەم باسەدا بۆچوونی من ئەوەیە کە نیچە سەرەڕای گشت دژاوری و بە لاڕێدا چوونی ئەندێشەکەی (مۆدێرنیست)ێکی بە سوودە و نموونەیەکە بۆ پرسیارکردن لەم چەشنەکێشانە، چونکە یەکێک لە گرنگترین بانگەشەکانی نیچە ئاڕادەیەکی زۆر هەمیشە پاژی جیا نەبوو لە روانگە مۆدێرنیسنەکانە (ئەگەر چی زۆر جاران پێش فەرزێکی خامۆش و باوەڕ بەخۆیە) و ئەویش ئەم بانگەشەیەیە کە چاخی حازر نیشاندەری کەلەبەرێکی تەواو و چارەسەر نەبووە لەرابوردوو، نەک ئەوەی قۆناغێکیتر بێت لە گەشەی پەیوەست بە (چاخی حازر) کە لە بنەڕەتدا پەیوەندییەکی دەروونی لەگەڵ هەبوو. زۆر جاران وێدەچێ کە ئەم کەلەبەرە وەها کامڵە کە هیچ کام لە فەرزە بایەخدارەکانی کەلتوورەکانی پێشوو ئیتر بە شێوەی گونجاو یان تەنانەت بە شێوەی پڕاکتیکی جێی متمانە نین.

بۆ وێنە ئەو وێنایانەی لەرواڵەتدا سادەن و بوونەتە هۆی درووستبوونی کتێب و دەق یان دانانی ناوی ئەدەبیات لەسەر شتێک کە (باشترین بایەخەکانی خۆیان سوککردووە). چاخی حازر تەنیا پشت ئەستورە بە هیچ، ئەگەر چی وا دادەنرێت کە گێڕانەوەی نیچە لەم گریمانەیەش زۆربەی پێش فەرزەکان و پێویستە گریمانەییەکانی بە ڕاشکاوی پێناسە دەکات و دەیانخاتە بەرچاوی ئێمە. شیاوی باسە کە لە گێڕانەوەی نیچە لە شوێنی سەرهەڵدانی وەها کێشەیەکی مۆدێرندا (کە ئەو پێی دەڵێت نهیلیزم). بانگەشەکان دەبێت لە دیدی گریمانەییەوە وەها بەهێز بن هەتا بتوانن نیشانبدەن کە ئەمە لەدەستچوونی باوەڕی تەنیا رووداوێکی مێژوویی نییە، بەڵکو رووداوێکە کە دەتوانرێ بەلێکەوتەی سروشتی خودی ئەو بایەخانە دابنرێت.

بەمجۆرە تەئویلی دامەزراوە و عادەت و نوسەرە جۆراوجۆرەکان بەم مەبەستە ئاڕاستە دەکات هەتا لە روانگەی فەلسەفیەوە تیشک بخاتە سەر ئەو شتەی کە (ئێستا دەبێت لەگەڵی رووبەروو بینەوە) و بەرگری لێبکات.

ئـەو لە وەهـا تەئویلێکدا زۆرجـار بە راشـکاوی لەهەمان گریمانەی تەئویلی بەرگری دەکات کە بابەتی سەرەکی لێکدانەوەی خۆی و (فەلسەفەی مێژوو)ە کە لە بەکارهێنانی (گریمانەی تەئویلی) سەرچاوە دەگرێت بە بۆچوونی من وەها تەئویلێکی مێژوویی نە تەنیا دەتوانێت بۆ تێگەیین لە فەلسەفەی نیچە گرنگی هەبێت (کێشەیەک کە دەبێنە ناوەندی سەرنجی بابەتەکانی دواتری ئێمە)، بەڵکو لانیکەم بۆ تێگەیشتن لە بەشێک لە کێشە بنەڕەتییەکانی حازر لە بانگەشەی ئێمەد، کاریگەرییەکی ناڕاستەوخۆی هەیە، یانی ئەم بانگەشەیە کە قۆناغێکی (مۆدێرنیستی) لە مێژوودا هەیە و ئەویش نیشاندەری کەلەبەرێکی مێژووییە و تەنیا لەرووی نەزانین یان بیر تەسکییەوە حاشا هەڵگرە.

دووهەم ئەوەی کە بە پێچەوانەی چاولێکەرانی هاوچەرخی نیچە بایەخێکی مەزنی تری فەلسەفەی (نیچە) ئەوەیە کە ئەو حازر نییە بە گریمانەی نەرێی ناوبراو رازی بێت، هەروەها هەوڵدەدات بزانێت کە پشت نەبەستن بە بایەخەکانی پاش مۆدێرنیستی بە چ مانایەکە و چ ئاکامێکی هەیە.

نیچە لە روانگەیەکی مەزنەوە سەرنجدان و جەختی بیری مۆدێرن لەسەر (شۆڕەکات)ی (ژیانی بێبەرهەم.. Wasteland) چاخی هاوچەرخی ئێمە بە سوک دادەنێت و سوکایەتی بە (لاوازی) و باوەڕ بەخۆنەبوون و هەوڵێک دەکات کە بەپێی داخوازیی ئەو هەمیشە لە شانۆو هونەری مۆدێرندا دەرکەوتووە، بەڵام ئەمەش بە مەرجی بەرامبەر کێی ئەوە لەگەڵ بانگەشەیەکی فەلسەفی، بەم واتایە نیچە دەیەوێت گفتوگۆ بکات و نیشانی بدات کە کاتێک بۆچوونی مۆدێرنیستی ناوبراو قبوڵکرا ئەگەری چ قەوارەیەک لە روونکردنەوە هەیە. ئەو هەمیشە بە یارمەتی چەمکێکی سەرەکی لە یەکەم بەرهەمەکانیدا، ئەم روانگەیە بە جیاواز دادەنێت، چەمکێک کەلانی کەم لە رواڵەتدا بە شێوەیەکی

سەمەرە سانایە: ئەم ڕوونکردنەوە مۆدێرنیستیە (ڕوونکردنەوەیەکی جوانی ناسانەیە، بەڵام دەبێت بزانین کە مەبەست لەو ڕوونکردنەوەیە چیە؟

بەکورتی، ئەگەر کەسێک لە هەر بوارێکدا بیەوێت ببێتە مۆدێرنیستێک، پێویستە بتوانێت لە تەئویلی مێژوو بەرگری بکات بەو مانایە کە خودی ئەم نوێخوازیەی (مۆدێرنیست) و دەرەنجامی دەستوریی وەها داخوازیەک، وای دەوێت و نیچە هەوڵدەدات کە هەر دووکارەکە ئەنجام بدات. من دەمەوێت لە سەرانسەری ئەم هەوڵەدا ڕەچاوی بکەم، بەڵام بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە چەند دەقێک پێویستە کە لە سەرانسەری ژیانی ئەودا بڵاو بوونەتەوە. بە بۆچوونی من ئەم بنیاتنانەوە سەرانسەریەی بەرهەمەکانی ئەو پێویستە، چونکە بە پێچەوانەی بۆچوونی کەسانێک کە ژیانی ئەدەبی و فەلسەفی نیچەیان بە قۆناغی جیاواز دابەشکردووە.

لەراستیدا بەرهەمە جۆراوجۆرەکانی ئەو لەگەڵ یەکتر پەیوەندییەکی دەروونی و ڕێکوپێکیان هەیە ئەم گەلاڵە و بەرنامە سیستماتێکە بە سەرنجدان بە نموونەی تەئویلی نیچەیی دەبیندرێت، یانی لێکدانەوەی ئەو سەبارەت بەوەی کە لە ڕوانگەی یۆنانیدا بواری بە تراژیدیادا یان تەنانەت ئەو شتەی کە مافی بە تراژیدیادا هەتا ببێتە باڵاترین (دەستکەوت)ی یۆنانییەکان و ئەو شتەی کە بەرپرسی مەرگی بوو (بەشی دووەم لەم وتارەی بەردەستدا).

هەروەها هەرکەس دەتوانێت لە بەشێکی جێی سەرنج لە باقی بەرهەمەکانی نیچەدا وەها تەئویلێک بە گریمانەیەکی مەزنخواز گشتگیر بکات، یانی هەلومەرجی هەر مانایەکی مێژوویی و لە ڕوانگەی فەرهەنگییەوە (هەلومەرجی) ژێدەربوونی هەر بەرهەمێکی پسپۆڕی و پیشەکاری ئینسانی (پرسپکتیویزمی ناوداری نیچە) «بەشی 3ی ئەم وتارە». بەمجۆرە ئەو کات دەتوانین بچینە سەر کەڵکوەرگرتنی نیچە لە وەها بەرنامە و گەلاڵەیەکی کە لە لێکدانەوەی ئەو لەسەر چاخی مۆدێرندا هەیە ئەم کەڵکوەرگرتنە

به باشترین شێوه له ڕەچەڵەکناسی نیچه له قۆناغێکی ئەخلاقی مێژوودا ڕەنگیداوەتەوە (بەشی چواری ئەم وتـارە). لەم شوێنەیە کە هەرکەس دەتوانێت خوازیاری بەرگریەک بێت لەو بانگەشە دیارو سەرەکیەی تەئویلی نیچه کە باسی سەرکەوتن و دواتر شکستی کۆتاو پێویستی (ڕوانگە)ی مەسیحی و ئەخلاقی مۆدێرن دەکات (ئەوەی کە مەسیحی بوون دەبێت بە تۆڵە یان ڕقخوازی کلتووری کۆیلەکان دابنرێت.

بەهۆی ئەم بانگەشەیەیە کە دەتوانرێت لە بەشێکی هەمەگری ئەو شتەحاڵی بین کە نیچە دەیەوێت بە یەکەم شێواز دەری ببڕێت ئەویش سەبارەت بە پێویستبوونی نواندنی پاش نهیلیزمانەی ڕوونکردنەوەی جوانی ناسانەیە (بەشی پێنجی ئەم وتارە). دیارەکە نیچە لێرەدا هەر بەو ڕادەیەی کەپێشتر دانرا سیستماتێک نییە، بەڵام پێموانیە کە بە مانای غەدرکردن لە نیچە بێت، ئەگەر بڵێین کە بەشێک لە بانگەشەکانی ئەو پشت ئەستورن بە بانگەشەکانی تری خۆی و بەمجۆرە پرسیاری جێی سەرنج ئەمەیە، کە ئایا وەها پەیوەندییەک بۆ ئەوە دەبێت بەرگری لێبکرێت؟ بە تایبەتی لەو سەرەوە کە خواستی من ئەوە بێت کە بیرکردنەوە لەم پەیوەندییانە دەتوانێت بەشێکی جێی سەرنج لە خاڵی بەهێز ولاوازی مۆدێرنیزمی نیچە و بەشێوەی گشتی تر خاڵی بەهێزو لاوازی خودی مۆدێرنیزم ئاشکرا بکات.

(2)

لەبەر ئەوەی کە (لەدایکبوونی تراژیدیا) یەکەم بەرهەمی (1872)ی گرنگی نیچە بوو، ئەم بەرهەمە بە ئاشکرایی قەرزاداری (شوبنهاور) و (واگنێر)ە، ئەو کاریگەرییانەی کە نیچە ماوەیەک دوای بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکەی رەتی کردنەوە، دەسپێکی بەرنامەی مەبەستی ئێمە لەگەڵ ئەم بەرهەمە سەرەتاییەی نیچە لە رواڵەتدا لەگەڵ شێوازی باوی خوێندنەوە هەنووکەییەکان کە لەسەر نیچەن ناسازێت، بەڵام لەساڵی 1886دا چاپی تازەی (لەدایکبوونی تراژیدیا) بڵاوبۆوە. نوسەر سەردێڕی نێو یەکێک لەو دولاپەڕەی پێڕستی کتێبەکەی بەناوی (لەناخی رۆحی مۆسیقاوە) سەبارەت بە هێلنیزم و رەشبینی گۆڕی و بەشێکی تری بەناوی (هەوڵێک بۆ رەخنەگرتن لەخود) زیاد کرد.

نیچە لەم چاپکراوە تازەیەدا هەرچەند وریاییەکی زۆری سەبارەت بە بەرهەمی سەردەمی گەنجی بەکارهێناوە، بەڵام ئاماژەی بە سەرکەوتوویی سەرەکی ئەم کتێبە لە هەنووکەدا کردووە، یانی ئەم خاڵە کە کتێبەکە پێیوایە روونکردنەوەی جوانی ناسانەیی جیهانی لەهەر چەشنە روونکردنەوەی میتافیزیکی یان ئەخلاقی لەپێشترە سەرەڕای ئەمە نیچە لە ساڵی 1866دا بۆ شوناسی بە تایبەت مێژوویی کێشەی تراژیدیای یۆنانی گرنگیەکی زیاتر قایل ببوو.

ئەو بە راشکاوی پێی وابوو کە دەبوایە لە ئەزموونی یۆنانی نزیکتربوایە هەتا لە تراژیدیا، نەک ئەوەی هەوڵبدات بە شێوەیەکی لایەنگرانە مانای

تراژیدیا بە تەوژمی رۆمانتیکی غەیرە یۆنانی و بە مۆسیقای ئەڵمانیەوەی بلکێنێت. ئەم دوو گۆڕانە نیشاندەری هەمان رەگـەزە پێکهێنەرەکانی رێوشوێنی تەئویلی نیچەن کە پێشتر داکۆکی لەسەرکرا. رەنگە تراژیدیا بۆ ئێمە نەکرێت، بەڵام لە چاخی ئێمەدا رەنگە فۆرمێک لە داکۆکی و روونکردنەوە بکرێت کە لانیکەم لە رواڵەتدا چاخی یۆنانییەکانی پێش مەسیحی و پێش فەلسەفیە. هەر ئەم نوسراوە گرنگەی نیچە بەڵگەی ئەم حوکمەیە:

یەکەم؛ ئەو شتەی کە لە تەئویلی مێژوویەکی ئاڕاستەکراو (لەدایکبوونی تراژیدیا)دا، دەتوانین بڵێین (رەوشتناسی) بە ئاشکرایی رێنوێنی خودی (نیچە) سەبارەت بە (قازانج)ی مێژوو رەچاو دەکات، یانی گریمانەیەک کە نیچە لەو نوسراوەیەی کە دواتر نووسی، ئاڕاستەی کرد (سەبارەت بە سوود و ژیانی مێژوو بۆ ژیان).

ئەو لەم نوسراوەیەی دواتری خۆیدا لەسەر ئەمە داکۆکی کرد کە هەر مێژوویەکی لەنێو دیاردەکانی مێژوودا (دنیایەک لە قووڵایی و ماناو هێزو جوانی) نیشانبدات، بۆخۆی پێویستی هەیە بە توانایەکی هونەریی مەزن (Kunstlerische potenz eine grosse) و تەنانەت خودی مێژوو دەبێت ببێتە بەرهەمێکی هونەری. ئێمە لە (لەدایکبوونی تراژیدیا)دا دەتوانین بە ئاکام گەیشتنی توانایی خەیاڵی (هونەری) خودی نیچە بۆ بنیاتنانەوەی هەلومەرجی مێژوویی کە بووە هۆی پێکهێنانی تراژیدیای یۆنانی، هەروەها ببینین کە ئەو چۆن لە بەراورد لەگەڵ روونکردنەوەی میتافیزیکییانەی ئەخلاقی سوقراتی، ئەم هەوڵە بە بەرگرییەک لە (روونکردنەوەی جوانی ناسانە)ی جیهان دادەنێت. لە (لەدایکبوونی تراژیدیا) دا سێ داخوازی گرنگ هەیە کە دوانیان بنەڕەتی ئەم تەئویلەن و برێتین لە:

1. تراژیدیا و هێزی روونکەرەوەی (تراژیدیا) کە لە بەراوردی نێوان ئەو شتەی کە نیچە پێی دەڵێت بزوێنەری (دیونیزی) و (ئاپۆلۆنی)، سەرچاوە دەگرێت.

2. زاڵبوونی روانگەی سوقراتی بەسەر شانۆنامەکانی (ئۆرپیدۆتمس) ئەم روانگە تراژیکەی لەناوبرد.

3. چاخی هەنووکە هەلێکی رەخساندووە هەتا ئەم روانگە تراژیکە لە مۆسیقای (واگنێر)دا هەر لە سەرەتاوە لەدایک ببێتەوە.

بەو جۆرەی کە دیتومانە، نیچە تێگەیشت کە داخـوازی سێهەم نامێژوویی و زۆر بێجێیە و بەم پێیە رەتیکردەوە، ئەو شتەی لەگەڵ مەبەستی ئێمەدا دەگونجێت مانای روونکردنەوەی جوانی ناسانەیە کە تراژیدیا ئاراستەی دەکات و نیچە لە بەرامبەر هێرشێکدا بەرگری لەو روانگەیە دەکات کە پێی دەڵێت هێرشی سوقراتی.

هەڵبەت پێش هەموو شتێک دەبێت بڵێین کە (لەدایکبوونی تراژیدیا) لەپێشدا هەوڵدانێکی دەرەوشاوەیە لە زماناسی مێژووییدا و بەشێک لە فەرزە فەلسەفییەکانی کە گرنگایەتیەکی ئەوتۆیان نییە، تا رادەیەکی زۆر لە شوبنهاور و واگنێر-ەوە وەرگیراون، لەراستیدا لەمێژ بوو نیچە بەوەی زانی کە چ رەگەزگەلێک لەم نوسراوەیە دەیتوانی لەژێر باڵی ئەرکی فەلسەفەیەکی گەورەتر بسەلمێندرێت و بەم هۆیە لەدەیەی -1880داپەسندی کردبوو , ئەم ئەرکەی ناسین و چارەسەرکردنی نەخۆشیی مۆدێرن، نهیلیزم بوو. لەراستیدا ئەم کارە ناوەندی سەرەکی گریمانەی نیچەیە سەبارەت بە روانگەی تراژیدیایەک (گریمانەیەک کە لە روانگەی فەلسەفیەوە نیشاندەری پچڕانە لە شوبنهاور) کە لە زۆربەی بەرهەمەکانی دواتری نیچەدا پارێزراوە و ئەمە شتێکە کە پێویستە هەڵیسەنگێنین.

ئەم گریمانەیە هەڵگری ئەم داخوازیەیە کە لەناوچوونی قارەمانی تراژیدێک نیشاندەری جۆرێک پێویسنکردن و(قبوڵکردن)ی بوون (existence) روانگەیەکی (رەشبینانە)یە کە بەهیچ چەشنێک بە مانای گۆشەگیریی شوبنهاوەری نییە، بەڵکو قبووڵکردنی (بەهێز)ی کردەوەیە لە رووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ وەها زانستێک لە چییەتی (چارەسەر نەبوو)ی بوون(14)،

لانیکەم ئەمە هەمان خاڵە کە دواتر نیچە بە سەرچاوەی گرنگی (لەدایکبوونی تراژیدیا)ی دانا لە خودی ئەم بەرهەمەدا بەگشتی ڕێژەی نێوان نەرێ و ئەرێ بە شێوەیەکی خوازەیی باسی لێدەکرێت (یان تەنانەت بەشێوەی هونەری)، بەپێی بـەراوردی سەرمەستی و ڕاستەوخۆی دیونیزی لەگەڵ خولیاکان و سیستماتێک بوونی ئایۆلۆنی، بەڵام هۆگریی سەرەکی ئێمەو (هۆگریی دواتری خودی نیچە) شوناسی هێزی (ڕوونکەرەوە)ی هونەر لە سەردەمای مێژوویی لەم نوسراوەدا بە ئاشکرایی حازرە.

یۆنانی ترس و سامناکیی بوونی دەناسی و هەستی پێدەکرد. ئەو بۆ ئەوەی بتوانێت بژی، دەبێت خەونی دەرەوشاوەی لەدایکبوونی خوداکانی ئولۆمپی لەنێوان خۆی و ژیان دابنێت. بەڵام ئەو (خەونە) ئاپۆلۆنیەی هونەر، یانی ئەوەی کە نیچە پێی دەڵێت (ڕزگاریی لەرێگەی گومانەوە) بەم داخوازیە گوماناویە کە بوون تراژیک نییە نابێتە ڕزگاری دەر، واتا بە هەوڵدان بۆ ڕەتکردنەوەی ئەم حەقیقەتە کە قارەمان درووست بەهۆی هەمان پێناسە و کردەوە کە دەیکاتە قارەمان، دەبێت ئازار بچێژێت. پێش سوقرات و شانۆنامەکانی ئورپیدۆس، تراژیدیا نیشانیدا کە بۆ باش ژیان دەبێت ماندوو بێت، تەنانەت لە ڕووبەڕووبونەوە لەگەڵ شکستی تراژیدیک و هەمیشەیی نێوان ئاڕمانی مەزن. نیچە لە کۆتایی کێشەکەیدا بۆ جارێکی تر لە هێزی تراژیدیا بۆ داکۆکی و ڕوونکردنەوەی جوانی ناسانەی (ژیان) بەرگری دەکات، ئەویش هەرچەندە (بوون)ی بێ مەبەستی دیونیزی لەگەڵە.

مرۆڤێک بێنە بەرچاو کە گوێچکەی لەسەر دڵی جیهان داناوە و لە ناکاو هەست دەکات کە هەستی بڕخرۆشی جیهان کە وەکو ڕێژنە بارانێکی پڕگرمە یان چەمێکی ئارام لە گشت ڕەگەکانی جیهاندا لە گەریاندایە لەکیس دەچێت. مەگەر دەکرێت وەها کەسێک لە کوتووپڕ تێک نەشکێت.

ئەمە شانۆ یان خەیاڵا یان چیرۆکی قارەمانی تراژیکە (خەیاڵکردن تەنیا ئەو شتەیە کە وەها قارەمانێک هەیە) کە یارمەتیمان دەدات بەمجۆرە

ئێک نەشکێن، بەڵکو تەنیا بەهۆی کردەی قارەمان تێکبشکێن و نەک بەپێی باوەڕی ئەو یان نوسەر، ئەویش بە مەبەستێکی شاراوە لە روانگەیەکی ئەخلاقی یان میتافیزیکی.

بەم چەشنە فرمێسکی (لایەنی) ئاپۆلۆنی ئێمە لەسەر لەبەری (دیونیزی) دەردەکێشی و ئیزنمان پێدەدات هەتا لە تاکبووندا چێژ بدۆزینەوە. لایەنی ئاپۆلۆنی دڵسۆزی ئێمە بەرەو جەماوەر رادەکێشێت و بەهۆی ئەوانەوە هەستی جوانی ئێمە کە ئاواتی گەورە و مەزنی هەیە، ئەرخەیان دەکات. لایەنی ئاپۆلۆنی وێنەکانی ژیان نیشاندەدا و ئێمە دەورووژێنێت هەتا بە یارمەتی ئەندێشە لە ناوەندی ژیانی نێو ئەو وێنانە تێبگەین (داکۆکی لەلایەن منەوەیە).

هەڵبەت گریمانەی نیچە زۆر زیاتر لەم بانگەشە سەرەکیە داخوازی دەکات. ئەگەر کەسێک بیەوێت لە روانگەی نیچە سەبارەت بە مانای تراژیدیا بەرگری بکات، یانی لەم داخوازیەی ئەو کە هێزی تراژیدیا یان باوەڕمەندیە مێژووییەکەی بۆ یۆنانییەکان لە توانای (تراژیدیا) بۆ مسۆگەرکردنی وەها (ئاسایش)ێک سەرچاوە دەگرێت، دەبێت زۆر زیاتر لەوە بدوێت، بەڵام بەپێی مەبەستەکانی ئێمە، هەر ئەم وتەیەی سەرەوە بۆ شیکردنەوەی ئەوەی کە نیچە چۆن دەتوانێت (روونکردنەوەی جوانی ناسانە)ی بوون لە تراژیدیامان پێ حاڵی بکات، تەواو و کاملە. تائێرە، روونکردنەوەی جوانی ناسانە، بەگشتی دەبێت لە دژایەتی لەگەڵ رونکردنەوەی میتافیزیکی و ئەخلاقی یان فەلسەفی دابنرێت.

لە تراژیدیادا بوون هەر لەخۆیدا روونکراوەتەوە (بۆ ئەوە دەبوو کە ژیان بکات) بەبێ ئەوەی یارمەتی لە بنەمای ئاسمانی وەربگرێت. رەنگدانەوەی ئەم راستیە کە قارەمانە تراژیدییەکان هەن رەزامەندییەکی تەواو و کامڵ بوو و هێزی رەخنەکردنی ئەم رەنگدانەوەیەش ئەرخەیانبەخش بوو، وەها گریمانەیەک تەنانەت لەرێی دژایەتی نێوان روانگەی تراژیک و

ڕوانگەی سوقراتیدا ئاشکراتر دەبێت.

داخوازیی نیچە سەبارەت بە مەرگی تراژیدیا لە خشتەی دوازدەی (لەدایکبوونی تراژیدیا)دا بەڕوونی نیشان دراوە:

جیاکردنەوەی ئەم توخمە دیونیزیە سەرەکی و بەهێزە لە تراژیدیا و بنیاتنانەوەی تراژیدیا بەپێی ئایدیۆلۆژیا و هونەرو ئەخلاقی نادیونیزی هەمان پەیڕەوکردنی ئورییپیدۆسە کە هەنووکە بە ئاشکرایی دەردەکەوێت (ئەمە داکۆکی کردنی منە).

ڕوانگەی تراژیک لەلای سوقرات و ئورییپیدۆس کە چاوی لە سوقرات بوو، ناتەواوە و تراژیدیا ناتوانێت ڕوانگەی خۆی دەرببڕێت وبەرگری لەخۆی بکات، بەڵکو تەنیا دەتوانێت نیشاندەر بێت و بەپێی جۆری حازربوونی خۆی بینەر ڕازی بکات. سوقرات بە پێداگری خۆی لەسەر ڕوونکردنەوەی عەقڵی، ڕوانگەی تراژیکی ناچارکرد هەتا (بە بازدانێکی مەرگاوی خۆی بخاتە ئامێزی شانۆی بورژوازیی)ەوە.

سەرنجبدەنە ئاکامی ئامۆژگاریە سوقراتییەکان: (مەزنی، زانایی)، مرۆڤ تەنیا لەرووی نەزانیەوە تووشی تاوان دێت، مرۆڤی زانا بەختەوەرە) مەرگی تراژیدیا لەم سێ فۆرمە سەرەکیەی گەشبینیدا شاراوەیە، چونکە قارەمانی زانا دەبێت لە دیالیکتیکدا بەتوانا بێت.

بە واتایەکی سادەتر، پرسیار لەوەی کە ئایا شانۆی تراژیک دەبێت ئێمە ئاسوودە بکات بۆ خۆی لەناوبەری بواری ئەزموونی تراژیکە و بە واتا سوقراتیەکەی، سەرچاوەبوونی فەرهەنگی ئەم ئەزموونە بە فەلسەفە دەسپێردرێت.

لە (لەدایکبوونی تراژیدیا)دا نیچە ئەمە دیاری ناکات کە گۆڕانی فۆرمی سوقراتی ڕوونکردنەوەی جوانی ناسانە و دانانی ڕونکردنەوەیەکی ئەخلاقی پشتئەستور بە عەقڵ لە جێگەکەیدا، چ کەموکوڕییەکی هەیە؟ هەرچەندە لە هەموو شوێنێکدا شێوەی دەربڕینی نیچە نیشاندەری وەها

کەموکوڕییەکە. (نیچە) بە تایبەتی لە بەشی (15)دا ئاماژە بەگەشبینی خۆی سەبارەت بە رەخنە لە سوقرات دەکات، نیچە بە ئاشکرایی لەم گومانەدایە کە زەینیەتێک لە روونکردنەوە کەهێزی رونکردنەوەی جوانی ناسانەیە ناتوانێت بەڵێنەکانی بە ئاکام بگەیەنێت و شکست دەخوات و دەرەنجامی دیاری ئەم شکستەش دەرکەوتنی گاڵتەکردن یان رەشبینی سەردەمای نوێیە.

سوقرات ئەم ناسێنەر و دامەزرێنەرەی زانست، میراتێکی بەجێهێشت کە بە شێوەیەکی خۆڕانەگر بەرەو سنورەکانی خۆی رادەکات، بەرەو شوێنێک کە لەوێدا گەشبینی ئەم میراتەی شاراوە لە زاتی مەنتیقدا تێکشکا.

ئێستا بەپێی نموونەی ئەو کورتە باسەی کە لەسەر هەڵوێستی نیچەیە دەبینین کە پەیوەندی و رێککەوتنی داخوازییەکانی (نیچە) لەگەڵ پرسیارەکانی پێشووتری ئێمە چۆنە. دیارە ئەو شتەی کە نیچە لە روانگەی تراژیکدا رێزی لێدەگرێت، (هێز)ەکەیەتی و خۆئامادەکردنێکە بۆ باش ژیان کە هیچ پێویستیەکی بە ئاسوودەیی میتافیزیکی یان ئەخلاقی نییە.

لەراستیدا رێگایەک بۆ دیتنی گرنگی میراتی مۆدێرنیستی ئەم چەمکە سەرنجدانە بەوەی کە (هایدگێر) چۆن دواتر ئەم لایەنەی روونکردنەوەی جوانی ناسانە داگیردەکات و لە فەلسەفەی خۆیدا بەنێوی چەمکی ئیرادە (resolution) مانای دەکاتەوە. نیچە سەبارەت بەو شتەی کە بەپێی وەها رێنوێنیەکی میتافیزیکی یان ئەخلاقی باش , ژیانە , بەراشکاوی هیچ شتێک نادرکێنێت، بەڵام بەروونی دەڵێت کە تەنیا بەشێک لە بایەخەکان لەگەڵ ئەم جۆرە (هێز)ە دەسازێن و لەپشت چاکە و خراپەوە ئاماژە بە بەشێک لەم ئاوەڵناوانە دەکات، وەکو بوێری، پاکی، لەخۆبایی، باوەڕ بەخود و دەست ئاواڵایی و بە پێچەوانەی ئەوەش پێدەچێت کە وەڕسووڕانی سوقراتیی هەر لە سەرەتاوە نیشانەی بێباوەڕی و لاوازیی بەربڵاوە و نیشاندەری نیازێکە کە چارەسەر نابێت.

هەر چۆنێک بێت ئێستا بۆمان هەیە هەست بە گرنگی پەیوەندیەک

بکەین کە پێمانوابوو لە فەلسەفەی نیچەدا هەمیشە بەشدارە و ئەویش پێوەندیی نێوان مێژوو وبواری روونکردنەوەیە. هەرچەندە نیچە هێرشێکی گرنگ دەکاتە سەر عادەتی سوقراتی، بەڵام شتێکی کە هەمیشە بە تەواوی فەرامۆش دەکرێت ئەمەیە کە نیچە روانگەی سوقراتی بە پێویستیەکی مێژوویی دادەنا و پێی وانەبوو کە سوقرات بەشێوەی راستەوخۆ هەڵە دەکات یان بە تەواوی هەوڵێکە لەلایەن خودی خۆیەوە و ئیرادەی جێی سەرنجی دەسەڵاتی خۆی بۆ ئەوەی دژەکانی ناچار بە شەڕ بکات، ئەویش بە چەکێک کە ئەو دەیزانی چۆن بەهۆی ئەو چەکەوە سەرکەوتوو بێت.

بۆ نموونە، هەر بەو جۆرەی کە لە شوێنێکی تردا دیارە، نیچە بەشی یازدەهەم بەم داخوازیە کە سوقرات و ئورپیدۆس تراژیدیایان کوشت، دەست پێناکات، بەڵکو خوازیاری ئەوەیە کە:

تراژیدیای یۆنانی ئاکامێکی جیاوازی لەگەڵ ئاکامی خوشکە گەورەکانی بوو؛ تراژیدیا لە ئەنجامی دوژمنایەتیەکی چارەسەر نەبوودا خۆکوژی کرد، بە شێوەیەکی تراژیدیک مرد. دواتر ئەو دانی بەوە دانا کە سوقرات نابێ تەنیا بە بۆنەی تێگەیشتنی زانستییانەی بوون سەرکوت بکرێت.

لەنێوان ئایدیۆلۆژیای گریمانەیی و ئایدیۆلۆژیای تراژیکدا ناکۆکیەکی تاهەتایی هەیە و تاکات شوێنپێی رۆحی زانست تا دوا سنورەکانی هەڵنەگیرێت و داخوازیەکەی بەپێی گشتی و هەمەگربوون بەدەستی بەڵگەکانی بەرهەمی ئەم سنورانە لەناو نەچووبێت، هیوایەک بۆ لەدایک بوونەوەی تراژیدیا نییە.

بەو جۆرەی کە دیتمان نیچە بۆچوونی خۆی سەبارەت بەو شتەی کە هەلومەرجی مێژوویی حازر دەیەوێت، گۆڕی، بەڵام راڤەی لەم جۆرە لانیکەم روونی دەکاتەوە کە نیچە بەگشتی ئەم جۆرە هەلومەرجە مێژووییە بە توخمەی زاتی ئەگەری بوونی هەرچەشنە رونکردنەوەیەک دادەنێت.

ئێستا دەبێت باشتر روون بووبێتەوە کە مەبەستی نیچە لە روونکردنەوەی جوانی ناسانە چییە. نیچە لانیکەم ئەمە نیشاندەدات کە

چۆن دەتوانین ئەو شتە هەڵسەنگێنین کەپێی دەڵێین سەرچاوەی مێژوویی بەرهەمێکی کلتوری وەکو شانۆ یان دیـن، ئەمە پێش هەموو شتێک نیشاندەری ئەوەیە کە هێزی ئەخلاقی و بەناوەندبوون یان گرنگی گشتی پەیوەست بەم جۆرە بەرهەمانە، پێویستی هەیە بەو لێکدانەوەیەی کە لە تێگەیشتنی وەها بەرهەمێکدا سنوری خۆی دەبەزێنێت یان لانیکەم خۆی ناخاتە چوارچێوەیەک.

بە وتەیەکی تر ئەمە لایەنی (هێگلی ئەندێشەی نیچەیە) خواستی خودی نیچە یانی مانای تراژیدیای یۆنانی هەڵگری (رەشبینی هێز)ە نموونەیەک لەو جۆرە گۆڕانەی (خوازە)یە کەپێی دەگوترێت تراژیدیا. عادەتی سوقراتی لەپێشدا نابێت بە (دۆزینەوە)ی عەینی فەلسەفە دابنرێت بەڵکو دەبێت بە (خۆکوژی) (چاخی تراژیک)ی یۆنانیان بزانرێت و خواستی بەهێزتر و دواتری نیچە یانی فەلسەفەی سوننەتی و مەسیحی (تۆڵە سەندنەوەیەکە) لە ژیان، ئەمە داخوازی نیچەیە و لەم جۆرەی (گۆڕانخوازە)یە.

ئەم چەشنە داخوازیانە کە لەم دەرکەوتنانە دەدوێن نیشاندەری دەرکەوتەکانی جوانی ناسانەن، بێگومان ئەمە بەم مانایەیە کە ئەم دەرکەوتانە پێویستیان بەم چەشنە تەئویلانە هەیە و وەها تەئویلێک لە دیدی مێژووییەوە دەبێت زانستی بێت و دەبێ بەشێوەی رەخنەگرانە هەلومەرجی مێژوویی گەیشتنی ئەم دەرکەوتانە بە سەرچاوەی مێژوویی دیاری بکات، بەڵام وەها داخوازییەک هەڵگری ئەم فەرزەی پێشووە کە تێگەیشتن لە هەر سەرچاوەیەکی لەم جۆرە، دەبێت بە پاڵپشتی نموونە یان مۆدێلی جوانیناسانە بێت، (ئەم لایەنەی ئەندێشەی نیچە دژی هێگڵە) یانی داخوازیی نیچە ئەوەیە کە هەموو هانابردنەکانی تر بۆ وێنە و بۆ سەرچاوەی گشتی (عەقڵ) یان هۆیەکانی دەروونناسی و کۆمەڵناسی و ئابوری کە لە ئاستی پێوەرەکانی روونکردنەوە دابنرێن، تەنیا لە دیدی جوانی ناسیەوە رووندەکرێنەوە، بۆ تێگەیشتن لە چۆنیەتی قبووڵکردن یان

وەرگرتنی ئەم چەشنە هۆگرییانە هیچ ڕێیەک نییە مەگەر بەپێی نموونەی قبووڵکردن و ڕازیکردن لە بەرهەمی هونەریدا نەبێت.

هەڵبەت ئێستا چەند پرسیارێکی جیدی هەروا بێ وەڵام ماونەتەوە کە دوو پرسیاریان گرنگترن. دیارە هەموو کەس دەیەوێت بزانێ نیچە چۆن داخوازی ئەوە دەکات کە تەئویلی ئەو لە مانای جوانی ناسانەیی ئەم جۆرە بەرهەمانە درووستە؟ ئەو چۆن (کلیلی) وەها ڕەمزگەلێکی دەرکەوت خوازانەی دۆزیـوەتـەوە؟ دوای دۆزینەوەی ڕەمزەکان چۆن دەتوانێت بانگەشەی ئەمە بکات کە لە دیدی جوانی ناسییەوە بەشێک لەوان (ڕەمز) لەوانی تر سەرترن؟

لەلایەکی ترەوە ئێمە هێشتا نیازمان بە بابەتێکی سەربەخۆ هەیە کە ئەم جۆرە هەڵسەنگاندنەی هەوڵدانەکان بۆ ڕوونکردنەوەی جوانی ناسانە، تاکە جۆری هەڵسەنگاندنە، یان لانیکەم سەرترین جۆرە. تەنانەت ئەگەر عادەتی سوقراتی کلتوری یۆنانی هەر هەمان مانایەکی هەبێت کە نیچە دەڵێت، ئایا بەو مانایەیە کە وتەی سوقرات ناڕاستە؟ وتەیەک کە پێیوایە بایەخی هەر داخوازییەک دەروەستی توانای خودی تاکە بۆ (جیاکردنەوە) یان بەرگرییەکی عەقڵییە لەو داخوازیە ئێمە دەتوانین بۆ هەڵسەنگاندنی وەڵامی نیچە بە پرسیاری یەکەم، سەرنجی ئەمە بدەین کە ئەو چۆن لە تەئویلی خۆی سەبارەت بە مەسیحیەت یانی (تۆڵە سەندنەوە) لە ژیان بەرگری دەکات و دواتر دەتوانین وەڵامی (نیچە) بەپرسیاری دووهەم هەڵسەنگێنین و بزانین کە چۆن لە چوارچێوەی (پرسپێکتیویزم)ی کامڵدا داخوازیی خۆی سەبارەت بە چییەتی جوانی ناسانەی هەموو دامـەزراوە دەستووریەکان هەمەگر دەکات.

(3)

له لێکدانەوەی پرسیاری دووهەمی نیچە لەپێشدا دان بەم بابەتە روون و ئاشکرایەدا دەنێن کە: ئەم رووناکردنە لە بیرۆکەی نیچە تا ڕادەیەکی زۆر مانای ئاراستەکراوی خۆی لەو بابەتانە وەردەگرێت کە بەشێوەی سوننەتی بە یەکێک لە ئەرکەکانی (هێرمونوتیک) دادەنرێت.

لەم روانگەیەوە سەیر نابێت کە پێشەکی بنەڕەتی وەها گریمانەیەکی ئەئویلی دەبێتە پێشەکی سەرەکی زۆربەی گریمانە هێرمونوتییەکانی هاوچەرخ، یانی (مێژوومەندی)ی بوونی مرۆڤ.

بەم بۆنەوە من گریمانەی نیچەم سەبارەت بە ئەئویل، بە شێوەی پێکهاتە (structural)یی لێکداوەتەوە، نەک بە شێوەی بەدیهاتن. بەم مانایەکە روونکردنی نیچە لە تراژیدیا یانی کێشەی جوانی ناسانەم کردۆتە نموونەی خۆم وداخوازیم ئەوە بووە کە وەها روونکردنێک پێویستی هەیە بە چەشنێک فەلسەفەی مێژوویی و بەم کارە بەشێوەی ناڕاستەوخۆ حاشام لەوە کردووە کە نیچە دەیەوێت گریمانەیەکی دەروونناسی سەبارەت بە سەرچاوەی دیاردەکانی جێی سەرنجی خۆی نیشان بدات.

هەرگیز کێشەکە ئەمەنیە کەنیچە هەوڵدەدا بانگەشە بکات کە بابەت گەلێک وەکو (راستە)و (چاکە) کاریگەریەکی دەروونیان هەیە و لە راستیدا بە مانای (کاریگەریی هێز زیاتر دەکات)یە و بەم پێیە ئێمە دەتوانین لە دیدی دەروونیەوە ئەم کاریگەرییە زیاتر بکەین. بەڕای من تەنانەت خودی نیچە-ش ئەم خواستانەی دواتر (کە بە دڵنیایی جارجارێک دەریدەبڕێت)، بە

خوازگەلێکی دادەنا (نەک شیکردنەوەی زانستی) کە سەرچاوەی مێژووییان تەنیا لە چاخی زانستخوازییدا بوو.

هەرچۆنێک بێت لێرەدا پۆلین بەندیی تیۆریانەی ئەم چەشنە تیۆرە هیرمونۆنیکی و داهێنەرانانە بەجێی راڤەکردنیان، درێژخایەن دەبێت، چونکە ئێستا خاڵی جێی سەرنج ئەوەیە کە دەربیخەین روانگەی یەکەم بە بەراورد لەگەڵ روانگەی دووەم تا چ رادەیەک مانا بە داخوازی و شێوازی راستەقینەی نیچە دەبەخشن. ئێمە دەتوانین بە سەرنجدان بە تێگەیشتنی (نیچە) لە پرسپێکیتویزم درێژە بەم کارە بدەین.

چونکە وەها لێدوانێک لە (زانست ناسی)ی ئەخلاقی و cognitive-ی نیچە بە ئاشکرایی پاژی سەرەکی ئەم بابانە گشتیەی ئەوە کە بەپێی ئەو پاژە سەرەکیە هەوڵی سوقراتی یان فەلسەفی بۆ دۆزینەوەی هۆکار یان سەلماندنی روانگەیەک ناتوانێت سەرکەوتوو بێت، وا دیارە باشترین پێناسەی (زانست ناسیی رێژەیی بین) لەوپەڕی چاکە و خراپەوە ئەنجام دەدرێت، بە تایبەتی لە بەشی سەرەتادا لەژێر سەردێڕی (سەبارەت بەپێش داوەرییەکانی فەیلەسوفان)، هەر لێرەدا ئاماژە بە بەشێک لە ناودارترین رستەکانی نیچە سەبارەت بەم جۆرە پرسپێکتیویزمە دەکرێت، ئەو لە بڕگەی چواردەدا دەنووسێت:

رەنگە ئێستا تەنیا پێنج شەش کەسێک بیری لەوە کردبێتەوە کە زانستی فیزیاش تەنیا تەئویل و راڤەیەک بێت لە جیهان (کە لەگەڵ ئێمە دەگونجێت)، نەک شیکردنەوەی دنیا.

بە ئاراستەکردنی ئەم جۆرە داخوازیانە درێژە بەم بەشە دەدرێت و بوونی هەر (شتێک لەخۆیدا) رەتدەکرێتەوە و حوکم دەدرێت کە چەمکگەلێک وەکو (بابەت ) و (ئیختیار) شتێک نین بێجگە لە (ئەفسانە) و (ئوستورە) و داخوازی دەکرێت کە بۆچوونی زانایانی فیزیا سەبارەت بە ئاهەنگی سروشت یان یاسا تەنیا تەئویلێکە و هیچ دەقێکی بۆ مسۆگەر نییە و لە راستیدا تەئویلێکی خراپە.

نیچە لەسەرانسەری ئەم بۆچوونەدا هەمیشە دەگەڕێتەوە سەر ئەم بۆچوونە و داخوازییەکانی خۆی سەبارەت بە چییەتی پرسپێکتیویزمانەی تێگەیین و زانست گشتگیر دەکات هەتا بە یەخدارکردنی ئەخلاقیش بەخۆ بگرێت، هەر بەو جۆرەی کە لە بڕگەی 108دا دەڵێت شتێک بەناوی دەرکەوتەکانی ئەخلاقی بوونی نییە، ئەوەی هەیە تەنیا چەشنێک تەئویلی ئەخلاقی-ی دەرکەوتەکانە هەر چۆنێک بێ ئەگەر بە وردی سەرنج بدەینە بۆچوونی نیچە، دەبێت سەبارەت بەم خاڵەکە (نیچە) چ جۆرە گریمانەیەک ئاڕاستە دەکات، وریا بین.

یەکەم ئەوەی کە شاهیدێک نییە نیشانی بدات کە نیچە لە ئاست ئەم بۆچوونە لە ڕادەبەدەر ریشەییە (شێواو)دا کە تەنیا تەئویلەکان هەن و نەک راستەقینەکان (یان ئەوەی کە هیچ راستەقینەیەک نییە)، بەڵێندەر بێت. وەها بۆچوونێکی توندوتیژی پروتاگۆری، لە کاتێکی دیاریکراودا هەرچەشنە داخوازیەک دەخاتە پاڵ روانگەی چاوەدێرێکی تاک و دەیکاتە رێژەیی و لەسەر ئەوە داکۆکی دەکات کە هەڵگری راستەقینەیان (راستگۆ) هیچکات ناخرێتە نێو داخوازیی هەر کەسێک، مەگەر بەو مەرجەی کە لەو سەردەمەدا بۆ ئەو کەسە راستەقینە هەبوبێت پێناچێت کە وەها گریمانەیەک هێز بۆ (راستی) یان (درۆ) بەجێ بێڵێت، لەراستیدا بەپێی ئەم گریمانەیە هیچ شتێک بە ناڕاست دانانرێت تەنانەت باسکردن لە تەئویل (قسەی لەسەرە). لەراستیدا پرسپێکیتویزمی نیچە ئەو شتە بە رێژەیی دادەنێت کە ئێمە هەنووکە تەنیا بە مانایەکی گشتی و زانست ناسی پێی دەڵێین (هەلومەرجی راستی)، یانی نیچە بە زمانی باوی هاوچەرخ زیاتر لە هەر شتێک داخوازی هەڵوێستێکی دژی واقیع خوازە، بەم مانایە کە هەر وتەیەک سەبارەت بە (هەلومەرجی راستی)، یان سەبارەت بە بایەخی دەروونی دەبێت بە سەرنجدان بە پێوانەکانی ئێمە بۆ قبووڵکردنی کارێک یان بایەخێک، ببێنە رێژەیی.

بەپێی ئەم بۆچوونە هەڵسەنگاندنی ئەمە کەشتێک راستە یان چاکە

هیچکاٹ سەربەخۆ لە کۆیەک لەو بنەما گشتییانەی کە (زەمانەٹ کارن)، یانی پێوانەکانی راستی یان چاکی، ئەنجام نادرێٹ و لەم بنەمایانە وەکو شێوەی درووستی دەستنیشانکردنی ئەو حوکمانەی لە زانی خۆیاندا رەنگدانەوەی شتەکان نیشاندەدەن کە بەرگری ناکرێٹ، چونکە تەنیا بەپێی پێوانەکانی راستی یان داخوازیە بایەخییەکان بەرگری لەم داخوازیانە دەکرێٹ یان زەق دەکرێنەوە. لەراستیدا لە چوارچێوەی وەها بوارێک و تەنیا لەم بوارەدایە کە دەتوانرێٹ لەسەر راستی و درۆ، چاکە و خراپە قسە بکرێٹ.

زۆرجاران پێدەچێٹ کە مەبەستی نیچە لە پرسپێکتیویزم لانیکەم لە سەرەتادا هەر ئەوەبووە و بابەتێکی بەرچاو وەکو (هەموو شتێک نادرووستە یان (هیچ شتێک حەقیقەتی نییە) دەبێتە هۆی زیاتر بوونی لێڵی و شاراوەیی بابەتەکە. بەڵام هایدگر بە دروستی ئاماژە دەکاٹ کە وا دیارە لە هەموو بوارەکاندا بنەمای دەستنیشانکردنی وەها داخوازیگەلێک لەلایەن نیچەوە بەکارهێنانی مانای (ئەفلاتونی)، یان (بێ ئەملاو ئەولای) چەمکەکانی (راستەقینە) و (چاکی)یە.

ئەو چەمکانەی کە لە (پرسپێکتیو) یان (واقیعخواز) جیاوازترن. بەپێی ئەم بۆچوونە و بە فەرزکردنی ئەم بابەتە مەحاڵە کە نهیلیزم بە ئاکام بگەیەنێٹ، ئەوە کە (هیچ شتێک حەقیقەتی نییە، هەموو شتێک نادروستە) نیچە پێیوایە کە بە مەرجی رەهابوون لەم فەرزە ئەفلاتونیەیە کە دەتوانرێٹ بەسەر نهیلیزمدا زاڵبین و بەڵێنی خۆی بە روانگەی ئەفلاتونی نیشانداوە، نەک باوەڕی بە رێژەیی نیشاندانی نهیلیزمی بەرهەمی بێهێزبوونی فەرزە ئەفلاتونییەکان هەبوویێٹ.

بەڵام ئەم لەمپەرە ئەم کێشەیە زەق دەکاتەوە کە ئێمە لە بەرامبەر ئەم بنەما گشتیەدا زمانەٹ کارانەیە کە هەموو پرسپێکتیویزێک پێناسە دەکاٹ چ بکەین؟ لە یەکەم پلەدا بەوە بەرچاو نەگرتنی گشٹ ئەم کێشانەی کە سەرنجی نیچە بۆ ئەم خاڵە رادەکێشێٹ، دەبینین کە نیچە لەسەر ئەم چەشنە پرسپێکتیوانە (فرەبین) نییە و نە تەنیا دەیەوێٹ لە ئاکاری ئەفلاتونی کە

لە چییەتی پرسپێکتیویزمی خۆی خافڵە، رەخنە بگرێت، بەڵکو بە ئاشکرایی دەیەوێت باقی (پرسپێکتیو)ە جیاوازەکان هەڵسەنگێنێ یان رەتیان بکاتەوە. نیچە بەبێ مشتومڕی وێرانکارانەی لەگەڵ گومانکاران (زیرەک نوێنانی بیرتیژ)، لەگەڵ ئەزموونخوازان (مکانیکە ناشارەزاکان) و ئەڵمانییەکان (دڵسۆز، بێ هەڵۆیست گەمژەی شاعیری)شە و بەبێ تاوانبارکردنی (مەسیحیبوونی ئەوروپایی) دەبووە نوسەرێکی گێل. بۆ وێنە: ئێوەی گەمژە، ئێوەی گەمژەی بێ چاووڕوو و دڵناسک چیتان کردووە؟!

ئایا ئێوە واتان کرد؟ بەردی جوانی منتان چ ناشرین کردووە و تێکتان داوە، چەند بێ شەرمن!

ئاشکرایە کە کێشەی چییەتی بەرگری نیچە لەم چەشنە بایەخدانانە یانی لەم بابەتەدا کێشەی سەرەکی هێشتا چارەسەر نەکراوە، بەڵام لانیکەم دەزانین کە ئەو بە روونی نیازی بە وەها بەرگرییەک هەیە و ئەم بەرگریە بە پشتبەستن بە جۆرێک حەقیقەتی سەربەخۆ لە پرسپێکتیو یان بە شیکردنەوەی سەرچاوە یان داهێنانی ئەم چەشنە پرسپێکتیوانە ئەنجام نادرێت.

بەڵام پێش ئەوەی بێینە سەر ئەم کێشەیە دەبێت سەرنج بدەینە چەند لەمپەری گرنگی تر سەبارەت بە پرسپێکتیویزم، جاری وایە لە تەئویلی کەسانێک وەکو (ژان گرانیە) و (ئارتور دانتو)دا دەخوێنینەوە کە لە ئەندێشەی نیچەدا پرسپێکتیویزم بەو مانایەیە کە ناسێنەرەکان رێکوپێکیەک بەسەر ئەو شتەدا دەسەپێنن کە لەنێو خۆیدا (بە شێوەیەکی) بێ جیاوازی و بێ چوارچێوە و بێ مەبەستە و لەرووی ترسەوە ئەم کارە ئەنجامدەدەن، چونکە لە قبووڵکردنی ئەم جیهانە شێواوە هەر بەو جۆرەی کە هەیە بێ توانان و پێویستیان بەوە هەیە کە خۆیان ئاسوودە بکەن. بەم پێیە (گرانیە) دەنووسێت: «حەقیقەت نیشاندەری بوونی شێواوی قووڵاییەکی بێ بنچینەیە، ئەگەر دەمامک هەمان جوانیە، حەقیقەتیش هەمان ناشرینی پشێوییە.

**سەرچاوە:**
ئینتەرنێت

# کاریگەری نیچە
# لەسەر ئەندێشە و ئەدەبیات

عزت الله فولادوەند
لە فارسییەوە: عەتا جەماڵی

داوایان لێکردووم کە ئەمرۆ، لێرە سەبارەت بە کاریگەری نیچە لەسەر ئەندێشە و ئەدەبیاتی سەدەی بیستەم قسە بکەم، منیش بە خواستی دۆستان و ئەگەرچی ناساغیشم، بەڵام بەناچاری چەند بابەتێکتان پێشکەش دەکەم هەرچەندە کە بیستنی ئەم بابەتە ئەوەندە بەرفراوانە کە ئەگەر بە دەیان دانیشتنیشی بۆ تەرخان بکرایە، دیسانیش پێموانییە ئەوەی کە پێویستە بە ڕادەی پێویست بگوترێت.

نیچە یەکێک لە کاریگەرترین بیرمەندانی ئەم دوو سەد ساڵەی دوایی بووە، بڕشتی ئەو بەردەوام لە هەموو شوێنێک لە ئەدەبیات و هونەرەوە بگرە تا فەلسەفە و سیاسەت و ئەخلاق وەبەرچاو دەکەوێت و دەتوانین بڵێین ئەندێشەی رۆژئاوایی لەم پەنجا ساڵەی دواییدا ئەندێشە لە تەواوی جیهانی شارستانیدا، بە شێوەیەک کاریگەری لە ئەوەوە وەرگرتووە. هەڵبەت هەر بەو جۆرەی کە لە دواییدا دەبینین ئەم کاریگەرییە هەندێک هەوراز و نشێویشی بووە، بەڵام سەرجەم پشتگوێخستنی ئەو لەم سەردەمەدا بەهیچ شێوەیەک رەوا نییە.

هەمیشە، باشترین رێگا بۆ تێگەیشتن لە ئەندێشەی هەر فەیلەسوفێک ئەوەیە کە بزانین ئەو خۆی بەرامبەر بە چ کێشە و چ کێشەگەلێکی گرنگ کردۆتەوە.

بنەماییترین کێشەیەک کە نیچە لە رۆژگاری خۆیدا جیهانی رۆژئاوای بەرامبەر بەو بینیوە، قەیرانی قووڵی فەرهەنگی و فکری بوو کە ئەو کورتەیەک لەو قەیرانەی لە (مەرگی خودا) و سەرهەڵدانی (پووچگەرایی)

یان بە هیچ زانیندا بەیانی کردووە. نیچە پەی بەوە بردبوو کە بیری سونەتی دینی و میتافیزیکی باوی نەماوە و بۆشاییەکی لەدوای خۆی بەجێهێشتووە کە زانستی نوێ توانایی پڕکردنەوەی ئەوی نییە بۆ پاراستنی شارستانیەت، کە بەڕای ئەو لەگەڵ مەترسییەکی جددی رووبەروو بوو، دەبێت بۆ روانگە دینی و فەلسەفییەکانی رابردوو جێگرێک بدۆزرێتەوە.

هەر بەو مەبەستە، ئەو سەرەتا لە یەکێک لە بەرهەمە سەرەتاییەکانی لەدایکبوونی تراژیدیا، روویکردە هونەری یۆنانی کۆن، بەم باوەڕە گەیشت کە بۆ دۆزینەوەی کلیکی پشکوتنی دووبارەی مرۆڤی مۆدێرن کە دڵدارییە ئاینییەکان و دڵنیایی عەقڵی و کردەوەیی بێبەش بووە. دەبێت لە هونەردا بەدوایدا بگەڕێی، بەڵام لە بەرهەمەکانی دواییدا، نیچە وردە وردە رەهەندەکەی گۆڕی و زیاتر لە هونەرو زماننناسی مێژوویی کە لەم بەشەدا پسپۆڕ بوو، بەلای فەلسەفە و بەتایبەت رەخنەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان و کلتوری و رووناکبیرییەکان شکاوە.

لەم دەورەیەدا کە لەراستیدا دوایین ساڵەکانی ژیانی ئەو بەر لە تووشبوونی بە تـەواوی ئەو بە نەخۆشی شێتی لە 1889دا بوو. نیچە پاراوترین بەرهەمەکانی خۆی بۆ وێنە (زەردەشت ئاوەهای وت) لەوپەڕی (باشی و خراپیەوە، زانستی شادمانە، ئاوابوونی بتەکان و دەجالی خوڵقاند) . لەم نوسراوانەدا دەبینرێت کە ئەو لەسەر ئەو باوەڕەیەکە بۆ زاڵبوون بەسەر پووچگەراییدا، تەنیا دوورخستنەوەی روانگە موتڵەقخوازانە ئایینی و میتافیزییەکان بەس نییە، بەڵکو دەبێت بە روانگەیەکی تەواوی تازەوە بڕوانێتە ژیان و جیهان. ئامانجی نیچە لە (مەرگی خودا) لەراستیدا رۆچوون و لە ئاکامدا مەرگی روانگەی مەسیحی و ئەخلاقی مەسیحی لە هەمبەر ژیان و جیهانە.

ئەم جەنایەتە گەورەیە واتا (کوشتنی خودا) کە دەڵێت خودا بەدەستی مرۆڤ کوژراوە، بەڵام هێشتا هەواڵەکەی بە یۆنان نەگەیشتۆتەوە، هەم بە

ڕووداوێکی فەرهەنگی و هەم ڕووداوێکی فەلسەفی و بەڕای ئەو دەبێت ئەم ڕووداوە وەکو دەسپێک دابندرێت و لە ریشە و بنەماوە هەموو شتێک لە ژیانەوە بگرە هەتا جیهان و بوونایەتی مرۆڤ و شوناس و ئەخلاق و ئەرزشەکان لەسەرڕاوە هەڵسەنگێندرێت. دەبێت ئەوەش وەبیربێننەوە کە تەنانەت لەنێوان خوازیارەکانی نیچەشدا یەکدەنگی لەم بارەوە نابینین کە ئایا ئەو کێشانەی کە ئەو سەبارەت بەوان بەرهەڵست دەبێنەوە، هەر ئەو کێشانە بن کە فەیلەسوفەکانی پێش و دوای ئەو بەرامبەری دەبنەوە، یان لانیکەم لە هەندێک خاڵدا ئەوەی کە ئەو دەیڵێت یەکسەر کێشەگەلێکی تازەی سەرهەڵداون یان نا.

ئەوەی کە ڕوونە ئەوەیە کە نیچە لە زۆرینەی فەیلەسوفەکانی پێشخۆی و سەردەمی خۆی بە توندی ڕەخنە دەگرێت و لە بنەڕەتەوە لە ئەندێشە بنەماییەکانی ئەوان دوور دەکەوێتەوە. شێوازی نوسینی ئەویش بە سەختی تێگەیشتنی لە نوسراوەکانی زیاد دەکات کە جارووبار بەڵگەدار و لێکدانەوەیین و جارووباریش زۆر جەدەلی و هەندێک جاریش زۆر شاعیرانە و لێواولێون لە خوازە و تەکنیکە ئەدەبییەکان.

بە ئێکڕایی سێ جۆرە بۆچوون لەنێوان فەیلەسوفەکاندا سەبارەت بە ئەندێشەکانی نیچە هەبووە. هەندێک کەس ئەوەیان بە جدی نەزانیوە و لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە نوسراوەکانی ئەو جگە لەوەی کە نیشاندەری مەرگی ئەندێشەی دینی و مێتافیزیکی، بەڵکو نیشاندەری مەرگی فەلسەفەیە و ئەو لەخۆیدا پووچگەرایەکی بە تەواوییە کە دەیەوێت بە فێڵە ئەدەبییەکانی ئەندێشەی مرۆڤ لە بەندی کێشە پەیوەندیدارەکان بە شوناس و حەقیقەت ڕەها بکات.

کەسانێکی تریش بە پێچەوانەوە، ئەویان زۆر بە جدی زانیوە و لەسەر ئەو رایە بوون کە نیچە بەو ڕێیەی کە نیشانیداوە لەراستیدا بە تەواوی فەلسەفەی خستۆتە سەر ڕێیەکی تازە و شێوەی ڕوانینی ئەو بە

کێشەی حەقیقەت و شوناس تەنیا ڕێگەی زاڵبوون بەسەر پووچگەراییدایە، ئەوە ڕاستە کە نیچە باوەڕی خەستی بەوە بوو کە ئەندێشەی مرۆڤ زۆر بەتوندی جێگای ڕاڤە و لێکدانەوەیە و ئەو کەسانەی کە پێیانوایە ڕەنگە بە ئاسانی ڕاستییەکان وەدەست بێنن، خۆیان فریو دەدەن و بە تێپەڕبوون بەسەر ئەوەدا کە حەقیقەت خۆی لەخۆیدا چۆن بێت، لە هەر حاڵێکدا شوناسی ئاکامی ڕاڤە و بۆچوونی ئێمە لە حەقیقەتە. کەوابوو ئەوەی کە لە دەستمان دێت، هەڵسەنگاندنی دووبارەی شێوەی بۆچوون یان لە ئاکامدا ئەرزشەکانی ئێمەیە.

گرنگترین ڕێگەی ئەم کارە بە بڕوای نیچە ڕەچەڵەکناسیە، یانی لێکۆڵینەوە لەوەیە کە ڕاڤە و بۆچوون و ئەرزشەکانی ئێمە لە کوێوە سەرچاوەیان گرتووە. لەلایەکی ترەوە، دەبێت لە (ڕووگە)یان (ڕوانگەکان) بکۆڵینەوە، چونکە ئەگەر لانیکەم بۆ بوونەوەرێکی وەک ئێمە حەقیقەتێک لە گۆڕێدا نەبێت، ئەو شتەی کە ئێمە حەقیقەتی ناو دەنێین دیارە بەستراوە بە ڕووگە و ڕوانگەی ئێمەوە، بەڵام ئەمە کۆتایی چیرۆکەکە نییە ئەوە ڕاستە کە شوناسێک جیا لە ڕاڤەکان و ڕوانگەکان بەشێوەی موتڵەق لە گۆڕێدا نییە، بەڵام لە لێکۆڵینەوەیەکی وردبینانەتر لە ڕەچەڵەکی ئەرزشەکان و گەشتێکی زیاتر لە ڕوانگەکاندا، دەتوانین شێوازی بیرکردنەوەی خۆمان بە بنەمایەک بگەیەنین کە چ لە پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکان و چ لە پەیوەندییەکانمان لەگەڵ دنیای سروشتدا تێگەیشتنێکی باشترو قووڵتر وەدەست بێنین و لە مەترسی ئەو بە پووچ زانینەی کە بە تێکڕووخاندنی ئەرزشە دینی و فەلسەفیە سوننەتییەکان لەگەڵی ڕووبەڕوو بووینەتەوە، دووری بکەین تێگەیشتنێکی قووڵتر کە خودی نیچە لەپاش ڕەتکردنەوەی وجودی خودا و جەوهەریەتی ڕۆح پێگەیشت لە دوو ئەسڵدا کورت دەکرێنەوە.

ئیرادەی پەیوەست بە دەسەڵات و ئەویتر گەڕانەوەیان دووپاتکردنەوەی ئەبەدی، کە بەداخەوە هەردووکیان تووشی بەهەڵەدا چوون و خراپ

تێگەیشتنی زۆربـوون. ئەو شتانەی کە نیچە سەبارەت بە هەرکام لەم دووانە دەیڵێت، بەهیچ شێوەیەک روون و بەدوور لە ئیهام نییە و باسکردن لەبارەی ئەوە لە تاقەتی ئەم بابەتەدا نییە، بەڵام بە ڕواڵەت ئامانج لە ئیرادەی پەیوەست بە دەسـەڵات ئەوەیە کە هەر بەشێک لە سروشت بەردەوام لە گەشە و جووڵانەوەدایە و لە هەوڵی بەهێزترکردنی خۆی لە بەرامبەر دیکەی بەشەکاندایە. ئەم ئیرادەیە لە مرۆڤدا، دەتوانێت شێوەگەلی جۆراوجۆر لە سازندە و خاپوورکەر بگرێتە خۆی کە تەنیا یەکێک لەم شێوانە دامەزراوە سیاسییەکان، مەزهەبەکان، هونەر و ئەخلاق و فەلسەفەیە.

کێشەی دووپاتبوونەوەی ئەبەدیش وا دیارە هەر لەسەر ئەم تەوەرە دەورلێدەدات و مەبەست لەویش، ڕوانینێکی مسۆگەرانە و چەسپاو بە ژیان جیا لە تەواوی هەوراز و نشێوەکانیەوەیەتی.

لە دیدی ئەندێشەکانی نیچەدا، کە کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر هونەرمەندان و بیرمەندانی دوای خۆی هەبووە، چەمکی (سوپەرمان) بەواتای ئیمکانی سەرهەڵدانی مرۆڤی تایبەت لە لایەنی سەربەخۆیی و ئافرێنەری پلەیەک سەرتر لە (کۆمەڵی مێگەل) یان (عوام کالانعام)، کە بە ئەخلاقی (سەروەری) جودا لە ئەخلاقی پەستی کۆیلەییەوە رازابێتەوە.

باسی تێروتەسەل لەسەر ئەندێشەکانی نیچە و لق و پۆپەکانی لەم دەرفەتە کەمەدا پێشکەش ناکرێت، بەڵام ئەگەر سەرنج بدەینە ئەم کورتە باسەش دەتوانین پەی ببەین بە هێزی ئەندێشەی ئەو بۆ رێبردنە ناو پانتایی تیۆرو کردەوەوە.

دەبێ بگوترێت کە ئەم بڕشتەی نیچە هەمیشە پێشوازی لێنەکراوە و هەندێکی وەکو نوسەر و رەخنەگری ئەمریکایی (ئاڵێن بلۆم) پێیان وابووە کە نیچە ئەرزشەکانی بردۆتە بەستێنی نسبیەتەوە و خاپووری کردووە و چەمکە بنەماییەکانی ئەخلاق وەکو زانایی و پەستی و باش و خراپ و خواناسی خستۆتە ناوەندی گومان و پرسیارەوە و زەینی لاوەکانی راکێشاوە

بەلای فەسادەوە، بەڵام لەهەر خاڵێکدا راستی ئەوەیە کە لەمڕۆدا کتێبەکانی نیچە رەنگە زیاتر لە هەر زەمانێکی تر لە رابردوودا زۆرینەی قوتابخانە فەلسەفییەکانی هاوچەرخ، وەکو پۆست مۆدێرنیسم و دوا پێکهاتەخوازی و پێکهاتەشکێنی و وەکو ئەوانە دەبێت ئاوڕی لێبدرێتەوە و سەرنجی بدرێتێ.

بەگشتی لە سەدو چەند ساڵێک کە بەسەر مردنی نیچە تێدەپەڕێت، کاریگەرییەکانی ئەو دەکرێت بە چوار بەش دابەشبکرێت:

1. لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە هەتا سەرەتای شەڕی جیهانی دووهەم لە 1939.

2. چاخی شەڕی جیهانی دووهەم.

3. لە کۆتایی شەڕی جیهانی دووهەمەوە هەتا کۆتایی دەیەی 1960.

4. لە دەیەی 1970وە هەتا ئەمڕۆ.

لە دەورەی شەڕی جیهانی دووەمدا بەهۆی خراپ کەڵکوەرگرتنی رژێمی هیتلەری لە هەندێک چەمکەکان لە نیچە لە خزمەت بیرۆکە تۆتالیتاریستی و رەگەزپەرستانەدا، جۆرێک رەشبینی و بێدەنگی نیسبی لە بارەی ئەودا بە تایبەت لە جیهانی ئینگلیزی زماندا بەدیهات، بەڵام بەدەر لەو دەورەیە، لە سەرانسەری نیوەی هەوەڵی سەدەی بیستەمدا زاڵبوونی نیچە بەسەر ژیانی رووناکبیری ئەوروپادا بەگشتی لایەنی ئەدەبی هەبوو. کەسانێکی وەکو (گابریلە، دانونتسیۆ، ئیشتفان گیۆرگێ) ئەویان گەیاندە پلەی پێغەمبەری و کاریگەری ئەو لە هەموو شوێنێک لە ئەدەبیاتی ئەوروپادا، لە (تۆماس مان)ەوە بگرە هەتا سەمبولیستەکانی روس و ئیستریندبێرگ و پینزو رۆبێرت موزیل و هێرمان هێسێ و بێرنارد شو و بگرە لە ئاوازدانەرانێکی وەکو مالێر و دلیووس و ریشارد ئیشتراوس دا دەبیندرا، تەنیا باسە گرنگە فەلسەفییەکان لەبارەی نیچەدا لە پەنجا ساڵی ئەوەڵی سەدەی بیستەم لە کارەکانی کارل یاسپێرس و ماکس شێلێر هاتەگۆڕێ و هەروەها لە دەرس و وتارەکانی هایدگەر لە 1936تا 1945 لە دواییدا.

له1941دا له دوو بەرگدا بڵاوکرایەوە

یاسپێرس لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە ڕەنگە نیچە دوایین کەس لە فەیلەسوفە گەورەکانی رابردوو بێ و ئەو و کیرکەگۆر دەبێت وەکو دوو نموونەی بەرزی بیرمەندانێک بێنە ئەژمار کە لە بەرامبەر ئەو بۆچوونە فەلسەفییانەی رۆژئاوا کە دەیەوێت هەرشتێکی غەیرە عەقڵانی بباتە دایرەی عەقڵانیەتەوە، بەرهەڵست بوونەتەوە و لەسەر بنەمای ئەم ئیدیعایە کە شوناسی ئینسانی جگە لە لێکدانەوە و راڤە هیچ شتێک نییە، لەراستیدا لە دەورەی رێزی موتڵەق بۆ عەقڵانیەت و حەقیقەتی سەربەخۆ لە دەسەڵاتی بەشەر بە بازێکی بەرز تێپەڕیون.

بەڵام بەڕای هایدگەر، ئەسڵی بنەمایی لە فەلسەفەی نیچەدا ئیرادەی پەیوەست بەدەسەڵات و هەر بابەتێکی تر لە نوسراوەکانی ئەودا لقێکن کەلەو جیابوونەتەوە، بەڵام بۆ پەیبردن بەئەندێشەی بنەڕەتی و نەنووسراوی نیچە، دەبێت ئیرادەی پەیوەست بە دەسەڵات لەگەڵ ئەسڵی دووپات بوونەوەی ئەبەدی کە دژی نەسوڵحاوی ئەوە، پێکەوە بێنینە بەرخۆمان، لەم حاڵەتەدا بەبڕوای هایدگێر، دەبینین کە ئیرادەی پەیوەست بە دەسەڵات لە چوارچێوەی موستەڵەحە فەلسەفییەکاندا هەر ئەو چیەتیەیە و گەرانەوەیان دووپاتبوونەوەی ئەبەدی بەرامبەرە لەگەڵ بوون، یان بە وتەیەکی تر و بەپێی موستەڵەحەکانی کانت، ئیرادەی پەیوەست بەدەسەڵات لە زاتی خۆیدا شتە یان (نومێن)ە و دووپات بوونەوەی ئەبەدی، دیاردە یان (فنۆمێن) دیسانیش بەبۆچوونی هایدگەر، ئیرادەی پەیوەست بەدەسەڵات بوونەو دووپاتبوونەوەی ئەبەدی، فرەیی بوونەوەران لەدنیای هەست پێکراودایە. بەڕای هایدگێر نیچە بە یەکخستنی ئەم دوو چەمکە لەگەڵ یەکتر، گەیشتووە بە جەوهەری مۆدێرنێتە و بۆ یەکەم جار مافی ئەوی بە تەواوی بەجێهێناوە. لێدوانی زیاتر لەبارەی باسی زۆر چڕوپڕی هایدگەر لە تاقەتی ئەم وتارەدا نییە.

هەر ئەوەندە دەڵێم کە بەبڕوای ئەو، پڕۆژی میتافیزیکی فەلسەفەی ڕۆژئاوای کەبە ئەفلاتون دەستی پێکردبوو بەئاکام دەگەیەنێ و بێمانایی ئەو روون دەکاتەوە و بەجێی زاڵ بوون بەسەر پووچگەراییدا لەدوای ئەودا گرفتار دەبێت. هەروەک گوتمان، کتێبی هایدگەر لەبارەی نیچەدا ئەگەرچی لە 1961دا بڵاوکرایەوە، بەڵام لەراستیدا هەڵگری وتارگەلێک بوو کەئەو لە 1936ەوە هەتا 1945 پێشکەشی کردبوو. لە 1945دا یانی کۆتایی شەڕی جیهانی دووهەم بەدواوە، وردە وردە بە پێچەوانەی رابردوو کێشە فەلسەفییەکانی نیچە کەوتە بەر سەرنجی گشتی رەنگە بنەما دارێژی ئەم شتە والتر کافمەن لە ئەمریکا بووبێت کە کتێبە گرنگەکەی ئەو، نیچە فەیلەسوف، دەروونناس، دەجال و وەرگێڕدراوە پاراو و دەقیقەکانی ئەو لە بەرهەمەکانی نیچە چاخێکی تازەی لەم بەستێنەدا کردەوە.

ئەم جەرەیانە زۆر بەزوویی لە ئەمریکاوە گەیشتە ئیتالیا و فەرەنسا و ئاڵمان و دەسپێکێک بوو بۆ دیتنەوەی دووبارە و لەدواییدا دووبارە خوڵقاندنەوەی نیچە لە بەرهەمی فەیلەسوفە هاوچەرخەکانی فەرنسەوی کەرەنگە بتوانین بڵێین کە لە بنەڕەتەوە نیچەیەکی تریان بەو جۆرەی کەخۆیان پێیان خۆش بوو ئافراند.

لەدەورانی پاش شەڕی جیهانی دووهەمدا زۆرینەی دڵەڕاوکێکانی سەبارەت بەنیچە لەراستیدا نیشاندەری بەرکردەوەی راستەوخۆی یان ناڕاستەوخۆ بەراڤەی هایدگێر لەنیچە بوو. ئیمتیازی گەورەی والترکافمەن ئەوە بوو , کەلەدەیەی 1950دا نیچەناسی بە رەهەندێکی تـازەدا برد ئەو دەیهەویست بەجیهانیان بسەلمێنێت کەسەرهەڵدانی نیچە لەخۆیدا رووداوێکی گرنگی مێژووییەو ئەندێشەکانی ئەو نەک تەنیا نەتەوەیەک یان تەنیا فەیلەسوفەکان، بەڵکو بەگشتی بەشەر لە هەموو شوێنێکدا بە خۆیەوە سەرقاڵدەکات، بەرای ئەو ئیرادەی پەیوەست بە دەسەڵات کە ناوکی ناوەندی فەلسەفەی نیچەیە، ئەسڵێکی غەیرە سیاسیە و ئامانجی ئەو

سەلماندنی تاکی و وجوودی بەسەرخۆدا زاڵبوونە. ئەو وێنەیەی کە کافمەن ئا بەم شێوەیە کێشایەوە، کاریگەرترین روخسارەی نیچە لە دەیەکانی 1950 و 1960 و 1970دا نیشاندرا.

بەڵام ئەو شتەی کە نیچەی تازەی ناودەنرێت بە گشتی لە بەرهەمی نوسەرە فەرەنساوییەکانەوە سەریهەڵدا. بگرە زۆرجار بەم (نیچەتازە)یە (نیچەی فەرەنساوی)ش دەوترێت کتێبە گرنگەکەی هایدگەر سەبارەت بە نیچە بۆسەر فەرەنساوی وەرگێردراوە و دەتوانین زۆریەک لە بەرهەمی فەرانسەوییەکان وەکو رەتکردنەوەی لێکدانەوەکانی هایدگەر بزانین و پێداگری لەسەر تایبەتمەندییە خوازەییەکانی نیچە، بەڵام رەنگە گرنگترین خاڵ سەبارەت بە نیچەی تازە ئەوەبێت کە بە پێچەوانەی کافمەن کە نیچەی وەکو میراتگری چاخی رۆشنگەری لە سەدەی هەژدەهەمدا پێناسە کردبوو، فەیلەسوفانێکی وەکو ژۆرژباتای، جیل دۆلۆز، دریدا، فۆکۆ و لیۆتار لەم بیست ساڵەی رابـردوودا لە بنەڕەتەوە رەتکەرەوەی ئەم شتەبوون بیرمەندانی چاخی رۆشنگەری لەسەر ئەو باوەڕە بوون کەئایدیای درووست ئەنجامی دروستی هەیە، بەڵام ئەو کەسانەی کەناومان بردن دەڵێن شتێک بە واتای دروست و نادروستی موتڵەق بۆ نیچە لە گۆڕێدا نییە و ئەو لە سەرەتاوە ئەخلاقی بردۆتە دایرەی نسبیەتەوە.

لە لایەنی مێژووییەوە رەنگە بتوانین بڵێین گرنگترین خاڵی بەرچاو لە نیچەناسیدا، رووداوە دەورانسازەکانی ساڵی 1968 و شۆڕشی خوێندکاران لە فەرەنسا بوو، جیل دۆلۆز لە1973دا نوسی ئەگەر بپرسین نیچەچی بەسەر هاتووە؟ لە وەڵامدا دەڵێم لەو لاوانەی وا ئەمڕۆ کە نیچە دەخوێننەوە بپرسن. ئەو شتانەی کە لەمڕۆدا لاوەکان لە نیچەدا دەیدۆزنەوە جگە لەو شتانەیەکە بەرەی من پێی دەگەیشتن.

دەپرسن بۆچی ئـاوازدانـەران و نیگارکێشان وفیلمسازە لاوەکان بەنیچەوە سەرقاڵن؟ وەڵامێکی سادەی هەیە. بەرەی دەیەی 1960 بەوە

گەیشت کە نیچە هەمان پێغەمبەرە دژە فەرهەنگییەیەکە بەدوایدا دەگەڕاو بنەمای فیکری ترس و دڵەراوکە و پووچگەرایی دەبێت لەودا بدۆزییەوە، بەگشتی لە بیری فەلسەفیدا لە فەرەنسا لەپاش شەڕی جیهانی دووەم دەتوانین سێ چاخی بەدوای یەکدا لێک جیابکەینەوە.

سەرەتا ئیگزسیتاسیتالیسم کە لە دەیەکانی 1940و 1950 بەگشتی لە کارەکانی سارتەر و مێرلۆپۆنتیدا خۆی نواندو لە هۆسرێل و هایدگەر و لە دواییشدا مارکیسیسم سەرچاوەی گرتووە.کە نازناوی (زەماوەندی دیاردەناسی و مارکیسیسم)یان بۆ دانــاوە، سەرچاوەی ئیلهامی چاخی دووهەم، واتا پێکهاتخوازی لە سەرەتاکانی دەیەی 1960دا سەری هەڵدا، کارەکانی فێردیناندۆ سۆسۆر زمانناسی سویسیە پێکهاتەخوازانێکی وەکو کلۆد لووی ئیسترۆس و ژاک لاکان و لوویی ئالتووسێر کە بە توندی بێباوەڕ بوون بە دیاردەناسی و شوێنگەی سوتبازی کارکەری یان سوبژێکتوینە لەودا، هەرکام لە مرۆڤناسی و دەروونشیکاری و ئابوری سیاسیدا روویانکردە سەر مێتۆدەکانی سۆسۆری ئەنجامی پێکهاتەخوازان بە فرۆید و مارکس بە بیرۆکەکانی هایدگەر لەبارەی نیچەوە کۆکرایەوە سەریەک و بەستێنی بۆ چاخی سێهەم لە ئەندێشەی فەرەنسەوییەکاندا، واتا دوا پێکهاتەخوازی ئامادە کرد.

دەبێت سەرنجتان بۆ ئەوە راکێشم کە دەستەواژەی دواپێکهاتەخوازی لێرەدا تەنیا لە روانگەی مێژووییەوە باسدەکرێت، واتا ئەوەی کە لە دوای پێکهاتە خوازییەوە هات و لەم راستایەدا بەپێی ئەوەی کە پێمان باشترە لێرەدا وەکو پێکهاتە شکێنی کەڵکی لێوەردەگیرێت کە ناوێکە بۆ مێتۆدی لێکدانەوەیی و فەلسەفی تەنیا یەکێک لە فەیلەسوفە دوا پێکهاتەخوازەکان، واتا ژاک دریدا، هەروەها بەپێی باشتربوون لە (پۆست مۆدێرنیزم) کە لە حەوزەی فەلسەفەدا روخسارەی بە سیاسی کراوی دوا پێکهاتەخوازییە کۆکردنەوەی ئەندێشەی هاوچەرخی فەرەنسەوی لەژێر ناوی (بزوتنەوەیەک

کەهەڵبەت بەتەنیایی دوور لەمەترسی نییە و خودی بیرمەندە فەرەنساوییەکان لەم جۆە ئیستراتێژییە بەکۆمەڵییانە دوورە پەرێز دەبن، بەڵام ئەگەر بتوانرێت کە روخساریکی گشتی بۆ ئەوان ناوببرێت، بە راشکاوییەوە ئەو روخسارە گشتیە نیچەیە، هەرچەندە کە بەرامبەر بوونەوە لەگەڵ ئەودا لە بیرمەندانێکی وەکو، دریدا، دۆلۆز، فۆکۆ، ئیریگارێ و لیۆتاردا شێوەی جۆراو جۆری بە خۆیەوە دەگرێت.

تێڕوانین لە نیچە هەروەها گرنگترین لایەنی لێکترازانی دواپێکهاتە خوازانی فەرانسەوی لەپێکهاتە خوازان و ئیگزسیتاسیتالیستەکانی پێشووە، بەڵام هەر ئەم تێڕوانینە لە ئەندێشەی دوو گرووپ لە دوا پێکهاتەخوازاندا شێوەیەکی گشتی بەخۆیەوە دەگرێت: سەرەتا ئەو کەسانەی کە فەلسەفەی نیچە لەواندا بابەتی راڤە و تەئویلە و چەمکە گشتییەکان لە نیچەدا وەکو ئیرادەی پەیوەست بە دەسەڵات و گەڕانەوەی ئەبەدی و نهیلیسم و سوپەرمان بە میتۆدە سونەتییەکانی لێکۆڵینەوە درواتە بەر لێدوان، گرووپی دووەم ئەو کەسانەن کە بۆ پەروەردەکردنی بیرۆکە فەلسەفییەکانی خۆیان لە نیچە کەڵک وەردەگرن لە گرنگترین کەسانی ئەم گرووپە دەتوانین ئاماژە بە میشێل فۆکۆ و ژاک دریدا بکەین.

دریدا لە زۆریک لە بەرهەمەکانیدا وەکو سەکۆیەکی بازدان کەڵکی لە نیچە وەرگرتووە بۆ ململانێ لەگەڵ خوێندنەوەی هایدگەر لە نیچە و لەراستیدا لەگەڵ فەلسەفەی هایدگەر بەگشتی، یان بۆ لێدوان سەبارەت بە لایەنی سیاسی راڤە و تەئویل، لە بەرهەمەکانی فۆکۆدا کەسایەتی تەوەری بێگومانی نیچەیە و سەرلەبەری نوسراوەکانی پڕاوپڕە لە حزوری نیچە، فۆکۆ لە 1971دا وتارێکی بەناوی (نیچە)وە رەچەڵەکناسی مێژوو نوسی کە بەو بۆنەیەوە ناوبانگێکی زۆری دەرکرد.

بە بڕوای ئەو مێژوو رووداوەکان لە دەلاقەی ئامانج و ئەنجامەوە دەنوسێت و ماناکەشی لە بەرەوە دەزانێت، بەڵام رەچەڵەکناسی جەختی

لەسەر لەناکاو بوونی ڕووداوەکان و ئەنجامێکی بە دوور لە هەرشێوە پێشبینی و داهاتوو ڕوانییەک بوو. ڕەچەڵەکناسی سەروکاری لەگەڵ هەستانەوە و سەرچاوەگرتن و لەدایکبووندایە، بە مانای ئەخلاق، پاکی یان ڕیازەت یان عەدالەت یان جەزا یان پاداشتە. فۆکۆ دەڵێت؛ ئەم جۆرە لێکدانەوە ڕەچەڵەکناسانەیە لە نیچەدا، بە تایبەت لە ڕەچەڵەکناسی ئەخلاقیدا- وا نیشاندەدات کە هیچ نهێنی یان زاتێکی لە دەرەوەی زەمان لەپشت شتەکانەوە شاراوە نییە. تەنیا نهێنی ئەوەیە کە زاتێک وجوودی نییە ئەگەریش هەبێت لەتە لەتە لە شتگەلێکی جگە لەخۆی درووست بووە.

بەبڕوای فۆکۆ، ڕەچەڵەکناسی نیچە ئەو ئیمکانە بە ئێمە دەدات کە پەی بە ڕووداوو هەڵە و هەڵسەنگاندنگەلێکی دوورە دەست ببەین، کە سەرچاوەی ئەو کاروبار و ئەرزشانەن کە هێشتا بوونیان ماوەتەوە، بەم پێیە ئاگادار دەکرێینەوە کە ئەو شتانەی کە پێمانوابوو موقەدەس و ڕێگای گومان و دەست بەسەرداگرتنیان تێدا نییە؛ لەڕاستیدا بەرهەمی ڕووداوگەلێکی بەگشتی لەناکاو بوون.

باسکردن لەسەر پەیوەندی نیچە لەگەڵ بیرمەندە هاوچەرخە فەرەنساوییەکان بەم کورتە باسە کۆتایی نایەت، مەبەستمان تەنیا خستنە بەرچاوی شێوەیەکی گشتی ئەو بووە، بەڵام بەر لە کۆتایی قسە خراپ نییە ئاماژەیەکیش بە پەیوەندی مارکیسیسم لەگەڵ نیچە بکەین، ئەوەی کە نازییەکان نیچەیان پەسەند کردبێت، شتێکی جێگای دەرک هەیە، بەڵام کۆمەنیستەکان بە هیچ شێوەیەک دانی باشیان پێدا نەدەهێنا.

یەکێک لە گەورەترین بیرمەندە مارکسییەکان (گیئۆرک لۆکاچ) هەوڵێکی زۆری بۆ سەرکوتکردنی نیچە بووە و لە کتێبی بەناوبانگی خۆیدا، داڕووخانی عەقڵ کە لە 1953دا چاپکرا. بەرهەمەکانی نیچەی وەکو موجادەلەیەکی بەردەوام بە دژی مارکسیسم و سۆسیالیسم ناساندووە و مەحکومی کردووە.

لۆکاچ لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە واڵتر کافمان بەهەڵەدا چووە

که نیچەی بە هیگڵ و چاخی رۆشنگەرییەوە پەیوەند داوەتەوە، چونکە نیچە رەتکەرەوەی عەقڵ و شوناسی عەینی بووە و تەنیا دەتوانین بەلای پەستترین غەریزە حەیوانی و وەحشییانەکانی مرۆڤەوە پەسەند بکرێت و بەگشتی فەلسەفەی ئەو چووچ و دارِزاو و درۆیە.

ئەو کەسانەی کە مارکسیزمیان وەکو هەڵگری یەقینی زانستی دەزانی ، ئەم وتانەیان بە گیان و بە دڵ دەبێت، بەڵام گومانەکان لە دەیەی 1960دا دەستیپێکرد و لەدوای رووخانی سۆڤیەت لە دەیەی 1990دا دۆڕاوی ئەم کایەیە لۆکاچ بوو نەوەکو نیچە.

لە هەر شێوە باسێکدا سەبارەت بە نیچە لە ئەندێشە لەم چەرخەدا، بێگومان دەبێت جیا لە دژەژنی رواڵەتی ئەو، لە نفوزی ئەو لە بزووتنەوەی فمنیسمدا قسە بکرێت، بەڵام چونکە وا دیارە سەبارەت بەم بابەتە لە یەکێک لە دانیشتنەکانی داهاتووی ئەم ئەنجومەنەدا باسی لێدەکرێت لێرەدا کۆتایی بە وتەکانم دێنم.

ئەنجامی کەلام بە زمانێکی ساکارو بۆ تاکی غەیرە فەیلەسوف ئەوەیە کە نیچە بێگومان خاپوورکەرە و هەمیشە دەتوانێت نیشانبدات کە باوەڕەکانی ئێوە هەڵەیە. ئەو ئیمانی خەڵک بە راستەقینەبوونی باوەڕەکانیان سست دەکات و دەڵێت: راستەقینە یانی ئەو شتەی کە بەلای ئێوەوە راستە و بێگومان کەسێک کە بڵێت عەقڵ پێوەری حەق و حەقیقەت نییە، بنەمای ئەخلاقی لەرزۆک دەکات. کەوابوو ئەگەر لە دەوروبەرتان بڕوانن و وا هەست بکەن کە زەوی لەژێر پێتاندا دەلەرزێت، وا باشترە هەروا روانینێکیشتان بۆ نیچە هەبێت کە لە چەرخی سەردەمدا رەنگە گرنگترین سەرچاوەی ئەو بوومەلەرزەیە بووبێت.

**سەرنج**

*دەقی وتەکانی نووسەر لە دانیشتنێکدا لە یەکێک لە فەرهەنگسەراکان لە تاران لە رێکەوتی 1380/11/30.

وەرگێڕاوە لە گۆڤاری (بخارا)- ژمارە 33-34

# ئاوابوونی بتەکان

نوسینی: نیچە

لە ئینگلیزییەوە: ئاوات ئەحمەد

**دروشم و تیر**

1. دەسبەئاڵی سەرەتای هەموو سایکۆلۆجیایە. چی بڵێی سایکۆلۆجیا سوکی بێت؟

2. تەنانەت جوامێرترین کەسیشمان بە دەگمەن دەتوانێت بەرگەی هەموو ئەوە بگرێت کە دەیزانێت..

3. ئەرەستۆ دەڵێت... مرۆڤ بۆ ئەوەی بە تەنها بژی، پێویستە یان جانەوەر بێت یان خواوەند. ئەو حاڵەتی سێهەم جێدەهێڵێت: پێویستە هەردوکیان بێت فەیلەسوف بێت..

4. «هەموو حەقیقەت سادەیە»... ئایا ئەمە دووجار درۆ نییە؟

5. دەمەوێت یەکجارو بۆ دواجار، زۆر شت نەزانم داناییش سنور بۆ زانین دادەنێت.

6. لە سروشتی کێوییانەی خۆماندا باشترین کاردانەوە لە ناسروشتمانەوە، لە رۆحانییەتماندا دەدۆزینەوە.

7. چی؟ ئایا مرۆڤ هەڵەی یەزدانە؟ یاخود یەزدان هەڵەی مرۆڤە؟

8. لە ژیانی ناو قوتابخانەی جەنگەوە، ئەوەی تێکم ناشکێنێت بەهێزترم دەکات.

9. یاریدەی خۆت بدە، ئەوسا هەموو کەس یاریدەت دەدات. پرەنسیپی خۆشویستنی خزم.

10. بێزت لە رەفتاری کەس نەیەتەوە! دوای روودانیان پشتگوێیان مەخە، سەرکوتکردنی ویژدان شتێکی باش نییە.

11. ئایا کەر دەتوانێت تراژیدی بێت؟ لەژێر قورسایی بارێکدا بفەوتێت کە نەتوانێت هەڵی بگرێت و نەشتوانێت دای بنێت؟ ئەمەیە رەوشی فەیلەسوف.

12. گەر بۆچیی خۆمانمان بۆ ژیان هەبێت، ئەوا دەبێت تا رادەیەک لەگەڵ هەموو چۆنێکدا هەڵبکەین.. مرۆڤ بۆ چێژ تێناکۆشێت، تەنها پیاوی ئینگلیز وا دەکات.

13. پیاو ژنی خوڵقاندووە لە چی؟ لە پەراسووی خوداکەی ئیدیاڵەکەی

14. چی دەگەڕێیت؟ تۆ خۆت دە ئەوەندە زیاد دەکەیت، سەد ئەوەندە بۆ شوێنکەوتوانت دەگەڕێیت؟ بۆ سفرەکان بگەڕێ.

15. پیاوانی رۆژی ئاخیرەت من، بۆ نموونە کەمتر لێیان تێدەگەین لەوانەی پیاوی کاتی خۆیانن، بەڵام بە مانایەکی باشتر و راشکاوتر: ئێمە هەرگیز لێیان تێنەگەیشتووین، دەسەڵاتی ئێمەش لێرەدایە.

16. لەناو ژناندا راستی هەیە؟ ئۆهـ، ئێوە راستی نازانن! ئایا ئەمە هەوڵێک نییە بۆ کوشتنی هەموو حەرامکراوەکانمان؟

17.ئـەمـە هونەرمەندێکە بـەو شێوەیەی من هونەرمەندانم خۆشدەوێت، میانڕەو لە پێداویستییەکانیدا: ئەو بەراستی تەنها دوو شتی دەوێت: بژێویی و گەمە [«bread and Circe . panem et Circen»].

18. هەر کەسێک نەزانێت چۆن ئیرادەی خۆی دەکات بە شتەکان، لانیکەم مانایەکیان پێدەبەخشێت: ئەمەش مانای ئەوەیە کە ئەویش باوەڕی بەوەیە هەموویان گوێڕایەڵی ئیرادەن (ئەمەش بنەڕەتی باوەڕە).

19. چی؟ ئێوە نیکی و هەستە پەرۆشەکانتان هەڵبژاردووە و هێشتاش بە تەمای سودوەرگرتنن لەو شتانەی گومانیان تێدا نییە؟ بەڵام نیکی خۆی دەسبەرداربوونی سوود دەگرێتەوە (نوسینێک بۆ دەرگایەکی دژ بە سامییەت).

20. ژنی کامڵ گوناحی ئەدەب دەکات وەکئەوەی گوناحێکی بچوک

بکات: وەک تاقیکردنەوەیەک، کە دەریش چوو سەیری دەوروپشتی خۆی دەکات تا بزانێت کەس تێبینی کردووە، هەروەها بۆ ئەوەی کەسێک تێبینی بکات.

21. بۆ ئەوەی بچینە ناو هەموو جۆرە حاڵەتێکەوە کە دەشێت تێیدا مرۆڤ هیچ نیکییەکی ساختەی نەبێت، کە تێیدا وەک تەنافبازی سەر گوریس یان دەبێت خۆمان بگرین، یاخود بکەوینە خوارەوە، یاخود تێبپەڕین.

22. «پیاوخراپان گۆرانییان نییە»، کەواتا چۆنکە روسەکان گۆرانییان هەیە.

23. رۆحی ئەڵمانی: لەماوەی هەژدە ساڵی رابردوودا «لەگەڵ خۆیدا ناکۆکە».

24. بە گەڕان بەدوای ئەسڵەکاندا، مرۆڤ دەبێتە قرژاڵ. مێژوونوس ئاوڕ دەداتەوە بۆ دواوە، سەرەنجام ئەویش باوەڕ بە گەڕانەوە بۆ دواوە دەهێنێت.

25. تێری تەنانەت لە سەرماش دەمانپارێزێت. ئایا قەت ژنێک کە خۆی زانیبێتی بە باشی پۆشاکی لەبەرکردووە، سەرمای بووە؟ من گریمانە دەکەم بە حاڵ جلی لەبەردا بووە.

26. من متمانەم نییە بە هەموو سیستم درووستکەرەکان و خۆمیان لێ لادەدەم، ئیرادە بۆ سیستمێک برێتیە لە کەمی نەزاهەت.

27. نان بە قووڵ و مەند دادەنرێن، بۆچی؟ چونکە مرۆڤ هەرگیز ناگاتە قوڵاییان، ژنان تەنک نین.

28. ئەگەر ئافرەتێک نیکییە پیاوانەکانی هەبێت، پیاو هەستدەکات دەیەوێت لە دەستی رابکات، خۆ ئەگەر نیکییە پیاوانییەکانی نەبوو، ئەوا ئەو خۆی رادەکات.

29. جاران چەند هۆشی هەبوو بیجوێنەوە؟ چۆن ددانێکی تۆکمەشی هەبوو؟ چی نوقسانە؟ ئەمە پرسیاری دانسازە.

30. مرۆ بە دەگمەن دەکەوێتە ناو یەک هەڵەوە. مرۆڤ کە دەکەوێتە یەکەمین هەڵەوە، زۆری پێوە دەنێت، بۆیە بەگشتی هەڵەیەکی تریش دەکات ئەمجارەیان زۆر کەمتر.

31. کرم کە پێی پێدانرا خۆی دەپێچێتەوە. ئەمە شتێکی زرنگانەیە، بەم ڕێگایە خۆی بۆ شێمانەی پێ پێدانانی نوێ سازدەکات. لە زمانی ئاکارێتیدا: ئەمەیە بێفیزی.

32. رقێک هەیە لە درۆو ریایی، لە هەستی ئاسانی شکۆوە هەڵدەقوڵێت، رقێکی تری ئاواش هەیە لە ترسنۆکی. مادام درۆ بە فەرمانێکی یەزدانی قەدەغە کراوە. ئیتر لە ترسا درۆی بۆ ناکرێت.

33. چەند کەم پێویستە بۆ شادمانی! دەنگی زوڕنای گوند وا دەڵێت ژیان بەبێ مۆزیک هەڵەیەکە و بەس. ئەڵمانەکان پێیانوایە تەنانەت خوداش گۆرانی دەڵێت.

34.

(بە دانیشتنەوە نەبێت On ne peut penser et écrire qu›assis نائوانین بیر بکەینەوە-گۆستاڤ فلۆبێر). ئەی نیهلیستی لێرەدا گرتمیت! ژیانی سست و خاو گوناحێکی گەورەیە دژی رۆحی پیرۆز. تەنها ئەو هزرانەی بە رۆیشتنەوە دێن بەهایان هەیە.

35. حاڵەتی وا هەیە تێیاندا ئێمەی دەروناس وەکو ئەسپ واین و ئارام ناگرین: سێبەری خۆمان دەبینین لەبەردەممماندا سەروخوار دەکات. پێویستە دەروونناس چاوی لەسەر خۆی لاببات بۆ ئەوەی شتی تر ببینێت.

36. ئایا ئێمەی نائاکاریی ئازاری نیکیی دەدەین؟ کەم بە قەدەر ئەوەی گێرەشێوێنەکان ئازاری میران دەدەن، تەنیا لەو کاتەوە کە میران خۆیان لەسەر عەرشیان قاییمکرد، ئیتر بوون بە نیشان. ئاکار پێویستە تەقە لە ئاکارێتی بکەین.

37. لەپێشەوە رادەکەیت؟ ئایا تۆ وەکو شوان دەکەیت، یاخود وەک

ئاوەرتەیەک؟ حاڵەتی سێهەم قوچاندن دەبێت.. یەکەمین پرسیاری هۆش.

38. ئایا تۆ راستیت؟ یاخود ئەکتەریت؟ نوێنەرێکیت؟ یان ئەوەی نوێنەریی کراوە؟ لە کۆتاییدا، رەنگە تۆ کۆپی ئەکتەرێکیش بیت دووهەمین پرسیاری هۆش.

39. نائومێدەکە دەدوێت، بەدوای مرۆڤی مەزندا گەڕام، هەمیشە هەر مەیمونەکانی ئیدیاڵەکانی ئەوانم بینیوە.

40. ئایا تۆ لەوانەیت کە دەنوارن؟ یان ئەوانەی دەستی یارمەتی درێژ دەکەن؟ یان ئەوەی روو وەردەگێڕێت و دەڕوات؟ سێهەمین پرسیاری هۆش.

41. دەتەوێت لەگەڵیدا بڕۆیت، یان لە پێشەنگەوە؟ یان خۆت بڕۆیت؟ پێویستە مرۆڤ بزانێت چی دەوێت و بزانێت کە شتێکی دەوێت. چوارەمین پرسیاری هۆش.

42. ئەوانە پلە بوون بۆ من، من بەسەریاندا سەرکەوتم بۆ ئەو کۆتاییەی دەبوو بەسەریاندا تێپەڕم، کەچی ئەوان وایان دەزانی من دەمەوێت لەسەریان بحەوێمەوە.

43. چ گرنگە ئەگەر من بە راستی بمێنمەوە! من زۆر زۆر راستم. ئەو کەسەش کە ئیمڕۆ باشتر پێدەکەنێت، دواجاریش هەر ئەو پێدەکەنێت.

44. دارشتەی کامەرانی من: بەڵێیەک، نەخێرێک، هێڵێکی راست، ئامانجێک.

# ئایا نیچە باوکی رووحیی فاشیزمە؟

نوسینی: جاکۆب گۆڵۆمب و رۆبەرت.س. وێستەریچ
لە عەرەبییەوە: کامیل محەمەد قەرەداغی

کۆمەڵێک فەیلەسوف و نوسەری زانکۆ جیاوازەکانی جیهان بەشدارییان لە نوسینی ئەم کتێبەدا کردووە، کە ژمارەیان لە (15)کەس کەمتر نییە. لە نێوانیاندا (دانییڵ. و.کۆنۆی)ی پرۆفیسۆری فەلسەفەی زانکۆی پەنسلڤانیای وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کە لەبواری فەلسەفەی سیاسیی سەدەی بیستەمدا پسپۆرە و (نیچە و سیاسەت و یارییە مەترسیدارەکەی نیچە) دووان لە گرنگترین کتێبەکانی ئەون.

جگە لەویش (ستانلی کۆرت گۆڵد)ی پرۆفیسۆری زمانی ئەڵمانی و وێژەی بەراوردکاریی زانکۆی برنستۆنیش بەشداریی کردووە.

یەکێک لە بڵاوکەرەوەکانیش بریتیە لە پرۆفیسۆر (جاکۆب کۆڵۆمب) ی نوسەری کتێبە ناودارەکەی «گەڕان بەدوای پاکیو ڕەسەنایەتیدا.. شیکردنەوەی وردی دەروونییانەی دەسەڵات لەلای نیچە» و کتێبی «جولەکە و دژاینیکردنی سامیزم: ڕقێکی دێرین»یشی نوسیوە.

یەکێکی تر لە ناونیشانەکانی ئەو کتێبە لەژێر ناوی «نیچە و هێتلەر»دایە، کە پرۆفیسۆر «ئەلیکسەندەر نیهاماس» نوسیویەتی. ئەلیکسەندەر پرۆفیسۆری فەلسەفەیە لە زانکۆی برنستۆن.

هەر لە سەرەتاوە کتێبەکە ئەم پرسیارە دەوروژێنێت: ئایا پەیوەندییەک لەنێوان نیچە و فاشیزمدا هەیە؟ ئایا دەکرێت فەیلەسوفێک لە پایەی نیچەدا پەیوەندیەکی بە ئایدیۆلۆژیایەکی فاشیستان، یان تاوانکارانەوە هەبێت؟

ئەوە شتێکی زانراو و ڕوونە کە ئەو بیرۆکە بنچینەییەی نیچە جەختی کردۆتە سەری، بریتیە لە ئازادیی تاکەکەسی و پێویستیی ئەوەی

که دەبێت مرۆڤ خۆی ئاینده و چارەنووسی بڕیار لێبدات، لەبەر ئەوە بەوە تۆمەتباریان کرد کە کەسێکە لەڕووی هزر و ئاراستەوە ئەرستۆکرات و ڕادیکاڵە. لەبەر ئەوەی ئەو ڕقی لە کەلتووری جەماوەری بووە و پێیوتووە کەلتوری (مێگەل)، بۆیە ئەو پێشبینیی ئەوەی کردووە کە ڕۆژێک لە ڕۆژان سەردەمی «سوپەرمان» بێنە ئاراوە: واتا ئەو کەسە باڵا دانسقەیەی کە ئاستی ئەم مرۆڤەی ئێستە تێدەپەڕێنێت.

کەواتا ئایا پەیوەندیی فەیلەسوفێکی وا بەو بزووتنەوەی نازیزمەوە چییە کە جاران یاریی بە ئاوەزی جەماوەرەوە کردووە و بەرەو هێنانەدی ئامانجە شۆڤێنییەکانی خۆی ئاراستەی پێگرتووە؟ پەیوەندیی ئەو بەو ئایدیۆلۆژیایەوە چییە کە کەسێتیی تاک دەسڕێتەوە و پرۆسەی مێشک شۆرینەوەشی بۆ دەکات؟

بەڵام هەندێک ڕاستییش هەن نابێت فەرامۆشیان بکەین، چونکە لە ساڵی(1934)دا هیتلەر سەردانی ئەرشیفی تایبەت بە هزری نیچە دەکات لە شاری (ڤایمار). لەوێ (ئەلیزابیت نیچە)ی خوشکی فەیلەسوف دەبینێت کە چووەتە ساڵەوە. وێنەیەکی بەناوبانگ هەیە ئەو سەردانە نەمر دەکات، تیایدا نیچە تەوقە لەگەڵ ئەلیزابێت نیچەدا دەکات و وەک ڕێزێک بۆ یادی براکەی کە لە سەرەتای ساڵی (1900)دا مردووە دەنوشتێتەوە.

بەڵام ئایا ئەوە بەسە بۆئەوەی کەبڵێین نیچە و هیتلەر یەک شتن؟ لەڕاستیدا ئامانجی ئەو سەردانە تەنها بۆ پڕوپاگەندە بووە و هیچی تر! چونکە میدیای «نازیزم یان ناسیۆنالیزمی سۆشیالیستی»، پێویستی بەوە هەبووە کە بڕێکی زیاتر گەورە ڕۆشنبیرەکانی ئەڵمان بەلای خۆیدا دابین بکات، بە زیندوو و مردوویانەوە، بۆیە ئامانجی ئەو سەردانەش ڕەخساندنی هەلێک بووە بۆ (وێنە) بۆ ئەوەی وێنەیەکی هیتلەر بگیرێت کە دەڕوانێتە پەیکەرەکەی نیچە، بۆ ئەوەی دواتر ئەو وێنەیە لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەکانەوە بڵاوبکرێتەوە و خەڵک وا تێبگەیەنرێت کە نیچە لە هیتلەر ڕازی بووە!!.

لەبەر ئەم هۆیە و لە کاتی خۆیدا رۆژنامەوانیی ئەڵمانی لەکاتی خۆیدا وێنەکەی بڵاوکردەوە و لە ژێریدا بە پلارێک نوسیبوی: فۆهرەر لەبەردەم پەیکەری ئەو فەیلەسوفە ئەڵمانییەدا کە هزرو بیری ئەو دوو بزووتنەوەی میللی گەورەی پاراو کرد. بزووتنەوەی ناسیۆنالیستیی سۆشیالیستی لە ئەڵمانیا و بزووتنەوەی فاشیزم لە ئیتاڵیا.

لەڕاستیدا (مۆسۆلینی) یەکێک بوو لە گەورەترینی ئەو کەسانەی کە بە فەلسەفەی نیچە سەرسام بوو، زۆربەی کتێبەکانیشیی خوێندبۆوە، بەڵام ئەوە شتێکی دڵنیایی نییە کە هێتلەر نیچەی ناسیبێت، چونکە لە رۆژگاری جەنگی جیهانیی یەکەمدا ئەم کتێبەکانی (شۆپنهاوەر)ی پێبووە نەک کتێبەکانی نیچە، ئەمە راستییەکی دڵنیاییە مێژوونوسەکان سەلماندوویانە.

لە کتێبە بەناوبانگەکەشیدا (خەباتی من- ماین کامپف) هیچ ئاماژەیەک بۆ نیچە نییە، ئەمە لە کاتێکدا کە ناوی (شۆپنهاوەر) لە کتێبەکەی و لەناو قسە تایبەتییەکانیشدا هاتووە، ئاماژەدانی هیتلەر بە نیچە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بووە، وەک ئەوەی کە وتوویەتی:

ئەگەر جولەکە بیانتوانیبا لە وڵاتی ئێمەدا زاڵبن ئەوا یەکسەر نوسراوەکانی شۆپنهاوەر، نیچە، کانت یان نەدەهێشتەوە. ئەگەر بەلشەفیکەکانیش هەلی ئەوەیان بۆ بڕەخسابا ماوەی دووسەد ساڵێک بەسەرماندا زاڵبن ئەوا بۆ هەتاهەتایە شتێک لە کەلەپوری نەتەوەییمان نەدەمایەوە (بۆ وەچەکانی داهاتوو)ی هەموو خەڵکە مەزنەکانمان لە تووێی لەبیرچووەنەوەدا لەیاد دەچوون، لەوانە بوو هەروەکو چەتە و تاوانکاریش دەیاندانە بەر.

لە ساڵی(1944)دا کە نازییەکان ئاهەنگی یادی سەدساڵەی لەدایکبوونی نیچەیان گێڕا، (ئالفرێد رۆزنبێرگ)ی تیۆرکاری حزبەکە وتارێکی تێدا خوێندەوە وتی: پڕ بەمانای مێژوویی ڕاستەقینەی وشەکە، چۆن دەسەڵاندارانی سەردەمەکەی خۆی شەرمیان لە نیچە کردووە، ئاواش

بەشەکانی تری جیهان شەرم لە بزووتنەوەی ناسیۆنالیستیی سۆسیالیستی دەکەن».

بێگومان نیچە تاکە سەرکردەی رووحی بزووتنەوەی نازیزم نەبووە، بەڵام بە دڵنیاییەوە ئەوان زۆر پشتیان پێی بەستووە و هەوڵیانداوە هزری ئەو لە بەرژەوەندیی بیروباوەڕەکەی خۆیاندا بەکاربهێنن، بەڵام ئەوە چی بووە لە نیچەدا کە بەدڵی نازییەکان بووە؟ بۆچی خۆشیانویستووە؟ ئەوە ئەو پرسیارەیە کە ئەم کتێبە دەیوروژێنێت.

لەڕاستیدا ناعەقڵانیەتە سەرسەختەکەی فەلسەفەی نیچە و شێوازە پەرلەمانتارییە پەراشەکەی و تووڕەییە ئاشکراکەی، هەموو بەیەکەوە کۆمەڵە شتێکن کە ئەو کاتەی هێتلەرمان بیردەخەنەوە کە دەچووە سەر سەکۆ و گوتارێکی حەماسییانەی دەدا و کڵپەی لە گەلی ئەڵمانیا بەردەدا.

کەواتە بەبێ گومان لە یەکچوونێک لەنێوان شێوازی نیچە و کەسێتی هێتلەردا هەیە، بەڵام ئەگەر لەڕووی ناوەڕۆکەوە بڕوانین ئەو مەسەلەکان تێکەڵتر و ئاڵۆزتر چـاوەدەدات، چونکە ناکرێت ئەو فەلسەفە گرێچن و قورسەی نیچە بچوک و کرچ بکەینەوە بۆسەر تەنها ئایدیۆلۆژیایەکی نازی یان فاشیستی، هەڵە و تێکەڵکردنە کە ئالێرەدا ڕوودەدات.

گومان لەوەدا نییە کە هەندێک بیرۆکەی هاوبەشیان هەن، بەڵام زۆر شتی تریشیان هەن کە ناهاوبەشن. لەو شتانەشیان کە هاوبەشن تێزی دەستەبژێرخوازیی نیچە و جەختکردنەوەی ئەوە لەسەر تاکە بەهێز و کارامەکان و ڕقبوونەوەشی لە خەڵکە لاواز و نەخۆشەکان، ئەوەش شتێکی ڕوونە کە نازییەکان بڕوایان هەر بە ڕەگەزی (ئاری)هەبووە کە دەبێت بەسەر هەموو ڕەگەزە مرۆییەکانی تردا زاڵبێت. نیچە سڵی لەوە نەدەکردەوە کە ملیۆنان خەڵک بمرن، ئەگەر مردنەکەیان لە ئازایی و بەهێزیدا نەبێت، هێتلەریش هەر ئەوەی کرد.

لەڕاستیدا فەلسەفەی نیچە دەکرێت لە چەند ڕوویەکەوە ڕاڤە بکرێت،

کەواتە دەکرێت راڤەکردنی نازییانەی فەلسەفەکەشی ڕاست بێت وەک ئەوەی کە ڕاڤەکردنەکانی تری دژە نازیستیەکەش ڕاست دەبن. گومان لەوەدا نییە کە نیچە بڕوای بە بیرۆکەی پیاوی مەزن و ڕۆڵی پیاوی مەزن لە مێژوودا هەبووە، بەڵام ڕقیشی لە خەڵکی ئاسایی و جەماوەریش بووە و بە مێگەلی شوبهاندوون.

هەندێکیش دەڵێن فەلسەفەی نیچە خولیای پاڵەوانێتیی تاکەکەسی و ئیرادەی هێز بووە و لەوانەشە بەمە هانی لەدایکبوونی ئایدیۆلۆژیای فاشیزمیانەی لە ئەوروپادا داوە و ئەوەش شتێکی ڕوونە کە فاشیزمیش بە پلەی یەکەم پێ لەسەر (هێز) دادەگرێت.

نیچە شتێکی وای دەووت کە ماناکەی بکاتە ئەوەی: پێویستە ئێمە بە شێوەیەکی مەترسیدارانە بژین، یان بەسەر کەناری مەترسییەوە.

«مۆسۆلینی»ش ئەم دەستەواژەیەی کردووە بە دروشمێک بۆ بزووتنەوەی فاشیزمی ئیتالی، ئەوەش ڕوونە کە ئەوە خوێندنەوەی بەردەوامی نیچە بوو کە ئاراستەی بە مۆسۆلینی لە مارکسیزمەوە گۆڕی بۆ ئەوەی فەلسەفەی قوربانیدان و شەڕکردن و مردن لە پێناوی نیشتماندا هەڵبژێرێت.

فەلسەفەی نیچە ڕەوایی لەو عەقڵیەتە شەڕەنگێزە شەڕخوازە سەندەوە کە تینووی هێز و خوێنڕشتنە، بەڵام خەڵکانی لاوازیش لەسەر ئەم زەوییە جێگەیان نابێتەوە و پێویستە لەناو بچن. ئالێرەدا هەندێک بابەتی نزیک لە ئایدیۆلۆژیای نازییانە دەبینین. لەبەر ئەم هۆیەیە «جۆرج لۆکاچ»ی فەیلەسوفی مارکسیزم لە پڕوپاگەندەکردن بۆ سەرمایەداریی سەروخوازیی ئیمپریالیستیانە بەولاوە چیدیکە نابینێت.

هەروەها فۆڕمێکی زۆر مەترسیدارانەی فەلسەفەی ناعەقڵانیەشی تێدا بینیوە، بەڵام هەندێک خەڵکی تریش دەڵێن کە فاشیست و شەڕخوازەکان و نازییەکان بە شێوەیەکی زیادەڕەوانە فەلسەفەکەی نیچەیان لەپێناوی پڕوپاگەندە کردنە ئایدیۆلۆژییەکەی خۆیاندا بەکارهێناوە، چونکە فەلسەفەکەی زۆر لەوە قووڵترە و مرۆڤانەتریشە، چونکە هزرە پێشبینیکار و باڵادەستەکەی سەرباری

شێوازە شاعیریەکەی کە هیچ شتێک نییە شان لەشانی بداتـ، بواری ئەوەش دەداتـ کە لەلایەن فاشیستەکانیشەوە پاوان بکرێتـ.

بەڵام نازییەکانیش فەلسەفەی کانتیان بۆ ئەوە بەکارهێنا کە ڕەوایی بە ئایدیۆلۆژیاکەی خۆیان ببەخشن. ئەوەش ڕوونە کە (کانتـ) لەکاتی فەرمانڕەوایی نازییەکاندا زۆر مەزن و سەلار بووە، بۆیە ئەمەش دەڵێین، چونکە هزرەکەی ئەم زۆر عەقڵانی بووە و شێوازەکەشی وەک ئەوەی نیچە نییە نە سوکایەتی پێکردنە نە تووڕەیە و نە جوانییشە.

لەڕاستیدا هەمیشە حزبە سیاسییەکان پێویستیان بەوە هەیە کە کۆمەڵێک ڕۆشنبیر بکەنە پاڵپشتی ئایدیۆلۆژیایەک، بۆیە هەرچەند ڕۆشنبیرەکە گەورە بووبێتـ، ئەوەندە حزبەکان هەوڵیانداوە هزرەکانی بۆ خۆیان پاوان بکەن. دواتریش هیچ بیریارێک ناتوانێتـ ڕێگەی ئەوە لە خەڵکانی تر بگرێتـ کە هزرەکانی بۆ مەبەستە تایبەتەکانی خۆیان بەکاربهێنن.

ئەم قسەیە بەسەر نیچە و خەڵکانی تری جگە لە نیچەشدا پیادە دەبێتـ. ئێمە لە کاتێکدا وا دەڵێین کە نیچە مردووە، بەڵام هێرشبردنی نیچە بۆسەر ئاکاری مەسیحیەتـ و بانگەشەکردن بۆ وازلێهێنانی و گەڕانەوە بۆسەر بتپەرستێنی بەشداریی کردووە لەوەی کە نێوانی ئەم و نازییەکان لەیەکتر نزیک ببێنەوە، یان بابڵێین هەموو ئەمانە بەیەکەوە وایان کردووە هزرەکەی شیانی ئەوەی هەبێتـ لەلایەن نازییەکانەوە پاوان بکرێتـ، یان بەکاربهێنرێتـ.

فاکتەرێکی تریش هەیە بەشداریی لە بڵاوبوونەوەی باسی ئەم پەیوەندییەی نێوانی نیچە و نازیزمدا کردووە و ئێمە تائێستە باسمان نەکردووە، مەبەستمان لەوەش ئەو ڕۆڵەیە کە «ئەلیزابیس»ی خوشکی نیچە لەم بوارەدا گێڕاویەتی، چونکە ئەوەش شتێکی بەڵگە نەویستە کە ئەویش و مێردەکەشی فاشیستی تۆخ بوون. بۆیە ئەم لە بیستەکانی سەدەی ڕابردووەوە پڕوپاگەندەی ئەوەی بڵاو دەکـردەوە کە «فریدریک نیچە»ی برای فەیلەسوفی فاشیزمە. بگرە ڕێز و سڵاوی خۆیشی نـاردووە بۆ «مۆسۆلێنی» و پێیوتووە کە «تۆ

زیندووکەرەوەی بەها ئەرستۆکراتیەکانیێ»، پڕ بە مانای نیچەییانەی وشەی «بەهای ئەرستۆکراتی» و ئەگەر براکەم زیندوو بوایە لێی ڕازی دەبوو و ئاراستەکانی پەسەند دەکرد.

وەک پێشتریش وتمان ئەو لە ماڵەکەی خۆیدا پێشوازیی لە هیتلەر کردو ئەو داردەستەی نیچەی پێشکەشکرد کە نیچە وەک داردەست بەکاری دەهێنا و لە گەڕانەکانی ڕۆژانەیدا لەناو چیاکانی سویسرا و ئیتاڵیا و فەرەنسادا بەکاری دەهێنا.

بێگومان «ئەلیزابێت نیچە» نازییەکی ڕاستەقینە بووە، بەڵام ئایا براکەی کە خاوەنی گەورەترین عەبقەرییەتی فەلسەفی ناو مێژووی ئەڵمانیایە نازی بووە؟، ئەمە مەسەلەیەکە گومان هەڵدەگرێت سەرباری ئەو لەیەکچوونانەش کە لەنێوان هەردوولادا هەیە. ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە هزری نیچە هاودژییە، ئیشکالییە، لەبەر ئەم هۆیە «کارڵ یاسبرز»ی فەیلەسوفی ئەڵمانی زۆر بەرامبەر بەوە نەیار و ناڕازی بووە کە هزری نیچە لەلایەن نازییەکانەوە دەستی بەسەردا بگیرێت و وتویەتی ئەوە کارێکی نەکردەنییە و دژی ڕاستی و ڕەوایی هزری نیچەیە و خواش بۆخۆی دەزانێت ڕاستییەکان چۆنن.

? NIETZSCHE, GODFATHER OF FASCISM
ON THE USES AND ABUSES OF PHILOSOPHY
JACOB GOLOMB & ROBERT S WISTRICH
PRINCENTON UNIVERSITY PRESS 2002
P . 341

سەرچاوە: بیان الکتب - ئینتەرنێت.
شوێنی بڵاوکردنەوە: لە چاپکراوەکانی زانکۆی برنستۆن و ئۆکسفۆرد 2002
(341) لاپەڕەی قەبارە گەورە

# نیچە..
# هونەر و سیاسەتی ئایندە

دانانی: مارک کریبون

لە عەرەبییەوە: یاسین عومەر

دانەری ئەم کتێبە توێژەری فەرەنسی مارک کریبونی، بەڕێوەبەری بەش لە سەنتەری نەتەوەیی بۆ توێژینەوە زانستییەکانی فەرەنسایە. هەروەها کریبون وەرگێڕی یەکێک لە کتێبەکانی نیچەشە کە لە ئەڵمانییەوە کردوویەتی بە فەرەنسی، لە ڕابردووشدا چەند کتێبێکی بڵاوکردۆتەوە، لەوانە: جوگرافیای ڕۆح (1996)، بەڵێنەکانی زمان (2001).

لەم کتێبە نوێیەشدا چەند تیشکێکی نوێ دەخاتە سەر فەلسەفەی نیچە کە زیاتر لە سەد ساڵە و ئێستاشی لەسەر بێت جیهانی بەخۆیەوە سەرقاڵکردووە. نیچە کە ساڵی 1844 لەدایکبووە و ساڵی 1900 بە شێتی مردووە، ژیانی ئەقڵییانەی لە ساڵی (1889)وە لەکار وەستابوو. بە واتایەکی تر ئەو تەنها 45 ساڵێک یان تۆزێک کەمتر بە توانای ئەقڵیی خۆیەوە ژیاوە، چونکە ماوەی دە ساڵێک یان یانزە ساڵێکی دوای ژیانی ئەو نوقمی قوڵاییەکانی شێتی بوو. کەچی تا ئێستا و ئێستاشی لەسەر بێت بیرکردنەوەی گەورە توێژەرانی دنیای بە خۆیەوە سەرقاڵکردووە. هـەزاران کتێب و لێکۆڵینەوەی بە چەندەها زمانی جۆراوجۆری ئەوروپی سەرباری زمانی دایک (ئەڵمانی) لەسەر نووسراوە.

لەڕاستیدا ئەم بیریارە مەزنە نیوەی دووەمی ژیانی لە تەنهاییەکی کوشندە و لە بێدەنگییەکی ترسناکدا بەسەربرد، زەینڕونییەکی داهێنەرانەی هەبوو کە تا ئەوپەڕی دورایی دەیبینی. بۆ نموونە لە 100 ساڵ پێشترەوە پێشبینی دروستبوونی یەکێتی ئەوروپای کردووە! مارک کریبونی دانەریش لەڕێی ئەم کتێبە بەنرخەیەوە ئەمەمان بۆ دەسەلمێنێت. لە کاتێکدا کە

زۆربەی زۆری ڕۆشنبیران و هونەرمەندانی ئەڵمانیا، لەسەرو هەموویانەوە فاگنەر، بەرەو بیری دەمارگیری و بەرتەسکی نەتەوەیی ئەڵمانیی داخراو بەسەرخۆیدا ملیان دەنا. نیچە ئیدانەی هەموو ئینفیلاتێکی هزری دەکرد جا ئەم ئینفیلاتە نەتەوەیی بێت یان ڕەگەزی بێت، هەروەها نیچە بانگەشەی بۆ پێکهێنانی ئاسۆیەکی ئازاد و کراوە بۆ ڕۆشنبیری ئەوروپی دەکرد. ئا بەم شێوەیە نیچە گەورەتره لە سەردەمەکەی و دوورتر لە بەرلوتی خۆی دەبینی.

پاشان دانەر ئەوەشی بۆ زیاد دەکات: ڕاستە پڕوپاگەندەی نازیزم هەوڵیدا نیچە بهێنێتەوە مەیدان و هزری بۆ مەرام و بەرژەوەندییەکانی خۆی هزری ئەو بەکاربهێنێت، بەڵام هەر کەسێ کتێبەکانی نیچە بخوێنێتەوە دەزانێت کە ئەو لە ڕادەبەدەر ڕقی لە ئەڵمان و تەوژمی جێرمەنی بووە. زۆرجار دژایەتی ئەڵمانی دەکردو هەمیشە سەرسامی خۆی بۆ دوژمنە مێژووییەکانیان (واتە فەرەنسییەکان) دەردەبڕی!

نیچە ڕەتیکردۆتەوە کە لە نێو ڕۆشنبیریی ئەڵمانییدا دەرگا لەسەر خۆی کلۆم بدات، وەک فاگنەر و زۆر کەسی تر کردیان، هەروەها ئەوەشی ڕەتکردەوە بە چاوی ڕق و کینەوە بڕوانێتە ئەو میللەتانەی تری ئەوروپا کە مونافسی ئەڵمانیا بوون و لە ڕووی زمان و مێژووەوە لێی جیاوازبوون، وەک فەرەنسا یان ئیتاڵیا یان ئینگلتەرا.

نوسەر کتێبەکەی دابەشکردووە بۆ شەش بەش و پێشەکییەکی گشتی لەگەڵ پاشەکییەکدا. بەشی یەکەم لەژێر ئەم ناونیشانەدایە: ئایندەی ئەوروپییەکان، کە تیایدا دانەر لەمەڕ چۆنێتی بۆچوونی نیچە بۆ تاکی باشی ئەوروپی کە لە ئایندەدا دەردەکەوێت، هەروەها لەمەڕ دیموکراتیزەبوونی ئەوروپا و بڵاوبوونەوەی دیموکراتیەت تیایدا، دەدوێت.

بەشی دووەم لە ژێر ئەم ناونیشانەدایە: کەسایەتییەکانی ئەوروپا. و لێرەدا دانەر سەبارەت بە بۆچوون و ڕوانینی سێ کەسایەتی گەورە بۆ یەکگرتنی ئەوروپا دەدوێت کە ئەوانیش بریتین لە: ناپلیۆن، گۆتە، فاگنەر.

بەشی سێیەمی کتێبەکە لەمەڕ سیاسەتی مۆسیقا دەدوێت کە چۆن دەکرێت بۆ پاڵپشتیکردنی ئەم یان ئەو ڕەوتی سیاسی بەکاربهێنرێت. ئا لێرەدا دانەر بە درێژی لە ئاستی فاگنەر ڕادەوەستێت و لە پەیوەندیی مۆسیقا بە بیرە باوەکانی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەی ئەڵمانیا دەکۆڵێتەوە، کە بە گشتی بیرگەلێکی دەمارگیر و ڕقئامێزن لە بەرامبەر ئەویتری نائەڵمانی. لێرەدا چەند پەرەگرافێک دەبینین لەبارەی هاوڕێیانی هونەرمەند و هونەر و ژیان و گەل و گۆڕی هونەرمەندان دەدوێت.

بەشی چوارەمی کتێبەکە بۆ لێکۆڵینەوەی سیاسەتی مۆسیقا یان پەیوەندی مۆسیقا بە سیاسەتەوە. ئەم جارەیان لە ڕوانگەی نیچەوە نەک فاگنەرەوە تەرخانکراوە. لێرەدا دانەر ئەم پرسیارە گرنگە دەکات: ئایا هێشتا هونەر دەتوانێت ڕزگارمان بکات؟ ڕاستیەکەی نیچە لە سەرەتادا و بەرلەوەی لە بەرامبەر فاگنەردا تووشی بێئومێدیی ببێت، ڕای وابوو.

بەڵام بەشی پێنجەمی کتێبەکە تەرخانکراوە بۆ لێکۆڵینەوەی ئەم بابەتە بنچینەییە: ڕۆشنبیری، مێژوو و سیاسەت. لێرەدا فەلسەفەی مێژوومان لای نیچە بۆ شیدەکاتەوە، هەروەها لەمەڕ بۆچوونی نیچە بۆ سەردەمی داڕمان و چۆنیەتی دەرچوون لەم داڕمانە دەدوێت.. هتد، هەروەها سەبارەت بە گرفتی نەهیلیزم دەدوێت کە هەڕەشە لە شارستانیی ئەوروپا دەکات کە گرفتێکە و نیچەی زۆر بەخۆیەوە سەرقاڵکردووە.

بەشی شەشەمی کتێبەکە تەرخانە بۆ لێکۆڵینەوەی پەیوەندیی نێوان سیاسەت و نوسین. نوسینی لە سەداسەد بێلایەن نییە، هەموو نوسینێک پەیوەندی بە سیاسەتەوە هەیە، یان با بڵێین نوسین خۆی سیاسەتە، نوسین کاریگەری لەسەر کەسانی تر هەیە، کە ڕەنگە ببێتە هۆی سەرهەڵدانی تەوژمێکی هزری و سیاسی بەرفراوان.

وەلێ پاشەکی کتێبەکە ئەم ناونیشانە جوانەی هەڵگرتووە: فەلسەفەی ئاینده، بێگومان لە ڕوانگەی نیچەوە.

هەر لە سەرەتاوە دانەر بەجۆرێک لە جۆرەکان دەڵێت: ئەورووپا وەکو پانتایەکی بەرفراوان بۆ ڕۆشنبیرییەکی هاوبەش و ڕووبەرێکی هاوبەش بۆ هەمووان لە ڕۆشنبیریی بەرایی نیچەدا، واتا ئەو ڕۆشنبیرییەی کە نیچە لە ماڵ یان خێزان یان قوتابخانە یان ئەو دەوروبەرەی تیا دەژیا وەریگرتبوو، وارد نەبوو. بگرە پێچەوانەکەی ڕاست بوو، ئەوکات دەمارگیریی جێرمانی بەهێز بوو و باڵی بەسەر دەروونەکاندا کێشا بوو و هەمووان خەونیان بە مەزنیی و سەرکەوتنی ئەڵمانیا بەسەر میللەتەکانی ترەوە دەبینی، بگرە خەونیان بە پانوپلیشاندنەوەیان دەبینی، بە تایبەتی فەرەنسا.

جا چۆنچۆنی و بە چ شێوەیەک دەشێت لە شۆڕشەکەی نیچە بەسەر سەردەم و بەسەر ئایدۆلۆژیای سەردەمەکەی خۆیدا تێبگەین. نیچە چۆن توانی لە هێزی کێشکردنی ئینتیمای نەتەوەیی و دەمارگیریی خێزانی و جێرمانی خۆی قوتار بکات؟ بۆ وەکو ئەو باقی ڕۆشنبیرەکانی تر پێی هەڵـــنەخزا؟ ئەمە ئەو پرسیارە ڕاستەوخۆیەیە کە دانەر دەیهێنێتە ئاراوە. ڕاستییەکەی هەڵوێستی نیچە لە بەرامبەر دەمارگیریی نەتەوەیی بۆ تەوژمی جێرمانی بوو، ئەوی لە مامۆستا و هاوڕێی گەورەی (ڕیچارد فاگنەر) دابڕی. دیارە دۆستایەتیی ئەو و فاگنەر زۆر بەهێز بوو، حەماسی نیچە بۆ مۆسیقاکەی فاگنەر یەکجار زۆر و فراوان بوو. فاگنەریش لەلای خۆیەوە زۆر دڵخۆش بوو بە بینینی نیچە و فەیلەسوفی ئایندەی تیادا دەبینی.

بێگومان جیاوازی تەمەن لە نێوان ئەم دوو پیاوەدا کاریگەری خۆی لەسەر بۆچوونە ئایدۆلۆژییەکانیان هەبوو. فاگنەر بەلای کەمەوە چل ساڵ لە نیچە گەورەتر بوو، چەندین پەیوەندی و بەرژەوەندیی تایبەتی هەبوو کە هیچ پەیوەندییەکیان بە نیچەوە نەبوو، بەڵام بۆ خاوەنی (زەردەشت ئاوا دوا) ئاسان نەبوو خۆی لە ئەفسونی مامۆستاکەی و سەرنجڕاکێشیە بێوێنەکەی دەرباز بکات.

لەڕاستیدا نیچە بە مەبەستی خۆڕزگارکردن لە دەمارگیرییە نەتەوەییەکەی و گەیشتن بە ئاسۆیەکی فراوانتر کە ئەویش ئەو ئاسۆ ئەوروپییەیە کە سنوری بەرتەسکی نەتەوەی ئەڵمانی یان نەتەوەی فەرەنسی یان ئینگلیزی یان ئیتالی دەبەزێنێت.. و هتد، هەوڵێکی زۆریدا. دیارە لەو سەردەمەدا نەهێشتنی ئینتیمای نەژادیی یان زمانیی یان ئاینیی یان نەتەوەیی، کارێکی مەحاڵ بووە. خەڵکی هەموو تا بینەقاقا تیایدا نوقم ببوون. نیچە چۆن توانی بەسەر ئەم دەمارگیرییەی کە هەر لە منداڵییەوە وەکو باقی قوتابیە ئەڵمانییەکانی تر تیایدا چێنرابوو سەربکەوێت؟

لەڕێگەی کۆشش و خۆماندووکردنێکی زۆر، لەڕێگەی بەربەرەکانیکردنی ئەو ئارەزووانەیەوە کە بە قووڵی ڕەگی لە ناخیدا داکوتابوو، پاشان لەڕێگەی ئەو بلیمەتییە هزرییەی کە ئاسۆکانیی فراوانتر کرد و وایلێکرد چوارچێوە بەرتەسکەکەی ڕۆشنبیریی تێپەڕێنێت بۆ ئەوەی بگاتە چوارچێوەیەکی بەرفراوانتر.

هەروەها لەڕێگەی ڕۆشنبیرییەوە، نیچە خوێنەرێکی برسی بوو تێر نەدەبوو. شارەزاییەکی باشی لە ڕۆشنبیریی فەرەنسی و باقی ڕۆشنبیری و فەلسەفە و ئەدەبیاتە ئەوروپییەکانی تردا هەبوو. بۆیە بە تەنها خۆی لە نێو ڕۆشنبیریی ئەڵمانیدا قەتیس نەکردووە. پاشان ئەبێت لایەنی پراکتیکی بابەتەکەش پشتگوێ نەخەین.

نیچە زۆربەی زۆری کاتی خۆی بۆ گەشت و گەڕان بەنێو وڵاتانی هەمەجۆری ئەوروپادا بەسەر برد، بە تایبەتی ئیتالیا و سویسرا و باشوری فەرەنسا. هەموو ئەمانە وایان لێکرد جگە لە ئەڵمانیا چەندین وڵاتی تریش بناسێت. ئەمەش چاوی بەسەر حەقیقەتێکی ئەوروپی بەرفراواندا کردەوە. جا ئەوجا دەستیکردە ناسینی گەلانی ئەو وڵاتانە و تێگەیشت کە سەرباری بوونی جیاوازیی نەتەوە و نەژاد و زمان و مەزهەبە ئاینییەکان پەیوەندییەک لە نێوان گەلانی جۆراوجۆری ئەوروپادا هەیە.

لەو کاتە بەدواوە سەبارەت بە مرۆڤی ئەوروپی باش دەدوێت، واتا ئەو مرۆڤە ئەوروپییەی کە دەمارگیرییە نەتەوەییە بەرتەسکەکەی خۆی تێپەڕاندووە و هەست بە ئینتیما دەکات بۆ شارستانیەتێکی فراوانتر کە بریتیە لە: شارستانیەتی ئەوروپا.

بەڵام لە هەمانکاتدا دانیشی بەوەدا دەنا کە هەندێک جار دەمارگیریی نەتەوەیی کە ئایەو مایەی سەروەرییەکانی ڕابردووە، تەنانەت لای ئەوروپیە باشەکانیش، بەسەر دەمارگیری بۆ شارستانێتی ئەوروپادا سەردەکەوێت. مرۆڤ مرۆڤە، لە گۆشت و خوێن و هەست و نەست پێکهاتووە. بیری نەتەوەیی لەگەڵ شیری منداڵیدا دراویەتێ. چۆن دەتوانێک بە یەکجار خۆی لێ ڕزگار بکات.

نیچە دەیزانی کە یەکێتی ئەوروپا دوورخایەنە و زۆری پێدەچێت تا ڕوودەدات: واتا پاش ئەوەی دەمارگیرییە نەتەوەییەکان هێزو بڕستی خۆیان لەدەستدەدەن و قووڵایی شۆڤێنیانەی بەرتەسکی خۆیان نیشاندەدەن. بێگومان نیچە دژی هەستی نەتەوەیی بە هونەری مرۆیی کراوە بەسەر وشەدا نەبوو، بەڵکو تەنها دژی ئەو دەمارگیرییە نەتەوەییە یان توندڕەوییە نەتەوەییە بوو کە دەبووە هۆی ئەوەی گەلان بەهۆی نوقم بوون لەنێو خۆپەرستی خۆیان و سەروەرییەکانی باب و باپیرانیاندا ڕقیان لە گەلانی تر ببێتەوە.

بەڵام هزری بلیمەت هەمیشە پێش سەردەمەکەی خۆی دەکەوێت. ئەو بە پێچەوانەی زۆرینەی خەڵکەوە دوورتر لەبەر لووتی خۆی دەبینێت، ڕادارێکی ناوخۆیی هەیە کە تا دوور دوور دەبینێت. مۆرکی پێشبینی و ئیسنشراقیەکەی هزریشی هەر ئالێرەوەیە.

لە سەردەمی نیچەدا بە خەیاڵ و مێشکی کەسدا نەهاتووە کە ڕۆژێک لە ڕۆژان یەکێتی ئەوروپا بەدیبێت. ئەوی باوەڕی وای هەبووایە بە شێت دادەنرا. سەدەی نۆزدە سەدەی نەتەوەکانی ئەوروپا بوو و هەمووانیش

هەر دەمارگیربوون بۆ نەتەوەکانی خۆیان، واتا چ فەرەنسییەکان، یان ئەڵمانەکان، یان ئینگلیزەکان..و هتد، هەر هەموویان دەمارگیربوون بۆ نەتەوەکانی خۆیان. بە تەنها نیچە لە قاعیدەکە جیاوازە و خەون بە ئاسۆی ئەوروپی و یەکێتی ئەوروپییەوە دەبینێت!! بگرە ئەمە وایلێکرد نێزێکی لە ژێر ناوی ((مرۆڤی ئەوروپی و لەناوبردنی نەتەوە و میللەتەکان))ی نووسی! کە بە شێوەیەک لە شێوەکان دەڵێت: بێگومان میللەتانی ئەوروپا لەڕێی ژن و ژنخوازی نێوان گەلانەوە نەژادێکی تێکەڵ یان ئاوێتەیەک دروستدەکات کە پێی دەڵێین: مرۆڤی ئەوروپی، فەرەنسی تێکەڵ بە ئەڵمانی دەبێت، ئینگلیزی بە فەرەنسی ئا بەم شێوەیە.

بەڵام داخرانی میللەتان یان نەتەوەکان بەسەر خۆیاندا، کە داخرانێکە بەرئەنجامی ڕق و کینەی نەتەوەییە، لە دژی ئەم ئاڕاستە کراوەیە کار دەکات و ڕێگری بۆ دروستدەکات.

سەرباری ئەمەش بزاوتی مێژوو بەردەوام دەبێت لەسەر کارەکەی خۆی و دەبێتە هۆی ئەوەی ڕۆژێک لە ڕۆژان نزیکخستنەوە لەنێوان گەلە جیاوازەکانی کیشوەری ئەوروپادا دروستبکات، نەک دوورخستنەوە.

ئەو تەوژمە نەتەوەییە دەمارگیرەی کە ئێستا لە ئەوروپادا باوە، تەوژمێکی دەستکردە، وەکچۆن کاسۆلیکیەتی پاپایی تەوژمێکی دەستکردە. ئەم تەوژمە دەیەوێت ڕێگری لە تێکەڵبوون و یەکترناسینی خەڵکی بکات تا بە بەردەوامی ڕقیان لە یەکتری بێتەوە. ڕێبازی کاسۆلیکیش، ئەوسا لە دژی ڕێبازە مەسیحییەکانی تر تۆوی ڕق و کینەی تائیفی دەچاند.

وەلێ ئەم بارە داخراوئامێزە لەلایەن کەمینەیەکی توندڕەوی توند و تیژەوە بەسەر هەمووواندا سەپێنراوە. کە لەڕێی ترساندن و کەڵەگایی و درۆ و دەلەسەوە، سەپێنراوە.

چۆنچۆنی لەم تێزەی نیچە تێبگەین؟ مارک کریبونی توێژەر بە شێوەیەک لە شێوەکان دەڵێت: نیچە پێیوابوو کە نەتەوەگەریی شۆڤێنی

ئەوژمێکی شکستخواردووی کوێرانەیە. هەروەها لەو باوەڕەدا بوو کە ئەم ئەوژمە نکوڵی لە واقیع دەکات و دانی پیادانانێت و هەوڵدەدات پارێزگاری لە شتێک بکات کە بوونی نییە و بریتیە لە: ناسنامەی نەتەوەی پاک و بێگەرد کە تەواو جیاوازە لە هەموو ناسنامەکانی تر.

بەڕای نیچە ناسنامەی پاک و بێگەرد بوونی نییە. هەموو ناسنامەکان بریتین لە پێکهاتەی کۆمەڵێک توخمی لێکجیا. ئەڵمانییەکی دەمارگیر بۆ نەتەوەکەی نازانێت کە ڕۆشنبیریی ئەڵمانی ڕۆشنبیرییەکی پاڵاوتە نییە، بەڵکو تێکەڵەیەکە لە کۆمەڵێک ڕۆشنبیری.

ڕاستییەکەی ڕۆشنبیریی گریکی کاریگەری زۆری لەسەر نیچە داناوە و کاری تێکردووە، هەروەها ڕۆشنبیریی ئیتالیی سەردەمی ڕێنیسانسیش , پاشان ڕۆشنبیریی فەرەنسیی سەردەمانی ڕۆشنگەریی , ئینجا ڕۆشنبیریی ئینگلیزیو.. هتد. دیارە بەتەنها دەمارگیرە ڕەگەزپەرستەکانن باوەڕییان بە بوونی تاقە ناسنامەیەکی بەسەرخۆدا داخراو هەیە. ئەوەش بڵێین کە بزاوتی مێژووی ئەوروپی ئەوکات بە ئاڕاستەی کرانەوەی گەلان و یەکترناسین و کاریگەربوون بە یەکتری لەڕێی هۆکارەکانی گەیاندن و گواستنەوەی نوێوە کە تازە سەریان هەڵدەدا، ڕێیدەکرد.

لەنێو ئەو هۆکارانەشدا ڕۆژنامە و شەمەندەفەر و کتێبی چاپکراو بە شێوەیەکی زۆرو فراوان، کە ئەمەش وایدەکرد ئەڵمانییەک نەتوانێت دەرگا بەسەر خۆیدا دابخات و بڵێت: من تەنیا ئەڵمانیم و پەیوەندیم بە هیچ گەلێکی دەوروبەر و دراوسێوە نییە. چوون لەڕێی کتێب و گۆڤار و گفتوگۆ و دیداری تایبەتی لێرەو لەوێوە زمانی فەرەنسی دەهاتە ماڵەکەیەوە. نیچە دەیزانی خەڵکی بەبێ ئەوەی بزانن و ئاگایان لێبێت، پێیان ناوەتە سەردەمی جیهانگیریی ئەوروپییەوە، وەک ئێستا چۆن ئێمە پێمان ناوەتە سەردەمی جیهانگیریی گەردوونیی سەرتاپاگیرەوە.

کتێب: نیچە
هونەری ئایندە
لە بڵاوکراوە زانکۆییەکانی فەرەنسا – پاریس2003
ژمارەی لاپەڕە: (187) لاپەڕە لە جۆری گەورە.

Nietzsche L`Art
Et la Politique de L`Avenir Marc Crepon
Presses Universitaires De France
Paris 2003
P187

سەرچاوە:
لە ئینتەرنێتەوە
www. albayan. com

# چەمکی «مرۆڤی باڵا» لای نیچە

لە ئینگلیزییەوە: شاسوار کەمال مەحمود

## پێشەکی

چەمکی «مرۆڤی بـاڵا» بە یەکێک لە گرنگترین چەمکەکانی فەلسەفەی نیچە دادەنرێت. هەرچەندە ئەم چەمکە زۆر بە کورتی لە پێشەکی کتێبی «زەردەشت وەهای گوت»دا باسکراوە، بەڵام دەمانگەیەنێتە ئەو بڕوایەی پێمانوابێت نیچە «هەندێک شتی لەبیردا» بووە سەبارەت بەوەی چۆن مرۆڤ دەتوانێت زیاتر بێت لەوەی کە مرۆڤە.

ئەگەر وابێت یاخود نا، ئەوا ئەم چەمکە بە شێوەیەک لە شێوەکان نیچە لە کارەکانیدا باسیکردووە. تێگەیشتن لەم چەمکەش وا دەکات بزانین چۆن نیچە روانیویەتیە» ژیان، ئەم وتارەش هەوڵێکە بۆ ناساندنی چەمکی «مرۆڤی باڵا» لای نیچەو زانینی چەمکی ژیان لای مرۆڤی باڵا.

## ناوەڕۆک

لە کتێبی «زەردەشت وەهای گوت»دا لەسەر زاری زەردەشت، کەسایەتی سەرەکی کتێبەکە، نیچە بەم شێوەیە باسی ژیانی خۆی تەرخان دەکات، لەپێناو بەهێزکردنی بەها مرۆڤایەتییەکاندا.

هەروەها مرۆڤی باڵا ئەو کەسەیە کە دەتوانێت بەهای تایبەت بەخۆی دروست بکات، لە جیهانێکدا خەڵکانی دی تیایدا دەژین و پێشتر بەو چەمک و بەهایانە ئاشنا نەبوون. واتا مرۆڤی باڵا کاریگەری دەخاتە سەر ژیانی کەسانی دی و دەتوانێت بەهای جیاوازو تایبەت بەخۆی دروست بکات، کە سەربەخۆیە لە کەسانی دی و کاردەکاتە سەر کەسانی

ترو بێمانا ژیان بەسەر ناباث، ئەگەر رابردوو ئێستاو داهاتوش بێ مانابن ئەو لە پێناوی مرۆڤایەتیدا دەژێت.

نیچە پێیوایە «مرۆڤی باڵا» بە ڕادەیەکی بێسنور کاردەکاتە سەر مێژوو دەبێت کەسێک بێت هەمیشە لە ڕێگەی بیری کەسانی ترەوە جارێکی تر بێنەوە ناو ژیان و کاریگەری بخاتە سەر بیرکردنەوە و بەهاکانیان. ناپلیۆن بۆ نموونە، بە یەکێک لەو کەسانە دادەنرێت کە زۆربەی سەرسامی بیرو بۆچوونەکانی نیچە بووە.

ناپلیۆن کاریگەری کردە سەر مێژووی ئەوروپا و سیستمی ئەوروپای گۆڕی و لە شوێنیدا سیستمی نوێی دامەزراند. ئەوەی ئەو کردی کاریگەری کردە سەر ئەوروپای ئەمڕۆ. ئەم بیرکردنەوەیەی نیچە پەیوەندی بە بۆچوونێکی تری نیچەوە هەیە ئەویش (ورەو هێز)ە بەو مانایەی مرۆڤ دەتوانێت بەهێزو ورەیەکی زۆرەوە ڕووبەرووی هەموو بارودۆخێک ببێتەوەو کاریگەری خۆی لەسەر دەوروبەر و بارودۆخەکە هەبێت.

نیچە وەڵامی بۆ (چەمکی ژیان)یش هەیە کە بە ناڕەحەت دێتە بەرچاو. وەڵامی نیچە بەرامبەر بە ژیان لە هەمان کتێبدا «زەردەشت وەهای گوت»دا هاتووە، بەوەی ژیان برینیە لە کۆمەڵێک بازنەی بێ سەرەتاو کۆتا و بەردەوام دوبارە دەبێتەوە، لەگەڵ ناخۆشی و ناڕەحەتییەکانی ژیاندا هەندێک کەس تووشی دڵتەنگی و خەمۆکی دەبن، بەڵام گرنگترین شت بۆ مرۆڤی باڵا ئەوەیە «ژیان» بەشێوەیەکی تر ببینێت وا بزانێت هەندێک سات هەن لە ژیاندا پڕمانان و مرۆڤ توشی خۆشبەختی دەکەن، پاشان دەتوانێت ئەم خۆشیە دوبارە بکاتەوە بەمەش کەسی باڵا هەست بە ساتە خۆش و ناخوشەکانی ژیان دەکات، دەتوانێت بڵێت ژیان شتێکی باشە هەرچەندە دیاردەیەکی ترسناک و پڕ پرسیارە.

بەشێوەیەکی روونتر ئەو کەسە رووبــەڕووی ژیـان دەبێتەوە هەرچەندە نارەحەت و بێماناش دیار بێت، لە هەمانکاتدا مرۆڤی باڵا دەبێت ئەو راستیەش بزانێت «جەوهەری ژیان» ناگۆڕێت، تەنانەت ئەگەر ئەو لە لوتکەی باڵابوونیدا بێت.

لەم سۆنگەیەوە دەتوانین بڵێین مرۆڤی باڵا کەسێکی بەسەرخۆیدا زاڵەو هەڵوێستی بەرامبەر ژیان هەیە، کاتێک خەڵکانی دی بەلایانەوە بێمانایە. ئەم تێگەیشتنەش ڕێگای بۆ دۆزینەوەی «راستی TRUTH" خۆشدەکات بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ.

هەروەک چۆن بۆ بردنەوەی دڵی ئافرەتێک لەسەرخۆو وردە وردە هەنگاو دەنێت. خاسیەتێکی تری مرۆڤی باڵا کە نیچە لە کتێبی (لەدایکبوونی تراژیدیا (The Birth of Tragedy) باسیکردووە، بریتیە لە تێکەڵکردنی هەردوو بەهای (هزرو هەست).

نیچە پێیوایە هاوسەنگی درووستکردن لەنێوان ئەو دوو بنەمایەدا گرنگە بۆ بەخشینی مانا بە ژیان، هەروەها نیچە پێیوایە پێویستە مرۆڤ سروشتی راستەقینەی خۆی بدۆزێتەوەو بەشێوەیەکی دروست بەکاری بهێنێت.

نیچە زۆر ئالودەی کارە ئەدەبی و هونەری و مۆسیقیەکان بووە و زۆر تایبەت مامەڵەی لەگەڵ (هونەر)دا دەکرد و بەرزتر لە هەموو کارە عەقڵانی و زانستییەکان سەیری دەکردن و بەلای نیچەوە داهێنانی هونەری لەسەروی هەموو شتێکەوە بووە. لای نیچە مرۆڤی باڵا ئەو کەسەیە (هونەرمەند) بێت. هونەرمەندێک هەست و سۆزی خۆی بەکاربهێنێت، بۆ کارێکی تایبەت کە ڕەنگدانەوەی روئیای تایبەتی خۆی هەبێت بەرامبەر ژیان و جیهان.

لەم بارەیەوە نیچە زۆر بە پۆزەتیڤی باسی شارستانیەتی یۆنانییەکان دەکات، کەهزرو هەستەکانیان بەکارهێناوەو لە ئەنجامیشدا کاریگەری

گەورەو داهێنەرانەیان ئەنجامداوە زیاتر لە کۆمەڵگای ئەمڕۆ، هەروەها نیچە رەخنە لە (شارستانیەتی رۆژئاوا) دەگرێت بەوەی زۆر رۆچووتەوە ناو بەهای (هزر) رۆژئاوا پێیوایە مرۆڤ دەتوانێت لە ڕێگەی (عەقڵ- هزر)ەوە بگات بە هەموو شتێک و سەرجەم خراپییەکانی سروشت راست بکاتەوە.

هەر ئەم بیرکردنەوەیەش ئەمڕۆ رۆژئاوای گەیاندۆتە ترۆپکی زانست و تەکنەلۆژیا، بەڵام نیچە رەخنە لەم بۆچوونە دەگرێت و پێیوایە جوانی ژیان لە ئەنجامی هاوسەنگی نێوان بەها (رۆحی و عەقڵیەکان)ەوە دێتەدی. ئەم هاوسەنگیەش وەک دەزانین لە کۆمەڵگای مۆدێرندا زۆر بەکەمی بەرچاو دەکەوێت. لای نیچە (هەست و سۆز) بەشێکن لە سروشتی مرۆڤ و فەرامۆشکردنیان دەبێتە هۆی تێکچوونی سایکۆلۆژیای مرۆڤ. کە واتا مرۆڤی باڵا ئەو کەسەیە هاوسەنگی لەنێوان سەرجەم هەست و سۆزو هۆزەکانیدا دروستدەکات و بەشێوەیەکی راست ئاڕاستەیان دەکات.

لە رۆژگاری ئەمڕۆدا کە عەقڵ و زانست لە ترۆپکی گەشەکردنیدایە پێموایە کارێکی سەختە بتوانین قەناعەت بە خەڵکی بێنین بەرامبەر لایەنە خراپەکانی (عەقڵ و زانست)، چونکە خەڵکی لە کۆمەڵگای ئەمڕۆدا پێیانوایە هزرو زانست چارەسەری سەرجەم گرفتەکانی کۆمەڵگا دەکات و بەبێ زانست کۆمەڵگا دەکەوێتە ناو گێژاو و وێرانکارییەوە. من بۆخۆم لەگەڵ نیچە هاوڕام کە پێیوایە جوانی ژیان لەوەدایە (عەقڵ و سۆز) تێکەڵ بکرێت، چونکە دنیایەکی بێسۆز جیهانێکی ناسروشتەوە بێ (هزر)یش مرۆڤ رووەو ونبوون هەنگاو دنێت .

**کۆتایی:**

لە سۆنگەی ئەو بۆچوونانەی سەرەوە دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی بڵێین (مرۆڤی باڵا) ئەو کەسەیە بتوانێت کاریگەری بکاتە سەر مێژوو و دەوروبەری، هەروەها بتوانێت هاوسەنگی لەنێوان (هزر و هەست)دا

دروست بکاتْ و بەشێوەیەکی راستْ ئاڕاستەیان بکاتْ، هەروەها مرۆڤی باڵا مرۆڤێکە سنورەکانی ژیان دەزانێتْ.

سنورێک کە خۆی دیاری کردووە نەک کۆمەڵگا بەسەریدا سەپاندبێتْ (مرۆڤی باڵا) ژیانی خۆش دەوێتْ و هەستْ بە بێزاری ناکاتْ و بەردەوام لە هەوڵی هێنانەدی بەهای جواندایەو بەردەوام دەتوانێتْ کاریگەری لەسەر کەسانی تر دروستبکاتْ و کەسێکە ڕووبەڕووی «ژیان» دەبێتەوەو بەرگەی سەرجەم بارودۆخە (خۆش و ناخۆش)ەکان دەگرێتْ، لە بەرامبەریاندا چۆک دانادانْ.

**سەرچاوە:**

((nietzschs idea of an ((overman

# ژیانی ((نیچه))

**د.یسری ابراهیم**

**((فردریک نیچە))**

**لە عەرەبیەوە: شوان ئەحمەد**

Shwanhmad2001@gahoo. com

پانزەی ئۆکتۆبەری ساڵی 1844 لە هەرێمی (ڕیکن) لە ئەڵمانیا هاتوەتە دنیاوە. ((لۆدڤیک نیچە))ی باوکی قەشەیەکی پرۆتستانتی و کوڕی قەشەیەکی پرۆتستانتی بووە. هاوکاتێ دایکیشی کچی قەشەیەکی پرۆتستانتی بووە.

باپیری (باوکی باوکی) چەند کتێبێکی ئاینی نوسیوە، لەوانە (البقاو الآبدی للمسیحیە) کە لەساڵی 1796دا بەچاپیگەیاندوە ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە (نیچە) کوڕی بنەماڵەیەکی مەسیحی بووە، کە ئاین لەخوێندندا بووە پیشەی زۆرێک لەباب و باپیرانی قەسابی بووە و هیچ کامیان لەخانەدانە پۆڵەندیەکان نەبوون، وەک ئەوەی (نیچە) باسی دەکرد. باوکی بۆیە ناوی نا (فردریک ڤلهلم)، چونکە ڕۆژی لەدایکبوونی هەمان ئەو ڕۆژە بوو، کە شا (فردیک ڤلهلم)ی پادشای پرۆسیای تێدا لەدایک بوو. وەک چۆن پادشای پروسیا لە دوا ساڵەکانی ژیانیدا شێتبوو، (نیچە)ش لە کانونی دووەمی ساڵی 1889دا، توشی هەمان حاڵەتێ بوو. لەو ڕەشنوسەی (نیچە) باسی ژیانی خۆی دەکاتێ دەڵێن: (لە ئەیلولی ساڵی 1848باوکی خۆشەویستم دوچاری نەخۆشی عەقڵ بوو).

شایەنی باسە ئەو پزیشکەی پشکنینی بۆ کردبوو ڕایگەیاندبوو کە دووچاری نەرمی مێشک بووە، سەر وەختێکیش لەساڵی 1849دا کۆچی دوایکرد، پشکنینیان بۆ کەلەسەری کردو دەرکەوتێ کە پزیشکەکەی بە هەڵەدا نەچووەو ڕاستی پێکاوە، لەگەڵ ئەوەشدا پسپۆڕان کۆکن لەسەر ئەوەی کە دێوانەیی (نیچە) بۆ ماوەیی نەبووە.

ساڵی 1850 برا بچوکەکەی دەمرێت، کە تەمەنی دووساڵان دەبێت، دوای ئەوە دایکی بڕیاردەدات بچن بۆ (ناومبۆرگ) لێرە بە دواوە (نیچە) بەشێکی زۆری تەمەنی منداڵی لە چوارچێوەی خێزانێکدا بەسەردەبات کە لە دایکی‌و خوشکی‌و داپیرەی (دایکی باوکی)و دووپوری کە شویان نەکردووە، پێکهاتبوو.

(1) هەندێک لە لێکۆڵیاران پێیانوایە ئەم ژینگە ژنانەیەی (نیچە)ی تێدا ژیاوە، زۆر جاڕسی کردوەو ئەمەش هۆکاری سەرەکی ئەوەیە کە لە دواتردا هێرشی توند دەکاتە سەر ژن و هەڵوێستیان لە دژ وەردەگرێت.

بەهەر حاڵ (نیچە) سەرەتای تەمەنی بەڕۆحێکی ئاینی پەروەردەکراو زۆر دەرگیری ئاین بوو، لێیدەگێڕنەوەو دەڵێن، کە لە تەمەنی شەش ساڵاندا بووە، بەشێوەیەک ئینجیل و وێردە ئاینیەکانی خوێندوە، خەڵکی هێناوەتە گریان، ئەمەش وایکردووە هاورێکانی بە (قەشە بچکۆلەکە) بانگی بکەن: ساڵی 1858دا بۆ خوێندن دەچێتە قوتابخانەی (بفۆرتا)، بۆ ماوەی شەش ساڵ ناچار دەبێت لەگەڵ ڕێو ڕەسم و سستمی توندوتۆڵی ئەو قوتابخانەیەدا هەڵبکات، کە پێشتر (نۆڤالیس، فیختە، رینکە، شلیگڵ)، تێیدا خوێند بوویان.

(نیچە) لە تیۆلۆژیاو ئەدەبی ئەڵمانیاو کلاسیکیدا پلەی باشە بە دەست دێنێت، بەڵام لە ماتماتیک و وێنەدا نمرەیەکی کەم وەردەگرێت.

لەساڵی 1861دا وتارێکی پیاهەڵدان دەربــارەی (هۆڵدەرلین) دەنوسێت کە ئەوکات کەس نەیدەناسی. شەش ساڵ دوای نوسینی ئەو وتارە، (هۆڵدەرلین) وەک مەزنترین شاعیری ئەڵمانیا لەدوای (گۆتە) ناو دەر دەکات، یەکێک لە مامۆستاکانی (نیچە) دەرهەق بەو وتارەی لەسەر (هۆڵدەرلین) نوسیویەتی، پێیدەڵێت: (ئامۆژگاریت دەکەم کە هۆگری شاعیرێکی ئەڵمانی دیکەبیت، کە زۆر لە هۆڵدەرلین بەهرەمەندترو ڕونو ڕەوانتر بێت). (2)

(کارل یاسبەز) لەوە دەکاٹ کە (نیچە) لە تەمەنی لاوێتیدا زۆر بە (هۆڵدەرلین) سەرسام بووە، بەتایبەٹ بەشانۆگەریە شیعریەکەی (ئەمبا دۆقلیس). (3) (ئەمبادۆ قلیس) یەکێک بووە لە فەیلەسوفە سروشتیەکانی یۆنان و لەسەدەی سقلیەدا ژیاوە. کارەکتەری ئەو ئێکەڵیەک بووە لەواقیع و ئەفسانەو لێیدەگێڕنەوە، کە شاعیر، فەیلەسوف، سیاسی، پزیشک و جادوباز بووە، بەڵام ئەو بەسەرهاتەی لەسەر مردنەکەی لێی دەگێڕنەوە کە ئەوەیە کە بەنەمری هێشتویەتیەوەو بوەتە کەرەستەیەک بۆ شاعیران، تا لەبارەیەوە بنوسن و باسی بکەن.

دەڵێن بەدەستی خۆی مردنی هەڵبژاردووە، بۆ ئەمەش خۆی فڕێ داوەتە ناو گڕکانەکانی (ئەتنا)و پێڵاوەکانی لەو نزیکانە جێهێشتووە. تا بەڵگە بێٹ، بۆ ئەوەی کەلەوێدا خۆی کوشتووەو بزانن چی بەسەرهاتووە.

(ئەمبادۆ قلیس) بەلای (هۆڵدەرلین)ەوە، قارەمانێکی موتەدەسەکەو بەدەم بانگەشەی زەویەوە چووە لەسەر زەوی دەستبەرداری ژیانی خۆی دەبێٹ، بۆئەوەی لە ناخیدا بەدەستی بێنێتەوە. ئەوەتا دەربارەی (ئەمبادۆقلیس) دەڵێٹ:

تۆ بەدوای ژیاندا وێڵیٹ و بۆی دەگەڕێیٹ، لەناخی زەویەوە گڕێکی یەزدانی دێنەدەرێ و بۆٹ دەدرەوشێنەوە، تۆش بە شەوق و شۆرێکی زۆرەوە خۆٹ دەهاویتە ناوکڵپەو تێلەێنڵی (ئەتنا) لەگەڵ ئەوەشدا، تۆ لەلای من پیرۆزی وەک ئەو هێزی زەویەی هەڵی لوشیٹ.. ئەی شەهیدە چاونەترس و بوێرەکە !... (4) بێگومان سەرسامی زۆری (نیچە) بە (هۆڵدەرلین)و شانۆنامەی (ئەمبادۆقلسیی) بەتایبەتی بەشێوەیەکی سەرەکی پەیوەندی بەوەوە هەیە کە ستایشی مرۆڤ دەکاٹ، وەک بوونەوەرێکی موقەدەس و گۆرانی بۆ ژیان دەڵێن.

ساڵی 1864 (نیچە) دەچێتە زانکۆی (بۆن)، سەرەتا تیۆلۆژیاو فیلۆلۆگیا دەخوێنێٹ، بەڵام ساڵێک دوای ئەوە واتە لەساڵی 1865دا، واز لەخوێندنی

تیۆلۆزیا دێنێتو شوێن (ڕێچل)ی مامۆستای دەکەوێت،بۆ زانکۆی (لیتسگ) (5) .(نیچە) بەرلەوەی بڕوانامەی دکتۆدا وەربگرێت، بەهۆی (ڕێچلا)ی مامۆستایەوە پێشنیاری بۆ دەکرێت، تا لە زانکۆی (بازل) بێتە مامۆستاو وانە بڵێتەوە، بۆ ئەم مەبەستە (ڕیچل)ی مامۆستای بۆ سەرۆکایەتی زانکۆی (بازل) دەنوسێت: (لەنێوان ئەو عەقڵە گەنجە زۆرو زەوەندانەی لە ماوەی ئەم سی و نۆساڵەدا وانەم پێ وتون، هەرگیز گەنجێکی وەک نیچەم نەبینیووە کە لەوتەمەنە کەمەدا، بگەنە ئەو ئاستە بەرزەی بیرکردنەوەو بەوجۆرە ژیروکامڵ بن، من پێشبینی دەکەم گەرتەمەن دەرێژ بێت، لای خۆشمەوە دوعای تەمەن درێژی بۆ دەکەم، سەرەنجام لەنێوان زانایانی ئەڵمانیادا، ڕیزی پێشەوە بگرێت.. ئەو ئێستا لەتەمەنی بیستو چوارساڵیدایە. کەسێکی بەهێزو چست و چالاکە، تەندروستی باشەو بەرۆحو بەجەستە ئازاو بوێرە. دڵخوازی تەواوی زانا گەنجەکانی بواری زمانەوانییە لێرە واتە لەلیبتسگ. ڕەنگە بڵێن ئەوەی تۆ باسی دەکەیت موعجیزەیە کە لەموعجیزەکانی، بەڵێ وایەو موعجیزەیە.. هاوکات کەسێکی بەلوتف و فاکیەو هەر شتێک بەمێشکیدا بێتو عەقڵی ڕێنوێنی بکات، ئەنجامی دەدات (6) بەم جۆرە (نیچە) لە تەمەنی بیستوچوار ساڵیدا بوو بە مامۆستای فیلۆلۆژیاو بۆ ماوەی نۆ ساڵ لەزانکۆ (بازل) وانەی وتەوە، واتە لە ساڵی 1869 تا ساڵی 1879 واتە تا ئەو کاتەی بەهۆی نەخۆشی و تێکچونی باری تەندروستیەوە، وازی لەوانە وتنەوە هێنا.

ڕەنگە بەشێکی ئەو نەخۆشیەی، پەیوەندی بەو ماوە کورتەی خزمەتی سەربازیەوە هەبێت کە لەساڵی 1870 و لەماوەی شەڕی پروسیاو فەرەنسادا بەجێی گەیاند. لەو ماوەیەداو سەروەختێک خەریکی مەشقی سەربازی دەبێت لەکاتی بازدانی بۆ سەرپشتی ئەسپەکەی سنگ و پەراسوی زەبریان بەردەکەوێت و بریندار دەبێت، هەروەها سەرئێشە دەگرێت و ڕشانەوەی زۆر لە پەلوپۆی دەخات. ساڵی 1872 یەکەم کتێبی خۆی

بەناوی (گۆرانی تراژیدیا) بڵاودەکاتەوە. کتێبەکە لەئاست چاوەڕوانی زانکۆدا نەبوو، لەبەرئەوەی پشتی بەهیچ سەرچاوەو ژێدەرێکی یۆنانی نەبەست بوو، بۆ سەلماندنی ڕاوبۆچونەکانی، هاوکات ستایلی نوسینەکەشی توندو ئاگرین بوو، هیچ ستاتیکاو جوانیەکی تێدانەبوو، ئەمەوسەرەڕای ئەوەی بەهۆی زیادکردنی نۆ بەشی خراپ و لاواز دیکە کەتیایدا ستاشیی (ڤاگنەز) دەکات، بۆ سەر ئەو پەنچا بەشەی کتێبەکەی لێ پێکهاتبوو، بابەتەکەی بێ ئەهمیەتکرد، هەر بۆیە دواجار کتێبەکە وەهادەرکەوت، کە وتارێکی سەیروسەرنجڕاکێش بێت، نەک توێژینەوەیەکی زانستی و ئەکادیمی بێت(7). لێرەدا دەبێت ئیستێک بکەین، بۆئەوەی بەوکارەکتەرە گرنگانە ئاشنابین کە لەژیانی (نیچە)دا ڕۆڵیان بینیووە، لەڕووی ئینسانیو فیکریەوە، شوێن دەستیان بەسەریەوە دیارە.

یەکەم کەس لەوانە (پۆڵ دۆسین)ە (1845–1919)، (دۆسین) هاوڕێتی (نیچە)بووەو یەکێکە لەبەرناوبانگترین وەرگێڕو شرۆڤەکارانی فەلسەفی هندی لەقوتابخانەی (بفۆرتا)و زانکۆی (بۆن) لەگەڵ (نیچە)دا بووە، بەڵام دوای ئەوە بەجێدەهێڵێت و دەچێت بۆ (تۆبنگن). ئەویش وەک (نیچە) سەرسام بوو بە فەلسەفەی (شۆپنهاوەر) لە (لیبتسگ) بەرێکەوت (نیچە) چاوی بە کتێبی (جیهان وەک ئیرادەو وێناکردن)ی (شۆپنهاوەر) دەکەوێت، دەست بە خوێندنەوەی دەکات، تەواو دەکەوێتە ژێر کاریگەری بۆچونەکانیەوە لێرەدا دەبێت ئەوە بڵێین کە (دۆیسن) بەوەفادار تربوو بۆ (شۆپنهاوەر) لە (نیچە). (دۆیسن) کە بەمێژووی فەلسەفە دەستیپێکرد لە فەلسەفەی هندی کۆنەوە تا ئەوروپای مۆدێرن، سەرەنجام بە فەلسەفەی (شۆپنهاوەر)ەوە گیرسایەوە، چونکە بەبڕوای ئەو (شۆپنهاوەر) ئەو کەسەیەکە لەسەفەکەیدا رۆحی خۆرهەڵات و خۆرئاوا ئاوێتە بەیەک دەکات، هەرچەند (نیچە) دواجار وازی لە (شۆپنهاوەر) هێناو دەست بەرداری فەلسەفەکەی بوو، بەڵام تا کۆتایی (دۆیسن) وەک هاوڕێیەکی بە ئەمەکی مایەوە.

هەرچی هاوڕێیەتیەتی لەگەڵ (بارڤن رۆدە) دا (1845–1898)، ئەمەن کورتتر بوو، لە زانکۆی (لیبنسگ) هەر دووکیان بەو پەڕەی خۆین گەرمییەوە دەرگیری ئەدەبی کۆنی یۆنانی بوون، ئاوایان لێهات بوونە دوو هاوڕێی گیانی بەگیانی یەکترو کار بەوە گەیشت، (ڕیتشل)ی مامۆستایان ناوی (دایسکیۆری) (9)یان بەسەردا ببڕێت. ئەو کتێبەی وایکرد (بارڤن ڕۆژە) وەک زانایاکی بواری فیلۆلۆژیای کلاسیکی ناوبانگ دەر بکات، کتێبی (النفس) بوو کە تیایدا باسی لە دیدو تێڕوانینی یۆنانیەکان کردبوو بۆ دەروون، ئەویش لەبەر ڕۆشنایی وتوویژو مشتومڕەکانی بوو، لەگەڵ (نیچە) دا لە زانکۆی (لیبنسگ)، بەڵام ئەو لاپەڕە زۆرانەی کە (ڕۆدە) تیایدا باسی لە (دیۆنسیۆس) کردبوو، هیچ جۆرە ئاماژەیەکی بۆ نوسەری کتێبی (گۆرانی تراژیدیا) نەکرد بوو، ئەمەش بووە مایەی سەرەتای کۆتایی ئەو پەیوەندی هاوڕێیەتیەی ماوەیەکی دوورو درێژ لە نێوانیاندا بوو(10) بەم جۆرە دەبینین کە فیکر ئاڕاستەی ژیانی (نیچە)ی کردووە، بۆ چوونی هاوڕێیەکی لەسەر کتێبێک لە کتێبەکانی، یاخود فەرامۆشکردنی بەرهەمێکی لەلایەن ئەوانەوە، بەس بوو بۆ ئەوەی کۆتایی بە پەیوەندی هاوڕێیەتی نێوانیان بهێنێن. لێرەوە بڵاوبوونەوەی هەر کتێبێکی تازەی (وەکی د. عەبدولڕەحمان بەدەوی دەڵێن)، دەبوومایەی لە دەستدانی هاوڕێیەک لە هاوڕێکانی و بچڕانی پەیوەندی نێوانیان.

(نیچە) لەسەر لەدەست دانی هاوڕێکانی و دوورکەوتنەوە لە خەڵک و خوا بەردەوام بوو، ئاوای لێهات لە دوا ڕۆژەکانی ژیانیدا گۆشەگیرو تەنها مایەوە. وای لێهات نەکەس باسی دەکردو نەکتێبەکانیان دەخوێندەوە خانەی وەشان و بڵاوکردنەوەکانیش ڕازی نەدەبوون بەرهەمەکانی چاپ بکەن، بۆیە ناچاردەبوو لەسەر ئەرکی خۆی بە چاپیان بگەیەنێت. (نیچە) هەر بە تەعف خەڵک و خوا فەرامۆشیان نەکرد، بەڵکو ئەوچەند هاوڕێیەشی کە مابووی ئەوانیش لێی دورکەوتنەوە.. سەر وەختێک بەشی چوارەمی کتێبی

(زەردەشـت)ی بڵاوکردەوە، نەیتوانی جگەلە چل دانە زیاتری لێ چاپ بکات، تەنانەت لەو چل دانەیەش و لەناو حەفتا ملیۆن هاوڵاتی ئەڵمانیدا، تەنها حەوت کەسی بەشایستەی ئەوە زانی کتێبەکەیان پێشکەش بکات تا بیخوێننەوە. (11) سێهەم کەسایەتی لەژیانی (نیچە)دا (ئۆفرێک)ە (1837–1905)، کە نزیکترین هاوڕێی بووە لە زانکۆی (بازل)و ماوەیەکی رۆژێک لەژوورێکدا پێکەوە ژیاون تەنانەت کاتێکیش (نیچە) (بازل) جێدێڵێت، (ئۆفریک) هەر پەیوەندی بەهێزی لەگەڵدا دەبێت. (ئۆفریک) زیاتر گرنگی بە ئینجیل و جیاوازیە قوڵ و گەورەکانی نێوان سەدەکانی ناوەڕاست و سەردەمی مۆدێرن دەدا، بە تایبەتیش زیاتر سەرقاڵی جیاوازی نێوان مەسیحیەت بوو (لەسەر تاکەکانیی دا) لەگەڵ مەسیحیەتی هاوچەرخدا. سەرنجام بەوە گەیشت کە (زوهد) خەسڵەتی سەرەکی مەسیحیەت بووە لەسەر تاکەکانیدا، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە(ئۆفریک) مامۆستای (نیچە) بووە و چەمکی (زوهد)ی لەو خواستووە. تەنها گرنگییەکی (ئۆفریک) ئەوەیە کە هاوڕێیەکی بە ئەمەک و دڵسۆزی (نیچە)بووە، تا کۆتایی ڕەنگە (ڕیچارد فاگنەر) (1813–1883)، بەناوتگترین هاوڕێی (نیچە) بوو بێت.

(نیچە) تا ئەوپەڕی بە مۆسیقای ئەو سەرسام بوو، بە تایبەت ئۆپێرای (تریستان)و پێیوابوو دوای مردنی (گۆستە)، (شۆپنهاوەر)، (هانیە)، (ڤاگنەر)، مەزنترین هونەرمەندو داهێنەری ئەڵەمانیان. ئەوکاتەی (نیچە) ئەم ڕاو بۆچونەی هەبوو، (شۆینهاوەر)و (هانیە) لە ژیاندانە مابوون، بەڵام (ڤاگنەر) لە (تریشن) لەنزیک (بازل) دەژیا بوونی (ڤاگنەر)یش ئەو قەناعەتەی لای (نیچە) دروستکرد کە مەزنی و داهێنانی ڕاستەقینە، هەرماوەو کۆتایی نەهاتوە. (13) (ڤاگنەر) تەنها بەمەزنیەکەی نەبوو، بووە جێی سەرنجی (نیچە)، بەڵکو هۆکارێکی سەرەکی ئەوە بوو کە (نیچە) بەشێوەیەکی سەیر عاشقی میوزیک بوو، خەسڵەتی ڕادیکاڵانەو شۆڕشگێڕانەی ئۆپێرای (تریستان) یش زۆر سەرسامی کرد. هاوکات لەگەڵ (ڤاگنەر)دا (شونپهاوەر)، یان خۆش

دەویست و دەرگیری فەلسەفەکەی ئەو بوون، لەلایەکی ترەوە ئۆپێرای (ترسیتان) هەر بەتەنها ستایشی (ئیرادەی کوێرانە) ناکات لای (شۆپنهاوەر)، ئەو ئیرادەیەی بێ وەستان لەجوڵەو گەڕاندایە، بەڵکو ستایشی ئەو دۆخی شادیەش دەکات، کە بووە سەرچاوەی شادی و بەختەوەری دیۆنیسۆسی لای (نیچە)، ئەگەر گوێی لە ئۆپێرای (ترسیتان) نەبوایە، هەرگیز نەیدەتوانی ئەوبەشە لەکتێبی (گۆرانی تراژیدیا) بنوسێت، کە تیایدا باس لە درامای یۆنانی دەکات تەنانەتی چەند ساڵێک دوای پچڕانی هەموو پەیوەندیەکی لەگەڵ (ڤاگنەر) دا، (نیچە) دان بەبایەخ و گرنگی ئۆپێرای (تریستان)دا دەنێنو لە کتێبی (fecc homo) دا دەڵێت: (لە سەردەمی لاوێتیمدا بەبێ میوزیکی ڤاگنەر نەم دەتوانی کاربکەم. لەو کاتەوەی بە پیانۆ کەتە ژەنینی میوزیکی تریستان، بووم بەڤاگنەری و لەو رۆژەشەوە چاولەڕێی هونەرێکم ئەفسونێکی ترسناک و سەرمەدی پڕچێژم پێشکەش بکات، وەک ئەوەی ئۆپێرای ترسیتان پێی بەخشیم، بەڵام جەفار هەرچیم گوێ لێبوو، هونەرێکی ئاست نزم و بێ کەڵک بوو.

من پێموایە سەیروسەمەرەیی هونەری لیوناردۆ داڤنشێ، سەرچاوەکەی سیحرو ئەفسونی تریستانە) (14) خۆشەویستی (نیچە) بۆ (ڤاگنەر) خۆشەویسنەکی قوڵ و گەورە بوو، ئەم خۆشەویسنیەش بەردەوام بوو تا ئەوکاتەی نێوانیان تێکچوو. لە 1883/3/22دا لەنامەیەکدا کە بۆ (ئۆفریک)ی نوسیووە، (نیچە) دەڵێت: (ڤاگنەر) کامڵترین پیاوێک بوو لە ژیانمدا بینێبینم، خۆشمویست و کەسم بەڕادەی ئەو خۆش نەوسیتووە.. هەمیشە لەبەر دڵمدابوو)، هەروەها لە نامەیەکی تریدا لە 1887/1/12 دا بە(ئۆفریک) دەڵێت: (جگەلە ڤاگنەر لە ژیانمدا، یەک کەسم نەدیووە هێندەی ئەو خەم و ئازاری هەبێت، تا لە من تێ بگات).

لە کۆتایی کتێبی (fecc homo)دا دەڵێت: «من دەربەستی هیچ یەک لە پەیوەندیەکانم نیم لەگەڵ خەڵک و خوادا، بەڵام ناتوانم ڕۆژانی

تریش لە یادکەم، چونکە ڕۆژانی متمانەو بەختەوەریو ڕوداوە مەزنەکان و سالە وەختە دەگمەنەکان بوو) (15). بێگومان ڕاوبۆچونی (ڤاگنەر) لەسەر کتێبی (گۆرانی تراژیدیا)، کاریگەری زۆری هەبوو لەسەرپتەوکردنی پەیوەندی نێوانیان ساڵی 1871 کاتێک (ڤاگنەر) کتێبی (گۆرانی تراژیدیا) ی بە دەست دەگات و لەخوێندنەوەی دەبێتەوە، لە نامەیەکدا بۆ (نیچە) دەنوسێت: (هیچ شتێکم نەخوێندوەتەوە لەم کتێبەی تۆ جوانتربێت) ساڵی 1873 جارێکی تر لەنامەیەکدا پێی دەڵێت: (واجارێکی تر لە خوێندنەوەی کتێبەکەت بوومەوە، بەخوای گەورە سوێندت بۆ دەخۆم، کە من پێموایە تۆ تاکە کەسێکی کە دەزانیت من دەمەوێت چی بکەم (16). شایەنی باسە (کۆزیما)ی هاوسەری (ڤاگنەر) یەکەمین ژنە لای (نیچە) پلەوپایەیەکی بەرزی هەبوویێتو پەیوەندی توندوتۆڵی لەگەڵدا گرتبێت، جیاوازی (کۆزیما) لەگەڵ ئەو ژنانەی لەمنداڵیدا کۆنترۆڵیان کرد بوو جیاوازیەکی گەورەیە، تەنانەت (نیچە) نەیتوانی هەرگیز لە یادی بکات، لە شیعرەکانی و دواین نامەکانیدا دەردەکەوێت، کە (کۆزیما) (ئەریادنە)یەو خۆی (دیۆنیسۆس)ەو بەم پێیەش بێت (ڤاگنەر) ڕۆڵی (تیسیۆس) (17) دەبینێت ئەم مەسەلەیە تەنها ئەوکات ئاشکرابوو کە شێت بوو، لەو ماوەیەدا چەند نامەیەک دەنێرێت، بۆ (کۆزیما)و ڕوون دەبێتەوە کە مەبەستی لە (ئەریادنە) کێیە (کۆزیما) خۆشی ڕۆژێکیان نامەیەکی لە (نیچە)وە پێدەگات کەناوی (دیۆنیسیۆس)ی لەسەرو تاکەیەک دێڕی تێدایە نوسراوە کە دەڵێت: (ئەریادنە، خۆشمدەوێت).

ڕۆژی 1889/3/27 لە نەخۆشخانەی (یەنا) دەڵێت: (کۆزیما ڤاگنەری خێزانم هێنانی بۆ ئێرە). (18) عەشق و خۆشەویستی (نیچە) بۆ (کۆزیما)، حەزێکی یاساغو خەونێکی نهێنیو شاراوەبوو، کە بەدیهێنانی ئەستەم بوو مانای ڕاستەقینەی ئەم عیشق و خۆشەویستە (وەک ئەوەی کاوەونان باسی دەکات)، لەبەر ڕۆشنایی پەیوەندی (نیچە) (ڤاگنەر)وە، بۆمان ئاشکرادەبێت. (ڤاگنەر) لە هەمان ئەو ساڵەدا لەدایکبووە کە باوکی (نیچە) تێدا لەدایکبووە،

که ئەویش ساڵی 1813. سەروەختێک (نیچە) تەمەنی چوارساڵان دەبێت، باوکی دەمرێت و بەو هۆیەشەوە ئازارێکی زۆر دەچێژێت، لە خێزانێکی بێ باوکدا کە لە پێنچ ژن پێکهاتووە، پێدەچێت (نیچە) لە (ڤاگنەر)دا ئەوکەسەی بینێیت کەجێ بۆ بگرێتەوە و دەکرێت ئەوەشی بۆ زیاد بکەین، کە دواتریش لەئاستیدا، هەستی بەگرێی ئۆدین کردووە.

(نیچە) (کۆزیما)ی خۆشدەویست، بێ ئەوەی بتوانێت ڕووبەڕوو ئەو هەستەی بەیان کات، هاوسەرگیری لەگەڵی یاخود پەیوەندی گرتن لەگەڵیدا بە هەر جۆرێک بێت، بەمێشکیدا نەدەهات، وەک ئەوەی دایکی بێت لەڕاستیدا ئەو ڕۆژانەی لە ماڵی (ڤاگنەر) لە(تریشبن)بە تەنیشت (کۆزیما)وە بەسەری دەبرد، خۆشترین ڕۆژەکانی ژیانی بووە، تا ئەو ڕادەیەی پێیوابوو (تریبشن) دورگەی بەختەوەریە.

(واڵتەرکاوڤمان) دواجار پێیوایە، (ئەریادنە) بەلای (نیچە)وە زۆر لە(کۆزیما ڤاگنەر) وەک ژنێک لەگۆشت و خوێن زیاتر بووە، بەتایبەت لەوکاتەشی کە (کۆزیما)ی هەرگیز بەخەیاڵدا نەهاتووە، لە نوسینێکیدا دەڵێت: (ئەو مرۆڤەی دەکەوێتە ناو تووناوتونەکانی ژیان، تەنها لە هەقیقەت ناگەڕێت، بەڵکو عەوداڵی ئەریادنیشە)، (20) بەڵام ئاخۆ (نیچە) بۆچی ماڵی (گۆزیما)ی جێهێشتو ماڵئاوایی لە دوورگەی بەختەوەری کرد، بۆچی لە دەست (ڤاگنەر)ی باوکی هەڵهاتو شوێن ئازادیو سەربەستی خۆی کەوت؟ هەندێک لە توێژەرانی وەک (یانکۆ لاڤرین) پێیانوایە عەشقی (نیچە) بۆ (کۆزیما)، یەکێک بوو لەو هۆکارانەی بووەمایەی تێکچوونی پەیوەندی لەگەڵ (ڤاگنەر) د. لەمبارەیەوە یانکۆ لاڤرین دەڵێت: (ڕەنگە نیچە بە ڕەخنەگرتنی لە ڤاگنەر، لەهەوڵی ئەوەدا بووبێت، کە بەدنیاو بەتایبەتیش بە کۆزیما بڵێت کە ڤاگنەر ڕێگرە لە بەردەم خۆشەویستیە کەیداو شایەنی ئەوەش نییە، کە هاوسەری کۆزیمابێت.(21). هەندێکی تر وای بۆ دەچن (نیچە) بۆیە پەیوەندی خۆی لەگەڵ (ڤاگنەر)دا پچڕان، چونکە (فاگنەر) لە

ئۆپێرای (پارسفاڵ)دا گەڕایەوە باوەشی مەسیحیەت و پەشیمان بوونەوەی خۆی ڕاگەیاندو لەبەردەم خاچەکەدا بەچۆکدا هات و سوژدەی برد، بەڵام (کاوفمان) پێیوایە ئەگەر چی بەگژ ئوبێرای (پارسیڤال)دا چوەوەو ڕەخنەی توندی ئاڕاستەکرد، بەڵام ئەمە سەرەتایەک نەبوو بۆ پچڕانی پەیوەندی نێوانیان، بەڵکو ئەمە بووە مایەی کۆتای هاتنی ئەو پەیوەندیانەو نێوانیانی تەواو ئاڵۆزکرد (نیچە) زۆرپێش ئەوەی ئۆپێرای (پارسیفاڵ)ببینێ، لەگەڵ (ڤاگنەر)دا دۆستایەتیان نەمابوو، واتە درکی بەوەکرد بوو کەچیدی ئەو پەیوەندیە نەبەدەردی ((ڤاگنەر)) دێت و نەخزمەت بەخۆشی دەکات (22) بەم جۆرە خودهۆشیاری ((نیچە))بەخۆیوهەوڵدانی بەردەوامیشی بۆ ئەوەی خۆی بێت، بەڕای ((والتەر کاوفمان))و بەڕای ئێمەش هۆکاری سەرەکی تێکچونی پەیوەندی نێوان((نیچە))و ((ڤاگنەر))بوو، (د.عەبدلڕەحمان بەدەوی)یش سەروەختێک باس لەم مەسەلەیە دەکات. هەمان بۆچون دوپاتدەکاتەوەو دەڵێت (سێ هۆکاری سەرەکی بوونەمایەی تێکچونی پەیوەندی نێوان ئەو دوو بلیمەتە.

یەکەم: هەستکردنی بەهێزی نیچە بەخۆی و کارەکتری تایبەتی خۆی. دووەم: نا ئومێدبوون لە فەلسەفەی شۆپنهاوەر.

سێیەم ئەو ڕۆحە سوک و ئاست نزمەی ڤاگنەر لەشانۆی بایرۆتدا نیشانیدا (23)، بەمەش نیچە هیوا بڕاو بوو لەوەی شارستانیەتێکی نوێی دێونیسیسی بێتەئارا، لەرێی میوزیکی ڤاگنەرەوە). (24) هەر لە درێژەی قسەکانیدا (د.عەبدلڕەحمان بەدەوی)دەڵێت هۆکاری یەکەم لەو سێ هۆکارەی باسمانکرد، هۆکاری سەرەکی بوو لەتێکچونی پەیوەندی نێوان ڤاگنەرو نیچە. دوانەکەی تریان یارمەتیدەری لاوەکی بوون...

هەرچی هۆکاری دیکەشە ڕخنەگران تائیستا دروستیانکردوەو باس ئەکەن. وەک پێویست نین و قەناعەتمان پێناکەن(25) بەم جۆرە ساڵی 1876 کۆتایی پەیوەندی گەرموگوڕو توندو تۆڵی نێوان ((نیچە))و هاوڕێی ئازیزی

((ڕیچاردڤاگنەر) بوو. ئەو پیاوەی سەردەمانێک ((نیچە)) پێوابوو نمونەی بەرزی هونەرو بلیمەتە. سەرەڕای پچڕانی ئەو پەیوەندییەی هاوڕێیەتیە، بەڵام ((نیچە)) لەهەمان ئەو ساڵەدا کتێبی (ریچاردڤاگنەر لەبایرۆت))ی بڵاوکردەوە کتێبەکە بەڕواڵەت ستایشی ((ڤاگنەر))ەو هەڵدانە بە هونەرەکەیدا، بەڵام ئەوەی بتوانێت پشتی دێڕەکانی ئەو کتێبە بخوێنێتەوە وەکی ئەوەی((د. عەبدلڕەحمان بەدەوی ))باسی دەکات بەئاسانی هەست بەوە دەکات کتێبەکە چ ڕەخنەیەک لەخۆ دەگرێت. ((نیچە)) دەربارەی ئەم کتێبە دەڵێت ((هەموو ئەو بابەتانەی لەکتێبی ڤاگنەر لەبایرۆت دا هەیە، تەنها باس لەخۆم دەکات خۆمو بەس، کە بابەت گەلێکی گرنگ و یەکلاکەرەوەیە لەڕوی دەرونیەوە). لە هەر شوێنێکی ئەو دەقەداناوی ((ڤاگنەر)) هاتبێت، مرۆڤ دەتوانێت بێ هیچ ڕوگیرییەک ناوی ئەو هەڵگرێتو ناوی من و زەرادەشتی لەجێدابنێت. کتێبەکە تەنها باس لە ((نیچە)) دەکات، ((ڤاگنەر))یش هەروەک کارەکتەری ناو ڕۆمانەکان وایە ((نیچە)) بەکاری هێناوە، وەک چۆن پێشتر (ئەفلاتۆن) (سوکرات)ی بەکارهێنا وەک دەماکێک، تاخۆی لەپشتیەوە بشارێتەوە. (26) شایەنی باسە((نیچە)) هەستی دەکرد کە پەیامێکی پێیە، بۆ بەجێ گەیاندنی ئەرکێکی پیرۆز هاتووە ناوەڕۆکی ئەو ئەرک و پەیامەش ڕزگارکردنی مرۆڤایەتی بوو لەوە هەمو خەیاڵپڵاوانەی گومڕاو چەواشەیاندەکرد. ئەم ئەرکەش بوو وەکو (کارل یاسبەرز) دەڵێت: (وایلێکدر) وەها سەیری خۆی بکات کە کەسێکی تایبەت و ناوازەیەن، هەر ئەمەش ئاڕاستەی تەواوی ڕوداوەکانی ژیانی دەکات، پەیوەندی بە خەڵک و خواوە دیاری دەکات.. لێرەوە پەیوەندی بە هەموو ئەوانەوە توندوتۆتێژدەکرد کە دەیزانی دەتوانن کۆمەک پێکەری بن بۆ بەدیهێنانی ئەو ئەرکە، لەوانەش وردەکەوتەوە کە نەیاندەتوانی لەو مەسەلەیەدا هاوکاری بن و لەئاست ئەو کارەدابن. دەسپێک و کۆتایی پەیوەندی بە (ڕیچارد ڤاگنەر)ەوە پەیوەست بوو بەم مەسەلەیەوە.. ئەو دەمەی دەیزانی (ڤاگنەر) فاکتەرێکە بۆ بەجێ گەیاندنی

ئەو ئەرکە گرنگە، ئەوا پەیوەندی لەگەڵیدا گەرم و گوڕو کۆنکرێتی بوو، بەڵام سەروەختێک هەستیکرد میوزیک و بەرهەوە هونەریەکانی لەگەڵ پەیامەکەیدا ناکۆکن، وازی لێهێناو کۆتایی بەقوڵترین و نگەورەترین پەیوەندی هێنا (27) قوربانی دانی (نیچە) بەهاوڕێکانی چاری ناچاری بوو و بەکارێکی قورسی دەزانی ئەوەتا لە 1880/8/20 دا لەنامەیەکدا بۆ (پیتەر) گاست) دەنوسێت: (تا هەنوکەش فەلسەفەکەم شێواو ناجێگیرە، پێدەچێت کارێکی تەواو گەمژانەبێت، گەر دەربەستی ڕاست و ڕەوانی بم، لەسەر حسابی خۆشەویستی، یان دەستەوستان بم لەوەی بە ئارامی لەگەڵ خۆمدا بژیم بەبێ وێرانکردنی هەست و سۆزم بەرامبەر بە هاوڕێیەتی ڕێزو خۆشەویستی) (28) بەم پێیە هۆکاری سەرەکی گۆشەگیری و تەنهایی، هەر بە تەنها ناگەڕێتەوە دۆخێکی و، بەڵکو ناوەڕۆکی بیرکردنەوەی ناچاری دەکرد تاخۆی لە خەڵکانی تر بەدور بگرێت، لەبەرئەوە کەسێکی تایبەت و جیاوازە(29). بەم جۆرە (نیچە) لەژیانیدا کەوتبووە نێوان دوو بەرداشەوە یەکێکیان ئەوەی خۆی دەیوسیت وەک مرۆڤێک ئەنجامی بداث، ئەوێ کەیان کە دەیخواست وەک خاوەن پەیامێک بیکات. لێرەوە ڕازی بوو بەو تەنهاییەو خۆی لە هەموو شتەلاوەکی و ڕواڵەتیەکانی ژیانی مرۆڤایەتی بەدوردەگرت، بۆئەوەی ژیانێکی تایبەت و ناوازە بژی (30) گومانی تێدا نییە، قسەکردن دەربارەی پەیوەندی (نیچە) بە (ڤاگنەر)ەوە، دەست بەجێ بەرەو ئەوەمان دەبات کەباس بە ڕاوبۆچونی (نیچە) بکەین لەسەر میوزیک. بایەخو گرنگیدانی (نیچە) بەمیوزیک، بەشێوەیەکی قوڵبوو. پەیوەندی ئەو بە میوزیک و کاریگەری میوزیک لەسەری بە جۆرێک بوو کە نمونەی لای هیچ فەیلەسوفێکی دی نادۆزنیەوە. لە 22/حوزەیدانی/1887 بۆ (گاست) ی هاوڕێی دەنوسێت: (دواجار من میوزسیانێکی پیرم و تەنهاش ئاواری میوزیک سەربوریم دەدات:

لە ساڵی 1888دا زیاتر پەیوەنی بەمیوزیکەوە توندوتۆڵ تر دەبێت،

ئەوە تا لە15/کانونی دووەمی ئەو ساڵەدا نامەیەکی بۆ (گاست)ی هاوڕێی دەنوسێتو دەڵێت: (ئێستا میوزیک بەهرەو شارەزانی وەهام پێدە بەخشێت، کە پێشتر بێبەش بووم لێیان. میوزیک بەئاگام دێنێت و لەدەست خۆمم ئازاد دەکات، هاوکات وەرزو هێزی زیاترم بۆ کارکردن پێدەبەخشێت، هەموو ئێوارە ئاهەنگێکی میوزیک بەتاینەک بەدوای خۆیدا دێنێت، کە لێوان لێوە لە ئایدیاو بیروڕای بەهێز. بەکورتییەکەی ژیان بێ میوزیک سەرگەردانی و هەڵەو ڕەنجی بێورە).

لە بیستویەکی مانگی مارتی هەمان ساڵدا لەنامەیەکی دیکەدا بە (گاست) دەڵێت: (هیچ شتێک لەژیاندا، جگەلە میوزیک شاستەی ئەوە نییە، گرنگی پێ بدەین) بە بۆچوونی (نیچە) ئەرکی میوزیک ئەوەنییە، کە چێژمان پێببەخشێت، هێندەی کە دەبێت وزەو تواناکانمان دەمەزەرد بکاتو بوێریو هێزو چالاکیمان پێ ببەخشێت و بەرەنگاری ئەو شتانەش بکات، کە دەروونمان کرمێ دەکەن (31).

هەروەها (نیچە) پێیوایە میوزیک ئامرازێکە مرۆڤ دەتوانێت لەڕێیەوە پێودانگ و بەهاکانی هەڵبسەنگێنی و وابکات ئەم جیهانە کە ڕوکاسە بکاتە شوێنێکی قەشەنگترو لەبارتر، بۆئەوەی مرۆڤ ژیانی تێدابکات، میوزیک بە بۆچوونی ئەو بەر لەهەرشتێک هونەری هەڵچۆن، واتە بەخەسڵەتی خۆی دیۆنیسیۆسیە. هونەرمەند(بە تایبەتی میوزیکزان) دەتوانێت لەڕێی هونەرەکەیەوە، کۆمەڵگەی گەندەڵ پاک بکاتەوە، میوزیک لەباریدایە بمانباتە کەش و هەوایەکی پاک و بێگەردو بەخەیاڵ و فانتازیا حەزو خۆزگەکانمان دەستەبەر بکات، هارمۆنیەت و ئارامی سەربکێشێتە ژیانمانەوە کە لەبێ سەروبەریدا ڕۆچووە. (32) (نیچە) جیاوازی لەنێوان میوزیکی هەقیقی و میوزیکی ڕۆمانتیکیدا دەکات، میوزیکی ڕۆمانتیکی بەترسناک ناوزەد دەکات. لێرەوەیە کە بەمیوزیکی (پیتەر گاست) میوزیکی ڕۆمانتیکی لای (ڕیچاردڤاگنەر) ڕەتدەکاتەوە، لەنامەیەکیدا کە لە 18/ ئایاری/

1881دا بۆ (ئۆفریک)ی نوسیووە دەڵێت: (پنیەر گاست مامۆستای میوزیکی ڕاستەقینەیەو میوزیکی ئەو لەگەڵ فەلسەفەکەمدا یەک دەگرێتەوە ئەم میوزیکەی (گاست) شارەزایی نوێم دەداتێ و وا هەستدەکەم سەر لەنوێ لەدایک دەبمەوە).

سەروەختێک کە هێرشی دەکردە سەر میوزیکی (ڤاگنەر)و ڕەخنەی ئاڕاستە دەکرد، لەبەرمبەردا ستایشی زۆری میوزیکی (بنڕێ)ی دەکرد، بەتایبەتی ئۆپێرای (کارمن) (33). (ڤاگنەر) ویستویەتی بە کارەکتەرێکی پاسیق مرۆڤایەتی قوتار بکات، ئـەو کارەکتەرەش (پارسیڤال)ە کە نەخۆشەوسیتی زانیووەو نەگوناهی کردووە، بەڵام کارەکتەری (کارمن) لانیکەم خۆشەویستی کردووەو لەوپەیوەندیەشدا مایەپورچ بووە، هەروەها (نیچە) لەو ڕوانگەیەشەوە سەرزەنشتی (ڤاگنەر)ی کـردووە، کە پەنای بۆخەیاڵی ڕۆمانتیکی بردووەو پابەندی ئایدیۆلۆژیای مەسیحی بووە، هەرچی (بنڕێ)یە ئەوا بەشێوەیەکی واقعی ژیانی نیشانی بینەرەکانی داوە، واتە میوزیک زانێکیان هەیە سەرەنجام بەوە دەگات پشت کاتە ژیان و زیندەگی فەرامۆش بکات، لەبەرمبەردا یەکێکی دی هەیە، کە ڕاستەوخۆ ڕوبەروی ژیان دەبێتەوە.

بەم جۆرە (ڤاگنەر) بووە ئەو هونەرمەندە درۆزنەی سەودا لەگەڵ ڕواڵەت و فێڵ و درۆدا دەکات، ئەوەتا لە(ترسینان)دا ستایشی ئیرادە دەکات، پاشان لە (پارسیڤال)دا ئەو ئیرادەیە دەکوژێت، بەڵام (بنڕێ) بەلای ئەوەو هونەرمەندی ڕاستەقینە بوو، لەبەرئەوەی کارەکتەرەکانی ڕووبەڕووی ژیان دەنبەوەو لەهەوڵی ئەوەدان لەژیانێکی پڕێسێویو ململانێدا بوونی خۆیان بسەلمێنن.(34) پەیوەندی (نیچە)بە (ئەلیزابیس)ی خوشکییەوە لەڕووی گرنگییەوە، هیچی لە پەیوەندی بە (ڕیچارد ڤاگنەر)ەوە کەمترنییە، (نیچە) بێ ئەندازە خوشکەکەی خۆشدەوسیت و ئەویش بەهەمان شێوە خۆشی دەیوست، هەربۆیە لەڕووی مرۆییەوە شتێکی گرنگ بوو بۆ (نیچە)، بەڵام

زۆر دەمارگیرو مێشک پوچ بوو، لە ئایاری ساڵی 1885دا شوی بە(بێرنارد فۆستەر) کرد، کە یەکێک بوو لەرێبەرە دیارەکانی بزوتنەوەی دژە سامی لەئەڵەمانیادا.

(نیچە) لەبەرئەوە دژی ئەو بزوتنەوەیە نەبوو، کە ئەو پیاوە بووە مایەی دورخستنەوەی خوشکەکەی لێی، بەڵکو هەڵوێستی لەو بزوتنەوەیە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانێکی زۆر پێش ئەوەو دەگەڕێنەوە، بۆ ئەو ساتەی (مرۆڤانە ئەوپەڕی مرۆڤانەی) تێدا نوسی، ئەویش لە ساڵی 1878دا بوو.

هەڵوێستی (نیچە) لە شوکردنی (ئەلیزابیس )ی خوشکی ئەم نامەیە دەریدەخات: (وا ڕۆشتی و دورکەوتینەوە لێم، لێتی ناشارمەوە من پێموایە ئەم شوەت سوکایەتی یاخود گەمژییەکەو ئازارت دەدات، وەک چۆن ئازار بە منیش دەگەیەنێت) (35). گومانی تێدانییە کە هۆکاری ڕاستەقینەی ئەم هەڵوێستەی (نیچە) لە شوکردنی (ئەلیزابیس)ی خوشکی، ئەوەیە کە بەو پرۆسەیە ئەو هاوڕێیەی لە دەست چوو، کە لە منداڵیەوە لەگەڵیدا بوو. ئەلیزابیس لەبەراییەکانی ساڵی 1886دا لەگەڵ مێردەکەیدا چون بۆ پاراگوای و لە (نیچە) دورکەوتنەوە.

جگەلەمانەی باسمانکردن کەسانێکی دیکەش هەن کە پەیوەندیان بە (نیچە)وە هەبوو، بەڵام بەڕادەی پەیوەندی بە (ڤاگنەر)و (ئەلیزابیس) ەوە توندوتۆڵ و یەکێک لەوانە(هنریش) کۆزلتس)ە، کە (نیچە) ناوی نابوو (پینەرگاست). (گاست) میوزیک زانێکی زۆرکارامە نەبوو، تەواو دڵسۆز بوو بۆ (نیچە) زیاد لە (ئەلیزابیس)، باوەڕی بە گەورەی وبلیمەتی (نیچە) هەبوو (گاست) دەیوسیت لەتەنیایی (نیچە) کەم کاتەوەو دەست نوسەکانی بۆ رێک بخاتو بەکتێبەکانیدا بچێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوانەشدا ئەو خوێندکارە نەبوو کە (نیچە) بەدڵی بێت و پەسەندی بکات.

(نیچە) نەلە(پینەرگاست)و نەلە(ئەلیزابیس)ی خوشکیدا، ئەو خوێندکارەی نەدۆزیەوە کەخۆی دەیوسیت یەکێکیان نەیدەتوانی بڵێ ناو

ئەوی دیکەشیان قسەی خۆی نەدەکرد، واتە (پیتەر گاست) هەرچی (نیچە) ی مامۆستای دەیوت پەسەندی دەکردو (ئەلیزابیس)یش حەزی بەوە دەکرد، نیوەی بیرو بۆچونەکانی خۆی تێکەڵ بە بۆچونی کەسانی دیکەی وەک: (ڤاگنەر)و فۆرستەرو هتلەر بکات (نیچە) خوێندرکارێکی دەوسیت لەخوێندکار زیاتر بێت، ئەم مەبەستەشی لە (زەرادەشت)دا باسدەکات، دەڵێت: (ئەو خوێندکارەی هەر بە خوێندکاری مامۆستاکانی مایەوە، ناتوانێت فەزڵ و چاکەی ئەو مامۆستایەی بداتەوە) (36).

(لۆسالۆمێ) (1861–1937) لەژیانی (نیچە) دا ئەو ڕۆڵەی بینی کە (ئەلیزابیس)و (پیتەرگاست) دەستەوستان بوون لەئاستیدا، واتە ڕۆڵێ ئەو خوێندکارەی کە لەگەڵیدا سەرگەرمی کێشەو باس و خواسە فەلسەفیەکان بێت، لەبەرئەوە پەیوەندی (نیچە) بە (لۆئەندریاس سالۆمی)یەوە، پەیوەندیەکی گرنگ بوو (37).

وەک (کارل یاسبەرز) باسی دەکات (نیچە) لەشاری ڕۆما، لە بەهاری ساڵی 1882دا (لۆسالۆمی) بینیو ئاشنایەتی لەگەڵدا پەیداکرد.

(لۆ) کچێکی بزوێو زیرەک بوو، (نیچە) ئەو هەلەی قۆستەوە، تا فەلسەفەکەی فێری مرۆڤێکی دی بکات و (لۆ) بکاتە خوێندکارێک کە لەنهێنی فەلسەفەکەی تێبگات، لە هەمان ئەو ساڵەی کە (لۆی) تێداناسی، نامەیەکی بۆ دەنوسێت و تێیدا دەڵێت: (نامەوێت چیدی تەنهابم، دەخوازم جارێکی دی فێرببم چۆن ببمە مرۆڤ، بەڵێ پێویستە لەم بوارەدا هەموو شتێ فێرببم). (38). هەرچەندە (لۆسالۆمی) کتێب گەلێکی زۆری نوسی، یەکێک لەو کتێبانەی ئەوە بوو (نیچە لە بەرهەمەکانیدا) کە لە ساڵی 1894بڵاویکردەوە، بەڵام هۆکاری سەرەکی ناوبانگ دەرکردنی دەگەڕێنەوە، بۆئەوەی بۆ ماوە یەک هاوڕێی (نیچە) بووە.

پەیوەندی نێوانیان لەتشرینی دووەمی ساڵی 1886دا کۆتایی هات، کاتێک (لۆسالۆمی) شوی بە (چارلزئەندریاس) نەکرد. (چارلز) مامۆستاو

فەقیهی بواری زمان ناسی بوو (39). ساڵی 1886 ساڵێکی ناخۆش بوو لە ژیانی (نیچە)دا، لەوساڵەدا دوو هاوڕێی ئازیزی لەدەستدا، لە سەرەتای ئەو ساڵەدا (ئەلیزابیس)ی خوشکی لەگەڵ مێردەکەیدا چون بۆ پاراگوای و لەکۆتایی ئەو ساڵەشدا (لۆسالۆمێ) شوی کرد، بەمەش دەبوو (نیچە) بچێتە ژێر باری ئەو تەنهاییە سەخت و قورسەی لە منداڵییەوە دەی گوزەراند، لە زۆرێک لەناوە نوسینەکانیدا باسی ئەم حاڵەتەی خۆی کردووە لە بیستو یەکی تشرینی دووەمی ساڵی 1887دا دەنوسێت: (تەنانەت ئەو کاتانەشی کە منداڵ بووم هەر تەنها بووم، ئەمڕۆکەش کە تەمەنم چل و چوار ساڵە هەر تەنیام)، هەروەها دەڵێت: (من زۆر تامەزۆری مرۆڤم و بەدوایاندا دەگەڕێم، بەڵام هەموو جارێک تەنها هەر خۆم دەبینم، ئەگەرچی تاسەی خۆم ناکەم... هیچ کەس سەرملێناداو کەس نایەت بۆلام، من بۆلای هەمویان چوم، بەڵام کەسم نەبینی) ئەم تەنهاییە دواجار توشی نائومێدی کردو لەنامەیەکیدا کە لە5⁄ئابی 1886دا، بۆ (ئۆفەربیک)ی نوسیووە دەڵێت: (هەنوکە کەس خۆشی ناوێم، ئیتر چۆن بتوانم لەسەر خۆشویستنی ژیان بەردەوام بم!). (لەوێدا لەسەر کەنار دەریا دادەنیشتو هەست بە سەرماو برسێتی دەکەیت، ئەمەش بەس نییە بۆ ڕزگارکردنی ژیانی مرۆڤ). (تەنانەت هەراو هوریاش بۆ مرۆڤی تەنها، مایەی دڵنەواییە) گەر بتوانم هەستی تەنهایی خۆمت بۆ باس بکەم، ئەوا دەڵێم: مرۆڤێک نییە، لەناو زیندوان یان مردواندا هەست بەنزیکایەتی و ئولفەت بکەم لەگەڵیدا ئەمەش بۆخۆی کارەساتە)(40).

شایەنی باسە فەیلەسوفی بونخوازی (سۆرین کێرکە گۆرد) وەک (نیچە)، بەدەست هەمان ئەو تەنهاییە قوڵەوە ناڵاندویەتی. (کارل یاسبەرز) لەکتێبەکەیدا (عەقڵ و بوونی مرۆیی) باس لەوە دەکات، دەڵێت: (ئەو تەنهاییە سەخت و دژوارە، خاڵی هاوبەشی نێوان سۆرین کیرکەگۆڕدو فردریک نیچەیە... کیرکەگۆرد دەیزانی کەناشێت هاوڕێی هەبێت و نیچەش لەتەنهاییەکی قوڵدابوو، هەر بۆیە هەردووکیان یەک وێنەیان لە

خەیاڵدابوو: نیچە خۆی بەدرختێکی ئاگر دەچواند، درەختێک کە لەسەر لوتکەکاندا هەڵدەکشێت و بەسەر چۆڵەوانی و بۆشایدا دەڕوتنێت: من لێرە بە تەنیام! کێ زانی ئەوە دەکات ببێتە میوانم؟ هەروەها کیرکەگۆڕیش خۆی وەهادەچوێنێت کە وەک درەختێکی ئاگری تەنها و گۆشەکیی وەهایە کە بۆ بەرزدەڕوانێت و بەرەو ئاسمان هەڵدەکشێت: من لێرەدا بەتەنها وەستاوم و کەسم لەلانییە، تەنانەت سێبەرەکەشم. لێرە تەنها کۆترەکانی جەنگەڵ هێلانەکانیان لەسەر لق و پۆپەکانم دروستدەکەن).

دواجار دەبێت باس لەوە بکەین کە ژن( ڕۆڵێکی گەورەی لەسەرنج و ستایشکردنی ئەو بوون، بە تایبەتی: (کۆزیما ڤاگنەرو لۆسالۆمی)، هەروەها نابێت ڕۆڵ وگرنگی (ئەلیزابیس)ی خوشکیشی لە ژیانیدا لەبەرچاو نەگرین.

لێرەوە دەبێن زۆربـەوردی مامەڵە لەگەڵ ئەو دەستە واژانەیدا بکەن، کە سەرکۆنەی ژنان دەکات و شۆخیان پێدەکات (نیچە) بەلۆژیکی فەلسەفەکەی، پلەوپایەیەکی گەورەو گران بەژن دەبەخشێت، لەبەرئەوەی مرۆڤی باڵا کە ئامانجی تەواوی فەلسەفەی (نیچە)یە، دەبێت دایکی شایەنی ئەوەبێت کە شتێکی مەزنی وەک ئەو ببینێت (نیچە) غافڵا نەبووە، لەم کاتێک لە چاپتەری (منداڵ و ژن هێناندا) باس لەدایکی باڵا مرۆڤو دەکات، بەو جـۆرەی کە ئەو مرۆڤە مەزنە خۆزگەی پێ دەخوازێت و پێیوایە ئەو هاوسەرگیریەی ئامانجی دروستکرانی باڵا مرۆڤە، هاوسەرگیریەکی موقەدەسە، کەواتە ژن لە فەلسەفەی (نیچە)دا ڕۆڵێکی گەورەو مەزنی هەیە، بەو پێیەی ئەو دایکەیە کە باڵا مرۆڤ دەخاتەوە، لێرەوە یەکە (نیچە) لە چاپتەری (پیرەمێردو کچ)دا بانگ لەژن دەکات و دەڵێت: (ئەی ژن، وابکە ئەستێرە لەڕێی خۆشەویستێەوە بدەروشێتەوە، تاوابکەن ئاواتت بێتەدی و بڵێیت: خۆزگە باڵا مرۆڤم دەبوو). (41)

# نیچە — دولوز:
# گەڕانەوەی ئەبەدی وەک بیرۆکەیەکی ئەخلاقی

فاروق رەفیق

یەکێک لەو چەمکانەی ناو فیکرو فەلسەفەی نیچە، کە زۆر بە هەڵە تەفسیر کراوەو بەد حاڵیبوونی دروستکردووە، بریتییە لە چەمکی "گەڕانەوەی ئەبەدی Eternal Return". بۆ نموونە، کۆفمان (W. Kaufman) لە مشتومڕی ئەوەدایە کە بیرۆکەی گەڕانەوەی ئەبەدی لە فیکری نیچەدا، تا ئێستا پشتگوێ خراوەو حیسابی بۆ نەکراوە.

بەڵام زۆرجاران "وا لەبەرچاو گیراوە وەک دنیابینییەکی بازنەیی بۆ مێژوو، هەروەها هێڵدراوەتەوە"(1)، هەروەها هایدگەر لە وتارەکەیدا "زەردەشتی نیچە کێیە؟"(2) پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە گەڕانەوەی ئەبەدی، بریتییە لە گەڕانەوەی ئەبەدی هەمان شت، مادامێکیش بەو شێوەیەیە کەواتە نوێنەرایەتی جۆرێک لە تۆڵە سەندنەوەی میتافیزیکیانە دەکات لە خودی کات، کە بەهۆیەوە نیچە لە هەوڵی ئەوەدایە تەجاوزی بکات لە رەخنەدا بۆ بوغزو کینە resentment ، بەڵام دولوز Deleuze ئەوە پێشنیاز دەکات کە ئەم خوێندنەوەیە لە سنورەکانی چەمکی هایدگەریانەی جیاوازی ئۆنتۆلۆژیەوە ontological difference سەرچاوەی گرتووە.

جیاوازی ئۆنتۆلۆژی زاراوەیەکە هایدگەر بەکاری دەهێنێت، بۆ وەسفکردنی پەیوەندی جیاوازیانەی نێوان بوونە کۆنکرێتیەکان Concrete entities یان بوونەکان(beings) و بوون کە شایانی بە لۆکاڵی بوون نییە، (not - localizable) کە کارێک دەکات بوونەکان لەبنەڕەتدا بوونیان هەبێت. وێڕای جەختکردنی لەسەر جیاوازی difference، هایدگەر بەردەوامە لەبیرکردنەوە بەربنەمای شوناسەکان (identities)، هەربۆیە وا

سەیری گەڕانەوەی ئەبەدی دەکات، وەک گەڕانەوەی هەمان شت.(3)

بۆئەوەی لەمانای تەواوی گەڕانەوەی ئەبەدی بگەین، دەبێت دوو ڕەهەندی سەرەکی فیکری نیچە لەبەرچاو بگرین، وەک ئەوەی لای دولوز گەشەیان پێدەدرێ، ئەویش لەلایەکەوە کۆسمۆلۆژیای نیچەو لەلایەکی دیکەوە ئەخلاقی ئەرێنی، ئەخلاقی شادی. ئێمە دەتوانین ئەم دوو ڕەهەندە بەراشکاوی و قوڵی ببینینەوە لەدوا (aphorism)ی کە لەدوای خۆی بڵاودەبێتەوە لەژێر ناونیشانی "ئیرادەی دەسەڵات".

نیچە پێمان دەڵێت کە:

"ئەم جیهانە: ئەنرژیەکی غۆلئاسایە، بێ سەرەتاو بێ کۆتاییە..

وەک گەمەی هێزەکان و شەپۆلی هێزەکان، لەهەمانکاتدا یەکەو زۆریشە..

دەریایە لە هێزەکان کە هەڵدەقوڵێن و بەناویەکدا دەچن و ئەبەدیانە لە گۆڕاندان، ئەبەدیانە دەگەڕێنەوە، ساڵەهای ساڵ لە دوبارە بوونەوەدان، لە گەمەی دژەکانەوە جارێکی دی گەڕانەوە بۆ خۆشی ...."(4)

هەروەها شادی ئەم جیهانە خۆی لە خۆیدا سەرمەدیە، ئەم جیهانە بریتییە لە ئیرادەی دەسەڵات و هیچ شتێکی دیکە نییە جگە لەمە. کەواتە، ئیرادەی دەسەڵات حاڵەت یا میزاجێکی گەڕانەوەی ئەبەدیە، ئەو ئامڕازەیە کە لەرێگەوەی گشت شوناسەکانی پێشوو هەڵدەوەشێنرێنەوەو ئەوەی دەگەڕێتەوە بریتییە لە جیاوازی کە خۆی بابەتی شادیە.

مەبەستی من لەم لێکۆڵینەوەیە بریتییە لە تاقیکردنەوەی "گەڕانەوەی ئەبەدی" لە پەیوەندیدا بە ئەخلاقی شادیەوە لە فەلسەفەی نیچەو دولوزدا.

مەبەستی سەرەکی من لێرەدا ئەوەیە کە ئەوە نیشان بدەم وەزیفەی سەرەکی بیرۆکەی گەڕانەوەی ئەبەدی بریتییە لە ئەرکی وتن و جەختکردنە سەر جیاوازی، هەروەها خستنەڕووی ئەو ئەرگۆمێنتەی کە جەختکردنە سەر جیاوازی پێکهێنەری ئەخلاقی شادیە، بەڵام پێش ئەوەی بە کورتی لەسەر

مەبەستە سەرەکیەکەی ئەم توێژینەوەیە بدوێم، دەبێت ئەوە ئاشکرا بکەم کە من لێرەدا زۆرتر پێ لەسەر خوێندنەوەکەی دولوز بۆ فەلسەفەی نیچە دادەگرم.

رەوایە و زیادەڕۆییمان نەکردووە گەر بڵێین دوو وشە هەن کە دەتوانن جیهانی نیچەمان بۆ وەسف بکەن: کە یاس Cuaos (ئاژاوە)و فرەیی (Multiplicity). نیچە دەڵێت "گریمانەی یەک خود رەنگە پێویست نەبێت. گریمانەی من ئەوەیە، کە خود فرەییە"(5). وێڕای ئەمەش لەناو سنورەکانی فرەییدا، ژیان رەهەندێکی دیکەی هەیە ئەویش بریتییە لە یەکێتی فیکرو ژیان. دولوز بەم شێوەیە ئەم خاڵە روونەدەکاتەوە:

"ژیان دەڕوات بۆ ئەو دیو ئەو سنورانەی کەمەعریفە بۆی دیاری دەکات، بەڵام فیکر دەڕوات بۆ ئەودیو ئەو سنورانەی کە ژیان بۆی دیاری دەکات. فیکر لەوە دەکەوێت کە ratio بێت، ژیان لەوە دەکەوێت کە پەرچەکردار بێت. بیرمەند بەم شێوەیە تەعبیر لە جازبیەتی جوامێرانەی فیکرو ژیان دەکات، ژیان کارێک دەکات فیکر چالاک بێت، فیکریش کارێک دەکات.ژیان ئەرێ وتن بێت"(6) ناوەڕۆک و جەوهەری فەلسەفەی نیچەو دولوز بریتییە لەم تێگەیشتنە کە ژیان ناشێت و نابێت تێگەتیڤانە وێنا بکردرێت و دەرکی پێ بکرێت. وەک شەهیە، ئارەزوو، کە جۆشی دەدات لە ئۆرگانیزمێکی ماتریاڵیدا ئەوکاتەی ئەو ئۆرگانیزمە شتێکی کەمە (lacks) بۆمانەوەو هاوسەنگ بوونی، هێزی پێویستی بوون، بۆ شییەک لە سیستەمەکەدا. لە جیاتی ئەمە، ژیان شتێکی نوێ ئیزافە دەکات بۆسەر گەردوون، شتێکی ئەرێنی (پۆزەتیڤ)، هێزێک کە پێویستی بەوەیە خۆی خاڵی بکاتەوە لە بارگاوی بوون، تاکو خۆی بەکاربهێنێت، هێزێک کە رازی نییە، قانع نییە. بە ناوەڕۆکەکانی بەڵکو پێویستی بە خەرجکردن و پەرپوش و بڵاوبوونەوەی تێری و پڕی (over fulness) خۆی هەیە بێ ئەوەی داوای قەرەبوکردنەوە بکات.

ژیان بریتییە لەهێزی خۆی، سروشت کردارە نەک پەرچەکردار، ژیان بەرهەمە نەک تەنیا پنتێک، بۆ گواستنەوەی هێزەکانی سروشت.

زیاتر لەمە ژیان دەسەڵاتەو ئیرادەی دەسەڵات، ژیانە بەرهەمهێنانە، ئەوەی ژیان بەرهەمی دەهێنێت لەخودی خۆیدا خەونەکانی خودی ژیانن، واتە بزاوت و جوڵە نا ئامانجداریەکان (non teleological) لە کەمبودیەوە (luck) سەرچاوەیان نەگرتووە، بەڵکو لە چڕبوونەوە گەورەکەی هێزی ژیانەوە سەرچاوەیان گرتووە.

هەروەها هەمیشە ئەو حاڵە بوونی هەیە کە هێزبوونی هەیە تەنیا لە خودی کێشمەکێش و ململانێی هێزەکاندا، هەربوونێک لە سروشتدا بریتییە لە هێز، بەڵام پرسیارێک لێرەدا خۆی قوتدەکاتەوە ئەویش ئەوەی مەبەست لە هێز چییە؟ کامیان ئەولەویەتی هەیە مانا یاخود هێز؟

لەبەر رۆشنایی ئەوەی کە تائێستا وتمان دەتوانین بڵێین، کە مانا لە دواجاردا بریتییە لە هێز: مانای دیاردە لەلایەن هێزەکانەوە بەرهەم دەهێنرێت، هێزەکان گونجاوی دەبەخشن بە مانا، لێرەوە مانا شایانی گۆڕینە بەپێی سروشتی هێزەکان، بەم شێوەیە مێژووی دیاردەیەک دروست دەکرێت و دیاری دەکرێ لەرێگای بەدواهاتنی هێزەکاندا، کە لە رابردوودا کارێکیان کردووە، ئەو دیاردەیە گونجاوبێت و لەحاڵی حازریشدا کێشمەکێشی هێزەکان بۆ بوون بەخاوەنی ئەو دیاردەیە ماناو گونجاوی بەو دیاردەیە دەبەخشێت. دولوز رای وایە کە:

"ئێمە هەرگیز مانایەک بۆ شتێک (مانایەک بۆ مرۆڤ) بۆ بوونێکی بایۆلۆژی و بگرە دیاردەیەکی سروشتی، نابینینەوە گەر ئێمە ئەو هێزە نەناسینەوەو نەیزانین کە گونجاوی بەو شتە دەدات، یاخود بەکاریدەهێنێ بۆ مەرامی خۆی، یاخود دەستی بەسەردا دەگرێت، یان تەعبیر لەخۆی دەکات لە ناویداو بەهۆیەوە"(7) هەروەک ئەو مانایەی پێکیدەهێنێت هێز تاک نییە، بەڵکو کۆیە، واتە فرەییە. جەوهەری

هێزێک لە پەیوەندیدا بەهێزەکانی دیکەوە دیاری دەکرێ، هەر هێزێک لەهەمانکاتدا هەژموونی هەیەو لەژێر هەژموندایە.

فرەیی هێزەکان کردار دەنوێنن و کردارین لەسەرەوە دەنوێندرێت لەلایەن هێزەکانی دیکەوە لەمەوداو دووریەکدا، هەر ئەم مەوداو دووریەشە کە جیاوازی دەخاتە نێوان هێزەکان، لە هەمانکاتیشدا پێکەوەیان گرێدەدات، لە کاتێکدا هێز برینییە لە بابەتی توانایی، ئیرادەی دەسەڵات ئەو پرنسیپەیە کە ئەم توانایە دەناسێنێت و ژێر رکێفی خۆی دەخات.

ئیرادەی دەسەڵات جیاوازی دەخاتە نێوان هێزەکانەوەو جیاوازی چلۆنایەتی و چەندایەتی لەنێوانیاندا دروست دەکات. جیاوازیەک کە لەچەندایەتیدا بەم شێوەیە بەرهەم دەهێنرێت جیاوازیەکە لەنێوان هێزی باڵادەست و هێزی بن دەست، لە کاتێکدا جیاوازی لە چلۆنایەتیدا جیاوازیەکە لەنێوان هێزی چالاک و هێزی ریاکتڤ (reactive) نا چالاک، یان پەرچەهێز.

جیاوازی لە چەندایەتیداو چلۆنایەتی هێزەکاندا هەردوک لە ئیرادەی دەسەتەڵاوە سەرچاوە دەگرن وەک تۆخمێکی جینالۆجی (genealogical). "ناوزەدکردنی هێزەکان بەهێزی چالاک، یان پەرچەهێز پابەندە بە چلۆنایەتیانەوە"(8)وەک ئەوەی کە دولوز ئاماژەی پێدەکات، فەلسەفەی نیچە لەبنەڕەتدا فەلسەفەیەکی تراژیدیە، برینییە لە ئەرێ وتن بۆ شادی و دەردو ئازاری بوون لەگشت، لەکۆی پێکهاتەکانیدا. ئەم ئەرێ وتنە سەراپاگیریە هۆی گوزارەو دەنگی هێزی چالاکە کە هەندەسیانە دژی هەموو شێوەکانی ئەو عەدەمیەتەیە کە پەرچەهێز سەر رێگای دەخات و دروستی دەکات.

هێزە چالاکەکان، ئەو هێزانەن کە بە سادەیی جەخت دەکەنەوەو دەڵێن بەڵێ بۆ بوون بەربنەمای ئۆتۆرەتی خۆیان، لەکاتێکدا پەرچەهێزەکان نەفی دەکەنەوە وەک وەڵامێک و وەک پەرچەکردارێک دژ بەم ئەرێ وتنەی هێزە چالاکەکان. چالاکی (چالاک بوون) یان کردار نواندن و پەرچەکرداری

(reactivity) بەم شێوەیە مەسەلەیەک نین تایبەت بە مقداری بەهێز بوونەوە (چەندایەتی)، بەڵکو مەسەلەیەکن تایبەت بە پۆتاسیۆنەوە ئەگەرێنی (چلۆنایەتی).

پەرچەهێزەکان دەشێ بەهێزتر بن لە هێزە چالاکەکان بەمانای وشە، بگرە دەتوانن باڵادەستیان هەبێت بەهۆی و لەرێگای خود - کۆنترۆڵکردنی خۆیانەوە. ئەمەش لەراستیدا تەفسیری ئەو ئاوەژوکردن و گەڕانەوەی ئەو بەهایانەیە کە بوونە مایەی هەژموونی بوغزو عەدەمیەت لەناو کلتوری ئەوروپیدا، لەکلتورەکانی دیدا لە رۆژگـاری ئەمڕۆدا لەوانە، لەکلتوری ئیسلامی دا، ئیسلام گەرایی هیچ نییە جگە لە پەرچەهێزێک دژ بە ژیان.

شوێنی سەرنجە کە فەلسەفەی نیچە لە بنەڕەتەوە بە تەواوی فەلسەفەیەکی دژ بە دیالیکتیکە. دولوز لەوباوەڕەدایە کە: "دژایەتیکردنی هیگلیزم (Hegelianism) لەناو بەرهەمی نیچەدا وەک بڕینێکی تیژ پەخش دەبێتەوە،.." بەڵێ "ی نیچە دژبە (نەو)ی دیالیکتیکیە، بریتییە لە ئەرێ وتن لەبەرانبەر (نەفی دیالیکتیکیدا) جیاوازیە لەبەرانبەر دژیەکدا، خۆشیە شادیە لەبەرانبەر کارو رەنج (Labour)ی دیالیکتیکیدا، روناکییە، سەمایە، لەبەرانبەر لێپرسراوێتیە دیالیکتیەکاندا"(9) شوێنی وەبیر هێنانەوەیە کە دیالیکتیکی هیگڵی کاردەکات، لە رێگای پرۆسەیەکەوە پرۆسەی نەفیکردن و توانەوە، کە تێیدا ئەتروحەیەک (بابەتێک، مەبەستێک) لەلایەن دژە بابەتەوە (ئەتروحەیەکی دژبەمەوە) نەفی دەکرێتەوە، کە هەردوک پێکهاتەیەکی نوێ دروست دەکەن. چ نیچەو چ دولوزیش پێشنیازی جەختکردنەوە لەسەر جیاوازی، ئەرێ وتن بۆ جیاوازی دەکەن دژ بە ئەو توانەوەیەی دیالیکتیکی هیگڵی کە خۆی لە نەفیکردن و تناقچدا دەبینێتەوە. دولوز ئەم خاڵە بەم شێوەیە تەفسیر دەکات: "بازنەی هیگڵ برینیی نییە، لە گەڕانەوەی ئەبەدی، بەڵکو دوبارە بوونەوەیەکی ئەبەدی هەمان شتە لەرێگای نەفیکردنەوە..

لە هەرحاڵەتێکیاندا جیاوازی ملکەچی شوناسە، جیاوازی کورت

دەکرێتەوە، بۆ نەفی. نەفی و نەفیکردنەوە تەنانەت ناتوانن دەستیان بە دیاردەی جیاوازی بگات، تەنیا دەستیان بە تارمایی دەگات، یان سەروو دیـاردە 10)" (Epi - phenomenon هەر بەم پێیە، لە پەیوەندیدا بە هێزەکانی دیکەوە، هێزی باڵا دەست یان چالاک ئەوی دیکە رەتناکاتەوە، یان ئەوەی کە خۆی نییە، بەڵکو لە جیاتی ئەمە جەخت لەسەر جیاوازبوونی خۆی دەکاتەوەو خۆشی و شادی لەم جیاوازیەدا دەبینێتەوە، لێرەوە دەتوانین بڵێین کە دووجۆر کێشمەکێش لە نێوان هێزەکاندا بوونیان هەیە، فۆرمێکی جوامێرانەو فۆرمێکی نا جوامێرانەی کێشمەکێش، لە هەوڵدا بۆ بە ئایدیاڵیکردنیان، واتە بۆ سەپاندنی ئایدیاکان بەسەریاندا، ئەو فۆرمانەی کە غەریزەی ئەپۆلۆنیانەی کەس لەناو خودی خۆیدا بەرهەمیان دەهێنێت، بەڵام فۆرمێکی دیکەی ململانێ هەیە کە لە لاوازیەوە بەرهەمدێت، لە نەفیکردنەوە سەرچاوە دەگرێ، کە لەهەوڵی ئەوەدا نییە، دژێکی خاوەن شایان و بەها بۆخۆی بدۆزێتەوە، هەر لەسەرەتاوە نەیارەکەی خۆی لەناو دەبات، لە نرخی کەم دەکاتەوە، لە بەهاکانی خۆی دایدەبڕێت و بێ رێزی دەکات. (سەرنج بدەن کە هێزی باڵا دەست کە هێزێکی عەدەمیە لەئەمڕۆی جڤاتی کوردیدا هەر ئەم کارە دەکات، واتە ناجوامێرانە نەیارەکانی خۆی هەر لەسەرەتاوە دەکوژێ، یان پەراوێزیان دەکات، هەرئەمەشە قەدەری کەسانی جیاوازو چالاک لەناو جڤاتی کوردیدا).

هـەر ئـەم جـۆرەیـە لەفۆڕمی ئـیـرادەی دەسـەڵات کـە دەبێتە ئەو پرۆژەیەی کە هەرشتێک تەندروست بێت بە پەراوێزی دەکات و دەیشکێنێت، هەرشتێک بەهێزو جوامێربێت ئەم لە بەهای کەم دەکاتەوەو دووری دەخاتەوە لە ململانێکە. هێزێک لەمجۆرە بە بەردەوامی هەوڵی ئەوە دەدا کە هەرشتێک چاکە لە هێزەکانی دیکەدا کۆنترۆڵی بکات لەرێگای "سەلبی" بوونی خۆیەوە و یەکێکیش لە چەکەکانی بریتییە، لە دیالیکتیک.

بەم شێوەیە دیالیکتیک تەعبیرکردنێکی هێزێکی ماندووە exhausted کە توانای ئەرێ وتنی نییە، بۆ جیاوازبوونی خۆی. دیالیکتیک لە جەوهەردا پەرچەکردارەو ئینکاری هەموو ئەوشتانە دەکات کە پۆزەتیڤن و ئەم نەفیکردنەش وەک جەوهەری خۆی سەیر دەکات و وەک پرنسیپێکی بوون.

ئەم بیرکردنەوە تەقلیدیە لە فەلسەفەو زانستدا لەسەر عەدەمیەتەوە بیناکراوە، دانی ئەولەویەت بە شوناس و نەفیکردن، لە بەرانبەردا پرۆژەی نیچەو دولوز، بریتییە لە رێگا خۆشکردن بۆ بیرکردنەوەیەکی نوێ و گەڕانێک کە دەبێتە مایەی جەختکردنە سەر جیاوازی و دەرهاویشتنی نەفی.

ئەم دوو فەیلەسوفە پێشنیازی بیرکردنەوەیەکی چالاک دەکەن تا شوێنی پەرچە تڕادسیۆن (reactive tradition) بگرێتەوە. ئەم بیرکردنەوە چالاکە، کارایە، عەودالّی سێ فۆڕمی گەڕانە (inquiry): زانستی سیمتۆماتۆلۆجی Symthomatology (زانستی دەرکەوتەکان)، کە دیاردەکان تەفسیر دەکات وەک دەرکەوتەکان (symtoms)ی پەیوەندی نێوان هێزەکان، دووەم، تایپۆلۆژی، تەفسیرکردنی هێزەکان بەربنەمای چلۆنایەتیان، چلۆنایەتی چالاک یان پەرچەکردار، سێیەم، جینالۆجی، نرخاندنی ئەسڵی هێزەکان لەو دیدگایەوە کە کام هێزە ئەسڵەکەی جوامێرانەیەو کامە ناجوامێرانەیە. ئامڕازی بە دەستهێنانی ئەم دابڕانە بریتییە، لە ئایدیای گەڕانەوەی ئەبەدی. بەپێی ئەم تەفسیرە، یەکەم، گەڕانەوەی ئەبەدی تەحەدایەکە بۆ چەمکەکانی ئامانجداری (teleology) و شوناس کە جەوهەرین لە میتافیزیکادا. کەچی ئەمە روودەدات لەرێگای دانانی کاتی بازنەیی لەشوێن کاتی رێک (واتە کات وەک بەدواهاتنی یەکەکانی کات)، لێرەدا گەڕانەوەی ئەبەدی ئامانج هەڵدەوەشێنەوە.

دووەم، دەشـێ وا تەفسیری گـەڕانـەوەی ئەبەدی بکەین وەک پرنسیپێکی وەبەرهێنانەوەی هەمەچەشنەیی و پرنسیپی دوبارەبوونەوەی جیاوازی. زیاتر لەمە گەڕانەوەی ئەبەدی بیرکردنەوەیەکی ناوازەیە کە

نێگەتیڤ و پەرچەکردار مەحف دەکاتەوە کە توانای ئەوەیان نییە خۆیان دوبارە بکەنەوە، لە هەمانکاتدا پاراستنی ئەوشتەی (یان بوونەی) کە چالاکانە جەخت دەکات و جیاوازی دروست دەکات.

لەم خاڵەی لێکۆڵینەوەکەماندا، شوێنی ئەوەیە کە ئاماژەیەک بە خوێندنەوەکەی کلۆسۆ وسکی Klossowski بدەین بۆ فەلسەفەی نیچە، چونکی ئێمە لەو باوەڕەداین کە دولوز زۆر لەژێر کاریگەری ئەو خوێندنەوەیەدایە.

دولوز ددان بەم کاریگەریەی کۆلۆسۆ وسکی دەنێت لەسەر ئایدیاکانی لە کتێبی "جیاوازی و دوبارەبوونەوە"دا، بەتایبەت لە وتارەکەیدا بەناونیشانی "نیچەو ئەزمونکردنی گەڕانەوەی ئەبەدی" کە تێیدا کلۆسۆ وسکی جەخت دەکاتە سەر رۆڵی گرنگی "لەبیرکردن" لە پرۆسەی ئاشنکردنەوەی گەڕانەوەی ئەبەدی لەتەک چەمکە باوەکانی شوناس، بەڵام ئەمە راگەیاندنێکە، کۆتایی دێت، چونکە گەڕانەوەی ئەبەدی هاوتایەتەوە لەتەک ئەو جۆرە لە فیکر کە ئەم لە رێگای ئەو ئاشنبوونەوە شکستخواردووە هەوڵدەدات شایانی دەرک پێکردن بێت.

کلۆسۆ وسکی لە بنەڕەتدا پێناسەی لەبیرکردن دەکات، وەک سەرچاوەو هەلومەرجێکی پێویست بۆ بەیانکردنی گەڕانەوەی ئەبەدی و گۆڕینی تاک کە ئەم ئایدیایە (گەڕانەوەی ئەبەدی) بۆ ئەو بەیانکراوە. لەلای ئەم بیرمەندە بەیانکردنی گەڕانەوەی ئەبەدی هاورێیە لەتەک ئەزمونکردنی یاد هاتنەوەیەک کەلە رێگەوەی تاک دەتوانێت لەوە بگات، کە ئەو رۆژێک لە رۆژان شوناسێکی هەبووە جیا لەو شوناسەی کە ئەو ئێستا خاوەنیەتی.

لەمە گرنگتر لەدەستدانی شوناس کە بەرهەمی مەرگی خودایە، کارێکی کرد کە تاک بکرێتەوە بۆ گشت شوناسەکانی دیکە وەک ئەگەرەکان، لێرەوە مانیفێستی گەڕانەوەی ئەبەدی خۆی تەحقیق کردنی گشت ئەگەرەکانی ئەو شوناسانەیە:

”مەرگی خوداوەند، مەرگی خودایەک کە گەرەنتی - یان زامنی شوناسی خودبوو، کارێکی کرد کە رۆح بۆ گشت ئەگەرەکانی شوناسی خۆی بکرێتەوە، کە بە فعلی شوێنی لێتێگەیشتنن لە رێگای هەستە جیاوازەکانی رۆحێکی نیچەویانەوە. بەیانکردنی گەڕانەوەی ئەبەدی بەناچاری بەدوای خۆیدا ئەو لێ تێگەیشتنانە دەهێنێت دەربارەی ئەو شوناسانەی کە شیاون، وەک ئەگەر. هەموو ناوەکانی مێژوو، لەدواجاردا بریتین لە من.

دایۆنیز و کەسی لەخاچدراو“ (11) بەم شێوەیە، گەڕانەوەی ئەبەدی بریتییە لە فیکرەیەک، کە شوناسی، پارادۆکسیانە، پابەندە بە هەڵوەشاندنەوەی خودی چەمکی شوناس، هەر ئەمەشە هۆی ناونانی بەدوبارە بوونەوەیەکی بازنەیی. بەم شێوەیە کلۆسۆ ویسکی، گەڕانەوەی ئەبەدی وەک هەر داستانێکی دیکە سەیر دەکات، حیکایەتێکی پڕ لە چالاکی کە ئەحەدای چەمکی حەقیقەت دەکات. ئەم تەفسیرە رادیکاڵەی گەڕانەوەی ئەبەدی وەک زەمینەیەک بۆ فرەیی و حەقیقەتێک، کە وەک ئەگەربوونی هەیە، بووە مایەی ئەوەی رێگا خۆش بکات، بۆ دیدو تەفسیری دولوز بۆ هەمان ئایدیا، لە کتێبەکەیدا لەسەر نیچە، دولوز جەغد لەسەر ئەوە دەکات کە چۆن بەرهەمی نیچە، ململانێی هێزە جیاوازەکان، هێزی کاراو پەرچە هێز، بوونەتە مایەی مەحف کردنەوەی شوناسی تاک.

دولوز جەخت دەکاتە سەر ئەو ئایدیایەی کە گەڕانەوەی ئەبەدی ناوازەیە، بریتی نییە لە گەڕانەوەی شت وەک خودی خۆی، بەڵکو گەڕانەوەی جیاوازی، بەڵکو گەڕانەوەی ئەو شتەی کە توانای ئەوەی هەیە جەخت لەسەر جیاوازبوونی خۆی بکات. جیاوازی لەم دیدەوە بە پلەی یەک دێت و پێش شوناس دەکەوێت و پێش شوناسێک دەکەوێت کە خۆی لە رێگای دوبارە بوونەوە بەرهەمی دەهێنێت: ”دوبارەبونەوە بریتییە لەو بوونە بێ فۆڕمەی هەموو جیاوازیەکان، دەسەڵاتە بێ فۆڕمەکەی ئەو زەمینەیەی کە گشت بابەتێک بەرەو ئەو فۆڕمە پەڕگیرە دەبات، کە

نوێنەرایەتی کردنەکەی دێت وەک هیچ، بەم شێوەیە بازنەی گەڕانەوەی ئەبەدی، جیاوازی و دوبارەبوونەوە (کە کاری تەماهی و دژایەتی پوچەڵ دەکاتەوە) بازنەیەکە، کە تێیدا وەک یەکەکان تەنیا بەوانە دەوترێت کە جیاوازن" (12)ئامانجە دوو مەبەستیەکەی ئەتروحەکەی دولوز بریتییە لە جێگرتنەوەی چەمکە ترادسیۆنەکانی شوناسی و نەفی، لەلایەن چەمکەکانی جیاوازی و دوبارە بوونەوەوە (difference and repetition). "هەموو ئەم نیشانانە دەشێت بدرێنە پاڵ هەڵوێستێکی گشتگیری دژە هێگلیزمەوە کە جیاوازی و دوبارەبوونەوە شوێنی هاوشوناس و نەفی دەگرنەوە، شوێنی شوناس و ناکۆکی"(13)، هەروەها دولوز جەغد دەکاتە سەر پەیوەندی نێوان گەڕانەوەی ئەبەدی و هەرەسهێنانی نوێنەرایەتیکردن و شوناس (representation and identity).

ئەو لەو باوەڕەدایە کە بانگەشەی نیچەییانەی مەرگی خوداوەند خۆی بریتییە لە تەعبیرکردنێک لەم هەرەسهێنانە. جیهانی مۆدێرن جیهانی وێنەیە، مرۆڤ شوێنی خوداوەندی نەگرتۆتەوە، هەروەک چۆن شوناسی خود شوێنی ماهیەتی نەگرتۆتەوە، بەم شێوەیە مەرگی خوداوەند بۆشاییەکی دروستکردووە، لەشوێن بەها مونڵەقەکاندا کەخوداوەند نوێنەرایەتی دەکردن، ئەمە کارێکی کردووە کە تاک بەجێی بهێڵێت بێ هەبوونی هیچ زەمانەتێکی موتەعالی تاکو پشتگیری یان پشتی بگرێت، بەڵام لەگەڵ خوداوەندیشدا خودێکی خاوەن هەمان شوناس پێویستە بمرێت. دولوز بەم شێوەیە ئەم رایە شیدەکاتەوە:

"وا دەردەکەوێت کە نیچە یەکەم کەس بووبێت ئەوەببینێت، کە مەرگی خوداوەند تەنیا ئەوکاتە کاریگەر دەبێت لەتەک توانەوەی خود (زات)دا، ئەوشتەی ئەوکاتە بەیاندەکرێت، بریتییە لە بوون کە جیاوازە، کە نە لە ماهیەتدایەو نە لە خود دا، لێرەوە جەخنکردنەکان روو دەدەن، گەر گەڕانەوەی ئەبەدی باڵاترین بێت، چڕترین فیکر، ئەمە لەبەرئەوەیە کە

گونجاوی، لە باڵاترین پلەدا، گونجاوی خودێکی بیرکەرەوە وەلاوە دەنێت، جیهانێک کە وا بیری لێدەکرێتەوە وەک خوداوەندێک وەک زامنێک"(14) ئەوەی شوێنی شوناسێکی جێ بەخۆگرتوی هەردوو خوداوەند و تاک دەگرێتەوە بریتییە لە دوبارەبوونەوە بەردەوامەکانی گەڕانەوەی ئەبەدی. ئەوەی شوێنی هەستیاریە بۆ گەڕانەوەی ئەبەدی بریتییە لە بەرئەنجامی هێزە چالاک و پەرچەهێزەکان (reactive)، ئەو کاتەی زیاد دەکەن بەتێپەڕاندنی کات، کە یان ترس و هەڕەشە بەرهەم دەهێنن، یاخود حاڵەتێکی شادی بەخش، سروشتی هێزی چالاک و کارا ئەوەیە کە جەخت دەکاتە لەسەر جیاوازی و دووری، لە کاتێکدا پەرچە هێز بە ئینکارکردنی جیاوازی دەست پێدەکات لەرێگای وتنی "نا بۆ ئەو شتەی کە دەرەکیە، ئەو شتەی جیاوازە هەر ئەم" نا "یەیە کردە داهێنەرانەکەی ئەو"(15). پەیوەندی و ئاڵوگۆڕی نێوان هێزی کاراو پەرچە هێز، جەختکردن و نەفیکردن زەمینەیەک پێکدەهێنن بۆ ئیرادەی دەسەڵات.

هەر ئەمەشە پرسیاری ئەوەی بۆچی جەختکردن بەهادارترە لە نەفیکردن کە دەبێتە مایەی پرۆڤەکردن و بەهێزکردنی ئیرادەی دەسەڵات بۆ گەڕانەوەی ئەبەدی، گرنگە ئاماژە بەوە بدەین کە ئایدیای گەڕانەوەی ئەبەدی هیچ پەیوەندیەکی بەبوون و نەبوونەوە نییە، بەڵکو وەزیفەیەکی هەبوون (صیرورە) و فرەییە. لێرەوە دەبێت وا وێنا بکرێت و شوێنی دەرک پێکردن بێت وەک تەرکیبەیەک، "تەرکیبی کات و رەهەندەکانی کات، وەک تەرکیبەی هەمە چەشنەیی و بەرهەم هێنانەوە، تەرکیبەی هەردوو هەبوون و بوون کە جەخت لەخۆی دەکاتەوە لە هەبوون دا"(16) بەم شێوەیە گەڕانەوەی ئەبەدی وتنێک و جەختکردنێکی ئەو شتەیە کە نیچە ناوزەدی دەکات بە "کردار نواندن لە دورەوە"، لەگەڵ دەرکەوتنی ئایدیای "گەڕانەوەی ئەبەدی" لە بەشێکی کتێبی "زەردەشت بەم شێوەیە دوا"دا ئێمە روبەڕووی رەهەندی دووەمی ئەم ئایدیاو چەمکە دەبینەوە، بەو شێوەیەی

که دولوز تەفسیری دەکات، گەڕانەوەی ئەبەدی وەک "فیکرێکی ئەخلاقی و هەڵبژێردراو". مادامێک بەوشێوەیەیە، گەڕانەوەی ئەبەدی هەر شتێک مەحف دەکاتەوە، کە تەنیا ئارەزوو بکردرێت "تەنیا ئەمجارە" یاخود وەک ئەوەی زەرادەشت دەڵێت "خواستنێکی نا بەدڵ"، "ئۆ، تۆ ئەی ئەوکەسەی کە هەموو خواستنێکی نا بەدڵ رەتدەکەیتەوە، دەبیتە جەسورو پێداگر لە کـردار"(17) ئەم مەسەلەیە دەتوانرێ ببینرێت لەو شتەدا کە راستەوخۆ دوای تەسریحەکەی زەردەشت دێت دەربارەی خواستنی نابەدڵ. "ئەوە بکە کە ئیرادەی دەکەیت، بەڵام بن بەو کەسانەی کە دەخوازن، کە ئیرادە دەکەن". لەودیو فیکری هەڵبژێردراوی گەڕانەوەی ئەبەدیەوە، پێویستە هەڵبژاردنێکی دیکە، دووەم، بوونی هەبێت، ئەویش بوونە (being).

نیچە دەڵێت "ئەوەی کە هەموو شتێک دوبارە دەبێتەوە، بریتییە لە نزیکترین تەقدیری تەقریبی جیهانی هەبوون (صیرورە) بۆ جیهانیبوون: پلەیەکی باڵای تێڕامان"(18)، لە هەڵبژاردنی گەڕانەوەی ئەبەدیدا، کەینونە ئیدی یەکسان ناکرێت بە شوناس، بەڵام لە گەڕانەوەدا ئاڵۆزیەکان دەستیان بە نزیکی لەیەکەوە دەگات، کە بریتییە لە جیاوازی و ئەم جیاوازیشە خۆی لەخۆیدا جەختکردنە لەسەر دووری و هەبوون (distance and becoming) نزیکییەک کە چەمکی ترادسیۆنانەی بوون رادەماڵێ. بەم شێوەیە گەڕانەوە تاکە بوونێکی ئەو شتەیە کە هەبوونە (becoming).

رەنگە دوبارەکردنەوە بێت کە بڵێین لەتەک ئاوەژوکردنەوە لەریشەدا، هاوپەیمانی هێزە نێگەتیڤەکان و پەرچەکردار ئیرادەیەکی دەسەڵات دروست دەکات کە نێگەتیڤە، کە عەدەمیە. ئیرادەی دەسەڵات نیشانە (target) (ئامانج)ی پرۆسەی گۆڕین و شێواندنە، ناتوانرێت تێکبشکێنرێت لەلایەن هەوڵی نیوە ناچڵی و نا بەدڵیەوە، هاوشێوەی خواستنی نابەدڵی.

دولوز لەو باوەڕەدایە ئەم جۆرە لە ئیرادەی دەسەڵات کە عەدەمی و نێگەتیڤە تەنیا رێگایەکە بۆ زانینی ئیرادەی دەسـەڵات، بە مانایەکی

دیکە تەنیا روخسارێکە شێوەیەکی ئیرادەی دەسەڵاتە کە ئێمە لە رێگای عەدەمیەتەوە دەیزانین و دەیناسین. لێرەدا گەڕانەوەی ئەبەدی رۆڵێکی گەورە دەبینێت ئەویش بەوەی کە گەڕانەوەی ئەبەدی کارێک دەکات ئێمە ئاشنابین و هۆشیاربین بە روخسارێکی نەزانراوی دیکەی ئیرادەی دەسەڵات. کەواتە، گۆڕینی گەڕانەوەی ئەبەدی بریتییە لە وەزیفەی "بەڵێ" و "نە و".

ئەمەش دەتوانرێت ببینرێت لە بەندی یەکەمی کتێبی "زەرادەشت بەم شێوەیە دوا " بەندی "دەربارەی سێ مەسخ بوونەکە" کە تێیدا سود لە وێنەی حوشترو شێرو منداڵ وەرگیراوە. شێر "پەیوەندی نۆتەکانی رۆح" ئامادە دەکات، کە کارێک دەکات گەڕانەوەی ئەبەدی مسۆگەربێت و ئەمەش لە رێگەی "نەئە موقەدەسەکەیەوە" دەی کات. تەنیا دوای ئەم "نەئە سەراپاگیریە"یە کە منداڵ رەنگە وا دەربکەوێت وەک "تاکێکی خۆ بەرەوپێش جوڵێنەر"، یەکەم چرکە، "بەڵێ"یەکی موقەدەس.

لە بەرانبەر "بەڵێ"کەی زەرادەشتدا، بەڵێ کەی منداڵەکە بریتییە لەو بەڵێ یە جیا لەوکەسەی کە نازانێت چۆن بڵێت "نەو"، لە بەرانبەر "نەئە"کەی زەرادەشتدا، "نەوی کاولکاری کارایانە، نەوێکی تەواو عەدەمیە، عەدەمیەتێک کە ئێمە ئێستا لەناویدا دەژین". لای نیچە "هەوڵەکان بۆ دەربازبوون لە عەدەمیەت بێ نرخاندنەوەی گشت بەهاکان کە هەن تائێستا، ئەو هەوڵانە بەرئەنجامی پێچەوانەوە بەرهەم دەهێنن، کارێک دەکەن کە کێشەکە تیژتر بێت"(19) تەنیا رێگەیەک و شێوازێک بۆ گەیشتن بەوێرانکردنێکی کارامەی عەدەمیەت بریتییە لەو خاپورکردنەی کە روو دەدات بەهۆی گۆڕینی گەڕانەوەی ئەبەدیەوە.

نیچە بانگمان دەکات تاکو "بیر لەمە بکەینەوە لە فۆڕمە هەرە سەختنەکەیدا، بوون وەک ئەوەی کە هەیە، لەدەرەوەی هیچ مانایەک و ئامانجێک، لەگەڵ ئەمەشدا دوبارەبوونەوەی بەناچاری بێ دوا "هیچ بوونێک" گەڕانەوەی ئەبەدی"(20) لە ئەنجامدا، گەڕانەوەی ئەبەدی چرکەیەکە کە تێیدا

خاپورکردنێکی نێگەتیڤ بوونی هەیە، هەڵوەشانەوەی هاوپەیمانێتی نێوان پەرچە هێزەکان و ئیرادەی خواستنی هیچ بوون کە دەبێتە مایەی بەرهەم هێنانی نەفیکردنەوە لە ئیرادەی دەسەڵاتدا، لە ڕێگای گەڕانەوەی ئەبەدیەوە، پەرچەهێزەکان لەڕێگای خۆ وێرانکردنە چالاکەکەیانەوە، نەک تەنیا دەبنە هێزی چالاک، بەڵکو "تەعبیر لە بوون بە چالاک دەکەن وەک دەستەڵاتێک بۆ ئەرێ وتن". لای دولوز ئەم خاڵە جەوهەریە: "نەفیکردنەوەی چالاکانە، یاخود وێرانکردنی چالاکانە حاڵەتی ڕۆحە بەهێزو تواناکانە، ئەو هێزانەی کە پەرچەکردار لە خۆیاندا تێکدەشکێنن و ملکەچی دەکەن، بۆ تاقیکردنەوەی گەڕانەوەی ئەبەدی و خۆیان تەسلیمی ئەم تاقیکردنەوەیە دەکەن، تەنانەت گەرخواستنی سەرەو لێژبوونەوەی خۆشیان لەخۆ بگرێت. ئەمە تەنیا ڕێگایەکە بەهۆیەوە پەرچە هێزەکان دەبنە چالاک. ئەمە تەعبیرکردنە لە ئەرێ وتن و بوون بە چالاک وەک دەسەڵاتی جەغدکردنەوە. ئیدی نیچە قسە لە شادی سەرمەدیانەی هەبوون (becoming) دەکات.

ئەو شادیەی کە تەنانەت شادی، خاپورکردنیش لەخۆ دەگرێ"(21)، هەروەها هەر ئەم شادیە سەرمەدیانەی هەبوون، کە برینییە لە ئەخلاق و شادی و جوانناسیانەی نیچە. جۆرێک یان شێوەیەکی جوانناسیانە بوونی هەیە کە پێکهاتووە وەک ئەرێ وتن و داهێنان، نەک وەک هەستیاریەکی پاسیڤانەی جوانناسی کانتیانە، هەروەها ئەخلاقێک هەیە، کە گەر گرنگتر نەبێت لە جوانناسی شادی ئەوا کەمتر نییە، لەو ئەویش ئەخلاقی شادیە، کە پێکدێت لە ڕێگای هەڵسەنگاندن و نرخاندنەوە، ئەم شادیە تراژیدیە. تراژیدیی دەشێ ببینرێتەوە لە فرەییدا، لە هەمە چەشنەیی ئەرێ وتن و جەختنکردندا. ئەوەی کە تراژیدیا پێناسە دەکات، برینییە لە شادی فرەیی، فرەیی شادی"(22)، گەر هێزێک کە هەژمونی هەیە، هەژمونی هەبێت نەک لە ڕێگای هۆکارە نێگە تیڤەکانەوە، بەڵکو لە ڕێگای ئەرێ وتنەوەو جەغدکردنە سەر جیاوازی خۆی لە هێزەکانی دیکە، لێرەدا نەفی وجودی نییە، تەنیا

ئەم جەغدکردن و ئەریّ گوتنەیە کە بەراستی دەبێتە مایەی ڕێکردن بەرەو ئەخلاقی شادی، ئەمەش دەبێتە مایەی مەحف کردنەوەی هەستی تاوان و ویژدانی بیمار. ئەمە تاکە هۆکارێکە بۆ داهێنانی چانس (chance) و فرەیی (بوونی هەبوون The being of becoming)، واتە تەنیا ڕێگەیەک هەیە، بۆ گرێدانی بوون و هەبوون پێکەوە لەپێناو بەدەستهێنانی، پاکی (بەرائەت – innocence)، ناچاری و فرەیی لە جیاتی ئیحتمال بوون (Probability). وێڕای ئەمەش، تەنیا هێزی چالاک بە کۆمەکی جەختکردنەوە، جەغد لەسەر جیاوازی خۆی دەکاتەوە، خۆشی لە جیاوازی دەبینێت، لە بەرانبەر ئەمەدا پەرچە هێز، لەلایەکەوە کاردەکات و کردار دەنوێنێت بۆ سنوردارکردنی هێزی چالاک، بە کۆمەکی نێگەتیف، بوون و ژیان لە ئینکارکردندا (denial) دەبینێتەوە، چواردەوری هێزی چالاک دەگرێت و جیایدەکاتەوەو لەو شتەی کە دەتوانێ بیکات، لەلایەکی دیکەوە، لەجیاتی ئەوەی کە جەخت لەسەر خۆی بکاتەوە، لەسەر ڕەتکردنەوەی "ئەوی دیکە" دەژی.

بەڵام ئێمە لەلایەن ئەم فەیلەسوفەوە ئەوەمان وەبیر دەهێنرێتەوە کە هاوشوناسی و نەفی باڵادەست ترن لە جیاوازی لە "نەخۆشخانەی کلتوردا". ئەوەی کە ڕێگە نەدرێ نەخۆش کەسی تەندروست نەخۆش بخات. ئائەمە دەبێت خەمی گەورەی ئێمە بێت لەسەر ئەم زەویەدا.(23)

نیچە پێ لەسەر شادی شێوە بەخشین و جارێکی دی شێوە بەخشین "بەشێوە بەخشراو" دادەگرێت وەک شادیەکی ئەبەدی. ئەم شادیە بریتییە لەشادی هەبوون (becoming) کە ڕاوەستاوەتەوە بەرانبەر هەستە لاوازەکان کە لەلایەن نیچەوە وا دەبینرێن "وەک یەک بوون"، وێڕای ئەمەش لە دیدو بۆچوونێکی پاسیڤ بوونەوە لاواز کە ناتوانێت کردار بنوێنێت و تەنیا کرداری لەسەرەوە دەنوێندرێت، بە هێزەکان لای ئەو کەسە لاوازە، شەیتانن چونکی جیاوازن. هەر لەسەر حسابی دوبارەکردنەوەش بێت، دەبێت بڵێین کە پەرچە هێزەکان (reactive forces) کە کۆمەک دەکرێن

لەلایەن نەفی و رەتکردنەوەی جیاوازیەوە، ناشێت بخوازرێن تاکو جارێکی دیکە بگەڕێنەوە، هەر ئا ئەمەشە بە دەقیقی نرخاندنەوەی گشت بەهاکان، کە ئەوە دەسەلمێت کە هەبوون پەرچە هێز "بوون"ی نابێت، بگرە بوون پرسیاری بوونێکە کە دەبێتە چالاک، گەڕانەوەو بەرهەم هێنانەوەی هەبوون (becoming) بەناچاری بریتییە لەبوونی ئەوشتەی کە دەبێتە چالاک.

بەم شێوەیە وەک پرنسیپێکی سەرەتایی، جەختکردنەوەو ئەرێ وتن، هەمیشە بریتییە لە چالاکبوون، بەڵام جەختکردنێکی دیکەش بوونی هەیە. دولوز وا سەیری فیگەری ئاریادن Ariadne لە نوسینەکانی نیچەدا دەکات، وەک فیگەرێک کە وەستاوە لە پەیوەندیدا بە دایۆنیزەوە وەک جەختکردنی دووەم کە جەختکردنەکەی یەکەم بەبابەتی خۆی دەزانێت، ئەرێ وتن و جەختکردنەوە لەناو جیاوازیدا:"جەختکردن و ئەرێ وتنی فرەیی بریتییە لە گوزارەیەکی تاملی (تێڕامان)، هەروەک چۆن شادی هەمە چەشنەیی گوزارەیەکی پراکتیکیە... یاریزانەکە دەدۆڕێ چونکی بەهێزێکی تەواوەوە جەخت ناکات، چونکی ئەو نێگەتڤ دەهێنێتە ناو چانسەوە، نەیاری بەهەبوون و فرەیی دەناسێنێت. ئەرێ وتن ئاوڕ لەخۆی دەداتەوە، جارێکی دی دەگەڕێتەوە، خۆی بە باڵاترین دەسەڵات دەگەیەنێت. جیاوازی لەخۆی رادەمێنێت و دوبارە دەبێتەوە، یاخود خۆی بەرهەم دەهێنێتەوە"(24) بەم شێوەیە فەلسەفەی گۆڕان و هەبوون بریتییە لە فەلسەفەی ئارەزووی پۆزەتیڤ کە تێیدا بوون بەتەواوی و سەراپاگیرانە ئەرێنییەو تێیدا بوون جیاوازیە. دوای وتنی ئەو شتانەی پێشوو، ئێستا دەتوانین ئەمە زیاد بکەین کە گەڕانەوەی ئەبەدی میزاجێکی فیکرە، لە جیهانێکدا کە فرەیی رێسایە، کە هێز چەندایەتییەکی پێوراوە کە خوداوەندێک بوونی نییە، تاکو زەمانەتی یەکێتی گونجاوی لێپرسراوێتی بکات، زەمینەیەکی دیکە پێویستە لەگەڕاندا بە دوای "راستی"دا. راستی ئیرادەی دەسەڵات دروست دەکرێت و دەخوڵقێندرێت لە رێگاو بەهۆی گەڕانەوەی ئەبەدیەوە. وەک ئەوەی دولوز

ڕوونیدەکاتەوە: "گەڕانەوەی ئەبەدی جیاوازی "دروست دەکات"، چونکە فۆڕمێکی باڵا دروست دەکات. بلیمەتی گەڕانەوەی ئەبەدی لە یادەوەریدا نییە، لە بە فیرۆداندایە، وا لە لەبیرکردنێکی چالاکدا. هەموو ئەوشتەی کە نێگەتیڤە، ئەوانەی کە هەر ڕەتدەکەنەوە، هەموو ئەو ئەریَ وتنە عامیانەیە کە مۆرکی نێگەتڤیان بە سەرەوەیە، هەموو ئەو "بەڵێ یانە"ی شوێنی ڕەزامەندی نین، چونکە لە نەوەکانەوە هاتوون، هەرشتێک کە ناتوانێت تاقیکردنەوەی گەڕانەوەی ئەبەدی ببڕێت، هەموو ئەمانە دەبێت ڕەتبکرێنەوە، چونکە گەر گەڕانەوەی ئەبەدی بازنە بێت، ئەوا جیاوازی وا لەچەقی بازنەکەدا، وەک یەک بووەکانیش لە پەراوێزدان" (25) لە هەرە نۆڕمە چڕەکەیدا گەڕانەوەی ئەبەدی برینییە لە میزاجێکی فیکر کە بیر لە وێنە ناکاتەوە بەڵکو بیر لە جیاوازی دەکاتەوە.

ئەمەش بەڕای دولوز "هەڵگەڕانەوەیەکی تەواوی جیهانی" نوێنەرایەتیکردنە، هەڵگەڕانەوەی مانای "هاوشوناس"و "لێکچوون" کە هەیبوو لە جیهاندا.(26) ئەم میزاجەی فیکر بەرهەمی چرکەیەکە ئەوکاتەی ژیان ئیرادەی خۆی دەکات، لە هەر چرکەیەکی تێپەڕبوونیدا بەئیرادەیەکەوە، تا ئەو شوێنەی کە گەڕانەوەی ئەبەدی خۆی بخوازێنەوە، چرکەیەکی لەو جۆرەی ژیان وا ئەم فیکرە لەخۆ دەگرێ کە ئیدی وەک ئەرک و بارگرانی دەرناکەوێ، بەڵکو وا سەیری دەکات وەک موبارەک کردنێکی ناوەوەیی و شادیەکی سەرمەدی، شادی برینییە لەو چڕبوونەوەیە کە ژیان لە خودی خۆیدا دروستی دەکات، بەرهەمی غەریزەی دایۆنیزی.

شادی کامڵ سەرمەدیەت دەخوازێ، خوازیارێکی ئەبەدیەتێکی قوڵە، ئەو ئەبەدیەتی دەوێ لە قوڵایدا نەک لە رووکەشدا، ئەو ئەبەدیەتی دەوێ لەرێگای خواستنی خۆیەوە لە قوڵایی و بەهەموو ڕەهەندەکانیەوە هەست بەخۆی دەکات، کە ژیانێک دەژی کە پێشتر ژیاوە هەست دەکات، کە لەئەودا گشت ئەگەرەکانی ژیان جارێکی دی دوبارە دەبنەوە.

:Notes

.See W. Kaufmann، Nietzsche، p.307، 321 –1

See M. Heidegger، Who is Nietzsches Zarathustra? In The –2
New Nietzsche، p64 - 80

See Deleuze، Difference and Repetition، p 89 - 91 –3

See F. Nietzsche، The Will to Power، 1067 –4

Ibid، 490 –5

Deleuze، Nietzsche and Philosophy، p101 –6

Ibid، p.3 –7

Ibid، p.53 –8

ibid، 8 –9 –9

See Deleuze، Difference and Repetition p 50 - 52 –10

See P. Klossowski، Nietzsches Experience of The Eternal –11
Return، in The New Nietzsche. P 108

See Deleuze، DR، p.57 –12

Ibid، p. xix –13

Ibid، p.58 –14

See F. Nietzsche، On the Genealogy of Morals. 1، 10 –15

Deleuze، Nietzsche، and Philosophy، p 55 –16

See F. Nietzsche، Thus Spoke Zarathustra، book 111، The –17
.Convalescent

See Nietzsche، The Will to power، 617 –18

Ibid، 28 –19

Ibid، 55 –20

Deleuze، Nietzsche and Philosophy، p.70 –21
Ibid، p17 –22
.See Nietzsche، On Genealogy of Morals، 111، 14 –23
.Deleuze، Nietzsche and Philosophy، p. 197 –24
See Deleuze، DR، p.55 –25
Ibid، p.301 –26

Bibliography

Deleuze، G. Nietzsche and Philosophy. Translated by H. .Tomlinson، The Athlone Press. 1983
.Difference and Repetition. Translated by P. Patton Columbia University Press، 1994
Hiedegger، M. Who is Nietzsches Zarathustra? In The New .Nietzsche، ed: D.B. Allison. MIT 1992
.Kaufmann، W. Nietzsche. Prinction University Press، 1974
Klossowski، P. Nietzsches Experience of the Eternal Return، in .The New Nietzsche، ed. D.B. Allison، 1992
Nietzsche، F. The Will to Power. Translated by W.Kaufmann and R.J. Hollingdale. 1968
.Thus Spoke Zarathustra. Translated by R.J. Hollingdale، 1969
On the Genealogy of Morals. Translated by W. Kaufmann and R.J. Hollingdale 1967

# نیچە ستایشی عەقڵی ئاساییی دەکات،

## لە بەرامبەر باوەڕی مۆدێرنەدا
## نیچە سەرەداوەکانی مۆدێرنەی لە زەردەشتییەتدا دۆزییەوە

نوسینی : سیار

فریدریک ولیام نیچە (1844–1900)ز ناسراو بە فەیلەسوفی فەرهەنگ، ئەمەش لەبەر ئەو پێکدادانە بنچینەییە فکرییانەی کە لەگەڵ پەیدابوون و پـەروەردەو وەرچەرخانە مێژوییەکانی فەرهەنگی مرۆڤایەتیدان، بەتایبەتی سیستەمە ئەخلاقییەکان و شیکردنەوە شەفاف بینەکانی لە فەرهەنگە کۆنەکان و سەدەکانی ناوەڕاست و مۆدێرنەکانی ئەوروپادا، هەروەها تێڕوانینە رەخنە ئامێزو هەڵسێنەرەکان سەبارەت بەو فەرهەنگانە، شایەتی نیشاندانی زانستخوازی چالاکییە فیکری و ئەندێشمەندەکانی ئەون، وەکو فەیلەسوفی مێژوویی فەرهەنگەکان، هەرچەندە نیچە بەردەوام چاوی لە مێژووی فەرهەنگی ئەوروپا بووەو زانستخوازییەکانی لە بنچینەدا لەو بـوارەدا بـووە، لەگەڵ ئەوەشدا لەفەرهەنگە کۆنەکانی ئاسیا، بەتایبەتی چینی، هیند، ئێران بێ ئاگا نەبووەو ئاماژەیەکی زۆری بۆ کردوون، ئەمەش لەکاتی هەڵسەنگاندنی فەرهەنگەکاندا، چەندەها جار ستایشی عەقڵی ئاسایی دەکات لە بەرامبەر باوەڕی مۆدێرنەدا.

نیچە خوێندکاری فیسۆلۆژی کلاسیک (زماناسی مێژوویی زمانە کۆنەکانی یۆنان و لاتینی)بوو، ئەو پێش تەواوکردنی دەورەی دکتۆرا لەهەمان بەشدا، وەکو مامۆستایەکی زانکۆ لە زانکۆی بازل وانەی دەوتەوە، زانستە فراوانەکەی ئەو لەبواری زمانەکان، مێژوو فەرهەنگی یۆنانی و رۆمانی لەو توێژینەوانەبوون کە دەربارەیان هەوڵیدەدا، نیچە ئاماژە بێ ژمارەکانی لە سەرانسەری نوسینەکانیدا دەبینرێ کە بەلای

کەمەوە خاوەنی دوو کتێبی جیاوازە دەربارەی فەرهەنگ و فەلسەفەی یۆنانی یەکێکیان (پەیدابوونی تراژیدیا)، دووەمیان (فەلسەفە لە رۆژگاری تراژیدیای یۆنان) کە هەردووکیان لە سەرەتاترین کتێبەکانی نیچەن.

ئاشنایی زانستیانەی نیچە لەگەڵ مێژوو فەرهەنگی یۆنان و رۆم و لێکۆڵینەوەکانی لە شوێنەوارە بەجێماوەکانی مێژوویان بووە بەهۆی ئاشنابوونی نیچە، لەگەڵ مێژوو فەرهەنگی ئێرانی کۆن، چونکە ئێرانییەکان وەکو هێزێکی بەهێزو گەورەی ئاسیایی سەرەتا لەگەڵ شارە دەوڵەتەکانی یۆنان وە دواتر لەگەڵ ئیمپراتۆری رۆم هەمیشە لە کێشمەکێشدا بوون، نیچە لە کۆمەڵە نوسینەکانیداوە لە یادەوەریی و پاشماوەکانیدا زۆری لەسەر ئێرانیەکان نوسیوە، مەیلی نیچە بۆ ئێران و وەسفکردنی ئەو بۆ فەرهەنگی کۆنی ئێرانیەکان بەجۆرێک کە لە هەڵبژاردنی ناوی زەردەشتدا دەردەکەوێ، چونکە ئەو زەردەشتی وەکو پەیامهێنەری فەلسەفی خۆی داناوە، هەروەها ناوی کتێبێکیشی بەناوی زەردەشت و دانانی بە گرنگترین بەرهەمی خۆی بایەخ پێدانی ئەومان بە زەردەشت زیاتر بۆ دەردەخات، کتێبەکەی نیچە بەناوی (وەهای گوت زەردەشت)بوو، نیچە تێڕوانینێکی تایبەتی سەبارەت بە مێژووی ئێران لەسەردەمی ئیسلامدا پیشاندەدات، هەرچەندە هەندێ کات ناوی موسڵمانان دەبات و هەندێ جاریش بەباشی ناوی (حەشاشیەکان) دەبات، هەروەها لە یاداشتەکانیدا جارێک باس لە سەعدی دەکرێ لە نووسینی چەند لایەنێکی بەرهەمەکانی بەڵام چەندینجار ناوی حافزی شیرازی دەبات و دەربارەی شیعر و تواناکانی قسەدەکات.

## تێڕوانینی نیچە سەبارەت بە ئێرانی کۆن

لە کۆی نوسینەکانی نیچەدا دوجار ناوی ئێران (Persien) هاتووە، وەچەندین جار لە ئێرانیەکان (persisch)و جارێکیش پێش ئێرانیەکان (vorpersisch) کە چەند ئاماژەیەکن بۆ پەیوەندی شارە دەوڵەتەکانی یۆنان لەگەڵ ئیمپراتۆری ئێران و شیکردنەوەی پەیوەندییەکانیان، تێڕوانینی ئەو پێش هەموو شتێک لەسەر رووداوەکان و دەرەنجامی شارەکانی ئێران و یۆنان بوو کە کاریگەری قوڵی لەسەر دنیای یۆنان دادەنا، کە بەشەڕی (پلۆپۆنزی) لە نێوان شار دەوڵەتی ئەسیناو سپارتە بە بەشداری شارە دەوڵەتەکانی تر رووی دەدا، ئەم شەڕانە هەموو یۆنانیەکانی بۆماوەی پەنجا ساڵ خەریک کردو وێرانیەکی زۆریشی لێ کەوتەوە، نیچە بەدەر لەمە بیست و هەشت جار ناوی ئێرانیەکان بە (elie perser) دەبات، لە هەندێ لە پارچە نوسینەکانیشیدا بە (Fragement) ناویان دەبات، لەمەوە دەتوانین تێڕوانینی نیچە سەبارەت بە ئێرانییە کۆنەکان و کلتورەکەیان بەڕوونی ببینین، بەتایبەتی لە وەسفی سەرکەوتن و سوارچاکی و جەنگاوەری و تیرهاویشتنی ئێرانیەکانداو لەباسی دەسەڵاتخوازیاندا، هەروەها پابەندی ئێرانیەکان بە گەورەیی و راستگۆیی دەخاتەڕوو، دیارە ئەمانە چەند کردارو بەهایەکن کە نیچە بەشایستەی ژیانی باڵای مرۆڤایەتی دەزانێ، بەڵام لەبەرزترین تێڕوانینی ئەو بۆ ئێرانیەکان، بەگەورە سەیرکردنیان لەوێوە پیشاندەدا، کە لە باوەڕ بەخۆبوونی ئێرانیەکانەوە سەرچاوە دەگرێ، باوەڕێک کە نیچە لەگەڵ سەردەم و گەڕانەوەی هەمیشەیدا لەلای وەکو یەکە، نیچە ئەم

تێڕوانینەی لەبەرامبەر ئەو تێڕوانینە میتافیزیکیەی یۆنانیەکان دادەنا، کە لەگەڵ ئەفلاتوندا بوونی حەقیقی لەگەڵ بوونی مەجازیدا دادەنێت کە دەڵێ: (من دەبێ بە ئێرانیەک، بە زەردەشت، ڕێزبگرم ئێرانیەکان یەکەم کەس بوون کە سەیری هەموو مێژوویان کرد)، دواتر نیچە لەم پارچە نوسینانەیدا ئاماژە بەباوەڕە ئاینیەکانی ئێرانی کۆن دەکات، دەڵێ: (ئێرانیەکان مێژوویان وەک زنجیرەیەک هێناوەتە بوون، حەڵقەیەکی بە دەست پێغەمبەرێکە، هەر پێغەمبەرێکیش هەزارەی خۆی هەیە.

نیچە چەند پارچە نوسینێک لەنێوان بەرهەمە بڵاوکراوەکانیدا دوای مردنی، ئاشکرابوو کە زۆر بەداخەوەیە بۆ هەلێکی لەدەست چووی مێژوویی، بۆئەوەی بۆ لەجێی ڕۆمییەکان ئێرانیەکان سەرنەکەوتن بەسەر یۆناندا، ئەو لای وایە چ باش بوو ئێرانییەکان ببونایە بە سەروەری یۆنان، ئەم یاداشتانە دەتوانرێ بەم جۆرە لێک بدرێنەوە، کە نیچە دوبارە لێرەشدا هەستی خۆی بۆ جیهانبینی و دەسەڵاتی ئێرانییەکان لە بەرامبەر میتافیزیکی یۆنانی پیشاندەدا، چونکە بە فەرمانڕەوایی ڕۆمیەکان بەسەر یۆناندا فەرهەنگی یۆنان و میتافیزیکی بە فەلسەفەکەیەوە بەسەر ڕۆمیەکاندا زاڵ دەبوو، ڕێگەی واڵادەکرد بۆ دەرکەوتنی مەسیحیەت، ئەو ئاینەی لەپلەی ئایینی هەژارەکان بوو، لەلای ئەو ژیانی ناو ئەم دنیایە بەناوی پادشایەتی نەبڕاوەی هەمیشەیی ئاسمان دەداتە دواوە، بەم جۆرە تێڕوانینی پۆزەتیڤ بۆ ژیانی وەرچەرخاند بۆ تێڕوانینێکی نێگەتیڤانە، هەروەها لەلای ئەو فەرمان ڕەوایی ئێرانیەکان بەسەر یۆناندا لەگەڵ تێڕوانینی پۆزەتیڤانەیان، بۆ ژیان و سەردەم دەیتوانی ئەم بارە بگۆڕێ و ڕێبگرێ لە ڕووداوێکی شوم لە مێژوودا.

## زەردەشتی ئێرانی و زردەشتی نیچە

نیچە لە یەکەم نوسینەکانیدا ناوێکی ئاشنا بەناوی (Zoroaster) بەکاردەبا کەلە رەگ و ریشەی یۆنانی و لەزمانە ئەوروپپەکانیشدا بەکاردەبرێ (Zoroaster) بۆ یەکەم جار لە یاداشتنەکانی (1870 - 1871)ز دەبینرێ، نیچە دەیەیەک پێش نوسینی (وەهای گوت زەردەشت) لەم یاداشتنەیدا زۆر بەداخەوە دەڵێ (ئەگەر داریوش شکستی نەهێنابایە، ئاینی زەردەشت زاڵ دەبوو بەسەر یۆنانیەکاندا، هەروەها لە پەیامێکیشدا کەلەم سەردەمەدا لەدوای مردنی چاپکراوە ئاماژە دەکات، بە چیرۆکی (شاگردی هرالکیتوی)ی لای زەردەشت، ناوی زەردەشت بەشێوەی کۆنی ئێرانی دەبا (Zarathustra) ئەم ناوە بۆیەکەم جار لەکتێبی زانستی شادومانیدا دەبینرێت کە لەساڵی (1882) بڵاوکراوەتەوە، نیچە یەکەم لایەنی (پێشەکی زەردەشت، یان رازونیازی لەبەرامەبەر خۆردا لە کتێبی وەهای گوت زەردەشت داناوە) ئەم پارچەیەش لە ساڵی دوای ئەودا لە بڵاوکردنەوەی بەشی یەکەم لە چواربەش وەهای گوت زەردەشت لە شوێنی ئەسڵی خۆی دادەنرێت، شوێنی خۆیەتی کە بپرسین نیچە بۆچی وازی لەناوی ئاشنایی (Zoroatster) هێناو رووی کردە ناوە ئێرانییە کۆنەکەی واتە (Zarathustra)، شێوەیەک کە جگەلە فیلۆلۆگە شارەزاکان لە زمانەکانی کۆنی هیندۆ ئێرانی کەس پێی ئاشنا نەبوو، خودی نیچە لەم بارەیەوە هیچ ناڵێ، بەڵام دەکرێ هۆیەکەی ئەوەبێ کە نیچە دەیەوێ لەگەڵ زەردەشتی ناسراو لە ئەوروپا کە لەڕێگەی یۆنانەوە ناسراوە، لەگەڵ زەردەشتی ئەسڵی کە دوو سەرەتای مێژووین لەدەرگای هاو واتایی دەربهێنێ، هەروەکو خۆی دەڵێ: بەم هاو واتایە دەیەوێ هەم رێزێکی زۆری لێبنێ لە بیریاری و گەورەیی سەرەتاوە هەم گەورەترین هەڵەی ئەو بخاتەڕوو، لەزمانی ئەوەوە ئەم هەڵە گەورەیەی سەرەتای مێژووی مرۆڤایەتی راست بکاتەوە، دیارە هەڵەی ئەسڵی زەردەشت و هەموو ئایین هێنەرەکان و فەیلەسوفە گەورەکان کە بنیادی مێژووی بیری مرۆڤایەتیان

تا ئەمڕۆ هێناوەتەوە ئەوەیە کە بونیان لەسەر بونیادی بەهاکان، لەسەر بونیادی ئەخلاق، لەسەر باش و خراپ لێکداوەتەوە، زەردەشت پەیامبەری ئێرانی، لە سپێدەی مێژووی مرۆڤایەتیدا بوونی کردووە بە پادشای شەڕی باش و خراپ، بەوەی زانیوە کە لەدوو ڕووی بە شەڕ هاتوو واتە (اهوراو اهریمن) دەردەکەون، ئەم لێکدانەوەیە پێشڕەوی لێکدانەوەی مەسیحیەتە کە بوون بە پانتایی گوناح و سزای هەمیشەی دەژمێرێ، یاخود لێکدانەوەی سوقراتی، ئەفلاتی، ئەفلاتونی کە نمونەی باشە لەپلەی بەرزترین بەهاکاندا، لە لوتکەی بوون دادەنێ، بەم شێوەیە کە بوون ناسی باوەڕە ئەخلاقیەکانی زەردەشتی راستەقینە لەسەرەتای مێژووەوە هاتۆتە مەیدان و بیروباوەڕو فەرهەنگی مرۆڤایەتی دروست کردووەو لەبەرامبەر بوون ناسی ناباوەڕە ئەخلاقیەکانی نیچە رادەوەستێ .

ئابرانسان مرۆڤێکە زاڵ بووە بەسەر مرۆڤ بوونی خۆیدا، گەڕاوەتەوە بۆ سەرەتای بێ گوناهی، مرۆڤێک کەدەتوانێ سەرکەوێ بەسەر ئەخلاقی مرۆڤایەتی خۆیدا و بەسەر هەموو ئەو کێشەو ئاڵۆزیانەیدا زاڵبێت، هەروەها ئابرانسان مرۆڤێکە بەزەردەخەنە بوونی لە هەموو رەنگەکان و خێڵەکانی مرۆڤایەتی ئازاد دەکات .

بەم شێوەیە، ئەخلاق باوەڕی زەردەشتی نیچە بەرامبەر باوەڕە ئەخلاقیەکەی زەردەشتی راستەقینەیە، نیچە لەکتێبی (انیک، مرد) کە تیایدا دەکەوێتە لێکدانەوەی ژیانی رۆشنبیرانەو کەمێک شیکردنەوە لە بەرهەمەکانی خۆی، هۆکاری هەڵبژاردنی زەردەشت بۆ ناوی پیشاندانی فەلسەفەکەی، دووبارە دەڵێتەوە: هیچ کات لە منیان نەپرسیوە، بەڵام دەبوایە پرسیاریان بکردایە کەواتای ناوی زەردەشـت لەلای من چی دەگەیەنێت و لەلای یەکەمین ناباوەڕی ئەخلاقی واتاکەی بەتەواوی دژی ئەو شتەیە کە مایەی بێ هاوتایی و سەرسامی ئێرانە (Perser) لە مێژوودا، هەر زەردەشت بوو کە پێکدادان و شەڕی باش و خراپی خستە ئەستۆی دەزگای بوونەوە، واتای

ئەخلاق بە(ماورا الگبیعە )لە پلەی هێزی هەڵسوڕێنەر، مەبەست لە خودی خۆی، ئیشی ئەوە. ئەمە پرسیارە، بەڵام لە شوێنی وەڵامدانەوەو لە ڕەگ و ڕیشەی خۆیەوە بوو، هەر زەردەشت بوو کە شومترین هەڵەی دروست کرد، هەڵەی ئەخلاق، ئیتر دەبێت ئێستاش یەکەم کەس بێت کەپەی بەم هەڵەیە بباث، ئەو نەک تەنها لەهەر بیریارێکی دیکە لەم بوارەدا ئەزمونی درێژو زیاتری هەیە، کە هەموو مێژووی ڕەددانەوەی ئەزمونی راستەقینە (بوون)ە بە واتایەکی تر رێکوپێکی ئەخلاقی جیهانییە، باڵاتر لەوە ئەوەیە کە زەردەشت راستگۆتر لە هەر بیریارێکی ترە، قسەکانی ئەو تەنها ئەوەنییە، کە ڕاستگۆیی لە بەرزترین پلەی گەورەیی دا دادەنێت بە پێچەوانەی ترەوە، هەروەها دەسەڵات ویستان و هەڵهاتنیان لەبەرامبەر راستیدا، زەردەشت والێ دەکات ئەوەندەی تر لە بیریارانی تر ئازایەتی بنوێنێ، دیارە راست وتن و باشی و تیرهاوێژی ئەو گەورەیی ئێرانیەکانە (لەخۆ بوردویی ئەخلاق لەسەر راستگۆیی) لەخۆ بوردویی ئەهلی ئەخلاق و گۆڕان لە دژی لەلای من، ئەوەیە واتای ناوی زەردەشتە.

چیرۆکی سوننەتی زەردەشت واباس دەکات، کە زەردەشت لەلایەن خودای چاکە، اهورامزدا بەرەولای خەڵکی هات، تا ئەوان لە سوڕانەوەی چەرخی بوون بەسەر بەرەی شەڕی باشەو خراپە بەئاگا بێنێنەوەو هانیان بدات بەرەو وەرگرتنی لایەنی باشە، بەڵام زەردەشتی دووەم پەیامێکی دروست دژی ئەمەی هەیە، ئەو نەک تەنهابوون بە سوڕێنەر بەسەر بەرەی باش و خراپ نازانێ، بەڵکو ئەو لەهەر لایەنێکی ئەخلاقی بەئاسایی و بەدوور لە ئاسایی دەزانێ، ئەگەر زەردەشتی یەکەمین لەسەرەتای دەست پێکردنی مێژوو کردنەوەی ئاسۆی رۆمانی بەرەولای مرۆڤ لەهاو وتەی لەگەڵ خوداو پەیامهێنەرێک لەلایەن ئەو بەرەو مرۆڤەکان دەگەڕێنەوەو کتێبی ئاسمانی دەهێنێ، ئەوا زەردەشتی دووەمین لەکۆتایی ئەم مێژووە رۆمانییەوە پەیدا دەبێ، جوڵێنەرترین پەیامی خۆی دەبێت: خوا مردووە،

بەم پەیامەی ئەو کۆتایی بواری تەفسیری ئەخلاقی و ئامانج) باوەڕی بوون و مێژووی رۆمانی و دور لەسروشتی بونیادی ئەو رادەگەیەنێ، بوارێکی ترو مێژوویەکی تر بۆ مرۆڤایەتی بە دیاری دەهێنێ، موژدەی پەیامەکەی ئەمەیە (لەگەڵ زەویدا وەفادارین، باوەڕتان نییە، ئەوانەی کە لەگەڵ ئێوەی ئومێدەکان لەسەر زەوی دەدوێن)

## نیچە، سعدی، حافز

ناوی سعدی و حافز تەنها ناوێکن لە نوسینەکانی نیچەی سەردەمی ئیسلامیدا هاتبن، لە پارچەیەکی کۆمەڵە بەرهەمەکانی نیچەدا شتێک لەبارەی وتراوە کە بەم شێوەیەیە: سعدی لە عاقڵێکی پرسی کە ئەم هەموو دانایيە لەکێ فێربووی، لەوەڵامدا وتی لە نابینایان، کە پێیەک ناخەنە شوێنێکەوە تەنها ئەو کاتە نەبێت زەوی ژێر پێیان بەگاڵۆکەکەیان تاقیبکەنەوە، دیارە ئەم نوکتەیە کە سعدی لە زمانی لوقمان گێڕاویەتیەوە (نمونەی ئەفسانەی عاقڵییە لە ئەدەبیاتی عەرەبی و فارسی، ئەو لە پێشەکی گوڵستانیدا دەڵێ: بە لوقمانیان وت، حیکمەت لەکوێوە فێربووی؟ وتی لە نابینایان، چونکە شوێنێ نەبینن پێی تێ ناخەن.

نیچە هیچ لەم بارەوە ناڵێ، بەڵام بەپێی فەلسەفەی نیچە دەتوانین بڵێین ئەم وتەیە نمونەی عاقڵی بوونی هەستە، عاقڵی نابینایان، کەم عاقڵی نیچە دروست رووبەڕووی دەوەستێ، واتە عاقڵی بینەرێکی بێ ترس بە بەڵێ بێژان هەڵپە دەکات، خۆی دەخاتە ناو دڵی ژیان و مەترسیەکانیەوەو لە هەڵپەکردنەکە چێژێکی شەیتانی وەردەگرێ .

بەڵام نیچە یەکێک لە هاوشێوە باشەکانی دانایی (بینایی) خۆی لە حافیزدا دەبینێتەوەو ناوی حافزیش دەجار لەبەرهەمەکانیدا هاتووە، بێگومان وابەستەیی گۆتە بە حافزەوەو ستایشکردنی لە دیوانی رۆژهەڵات -رۆژئاوادا وایکردووە کە ناوی حافز لە زۆربەی نوسینەکاندا لەپاڵ ناوی گۆتەدا هاتووە، لێرەدا نیچە هەردوکیانی بە لوتکەی دانایی ستایشکردووە، حافز لە روانگەی ئەوەوە نوێنەری گیانێکی رۆژهەڵاتییە، کە بەشێوەی (دیونوسیوسی) روانینێکی تراژیک ژیان بەشێوەیەکی پڕخۆشی وەسف دەکات، لە هەمانکاتدا دەڵێ ناخۆشیەک لەلای خودا بێت هەزار جار سڵاوی لێ دەکەین، ئەمانە لە تێڕوانینی نیچەدا تایبەتمەندیەکی دلێرانە یان شێوازێکی تراژیک لەژیانە، لەنێوان نوسینە کۆنەکان کە بەجێماون لە نیچە

هۆنراوەیەک هەیە کە نیچە قسە لەگەڵ حافز دەکات. بەم جۆرە دەتوانین بڵێین نیچە تێڕوانینێکی دروستی سەبارەت بەئێرانیەکان و فەرهەنگی ئەوان خستووەتە روو.

سەرچاوە:

http://www. iranicaonline. org/articles/nietzsche-and-persia

پەراوێزەکان:

Kaufmann/niet zsche. p. 22

. 2-kaufmann. nietzche. p. 23

3-jaspers. nietzsche. p. 32

4- د.عەبدولغەفار مەکاوی :هۆلدەرلین -ل113،114

5-kaufmann. nietzsche. p. 24

6-jaspers. nietzsche. p. 28

. 27-7-kaufmann. nietzsche. pp. 26

8-kaufmann. niet zsche. p. 24

9- ئەفسانە یۆنانییە کە دەڵێت (دایسکیۆری دوبرای دوانەن وکوڕی زیۆسن ،ئەوانیش: کاستۆرو بۆلکسن.)، واتە وەک دو کوڕەکەی زێۆسی خواوە ند دوانەن

v. zimmermann. cic. ofclassicalmytholgy

. s. v. dio scuri. p. 88

. 10-kaufmann. op. cit. p. 25

11- د.عەبدلڕەحمان بەدەوی :نیچە-ل76،77-.

. 30–12–kaufmann. miet zsche. pp. 29

. 13–kaufmann. nietzsche. p. 30

. 14–ibid. p. 69

. 15–jaspers. niet zsche. 67

. 16–ibid. p. 69

17–v. zimmerman . dic . of classical
. mythology. s. v. ariadne. p. 31

. 18–kaufmann . niet zsche. p. 32

. 34–19–ibid. pp. 33

. 20–ibid. p. 34

21– یانکۆلافرین :نیچه -ل80 .

22–kaufmann. niet zsche . p. 37

23– شارێکه لەشاره کانی بافاریا، شوێنی نیشنەجێبوونی ((لۆدفیکی دووەم))ی پادشای بافاریا بوو.((لۆدفیگ))عاشقی مۆسیقای ((فگنەر )) بوو، لەبەرئەوەی لەشلری بایرۆث، هۆلێکی شانۆی تایبەتی بۆنمایشکردنی ئۆپێراکانی ((فاگنەر))
کردبوەوە

24– د.عەبدلره حمان بەدەوی :نیچه–ل68

25– د.عەبدلرەحمان بەدەوی :نیچه ل68

26– ه.س.پ،ل69–70

. 27–jaspers. niete zsche. p. 83

. 28–ibid. p. 83

. 29–ibid. p. 83

. 84–30–ibid. pp. 83

. 31–jaspers. niet zsche. p. 33

–32 بۆر تنۆی فەیلەسوف و هونەری میوزیک –ل246
.33–jaspers. niet zsche pp. 33. 34
–34 بۆرتنۆی :فەیلەسوف و هونەری میوزیک–ل246
.35–kaufmann. niet zsch . pp. 42. 43
.36–kaufmann. niet zsche. pp. 46. 47
.37–ibid. p. 50
.38–jaspers. niet zsche. pp. 71. 72
39–kaufmann. niet zsche. p. 50
.40–jaspers. niet zsche. p. 87
.41–jaspers. reason and existenz

سەرچاوە:

د.یسری ئیبراهیم :فریدریک نیتچە (فلسەفەث ئەخلاق)–
دارا لتنویر،بیروث–التبعەث الاولی ،2007.

## له بەرهەمە چاپکراوەکانی دەزگای ئایدیا

| | ناوی بەرهەم | نوسەر | وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 2 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 3 | ئاشنابوون بە کیرگە گۆر | شۆرش مستەفا | | 2014 |
| 4 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 5 | ئاشنابوون بە کارل پۆپەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 6 | ئاشنابوون بە ئالان تۆرین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 7 | ئاشنابوون بە سوقرات | لوقمان رووف | | 2014 |
| 8 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 9 | ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | | 2014 |
| 10 | ئاشنابوون بە جان جاك رۆسۆ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 11 | ئاشنابوون بە دیڤد هیوم | مستەفا زاهیدی | | 2014 |
| 12 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 13 | ئاشنابوون بە فرۆید | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 14 | ئاشنابوون بە جۆن لۆك | عەتا جەمالی | | 2014 |
| 15 | ئاشنابوون بە لینین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 16 | ئاشنابوون به ئەریك فرۆم | كۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 17 | ئاشنابوون به قوتابخانەیفرانكفۆرت | عوسمان حەمە رەشید | | 2014 |
| 18 | ئاشنابوون به بزوتنەوەی فیمینیزم | كۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 19 | بلیمەتی و شێتی | بازگر | | 2014 |
| 20 | ئاشنابوون به كریشنا مۆرتی | كۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 21 | ئاشنابوون به سكیۆلاریزم | كۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 22 | ئاشنابوون به سیمۆن دیبۆڤوار | كۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 23 | ئاشنابوون به ڤێرجینیا وۆلف | لوقمات رووف | | 2014 |
| 24 | ئاشنابوون به یۆرگن هابرمانس | كۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 25 | ئاشنابوون به درێدا | كۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 26 | مەكری ئیسلامییەكانی كوردستان | ماجد خەلیل | | 2013 |
| 27 | كتێبی سور | ماو تسی تۆنگ | فازل حسێن مەلا رەحیم | 2014 |
| 28 | سەیران بۆ سەرێكانی | ستران عەبدوڵلا | | 2014 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 29 | گەندەڵی | | سابیر عەبدوڵلا کەریم | 2014 |
| 30 | یوتۆپیا | کۆمەڵێک نوسەر | پێشەوا فەتاح | 2015 |
| 31 | لە قەندیلەوە بۆ کۆبانێ | ئەنوەر حسێن- شۆڕش مستەفا | | 2015 |
| 32 | پریسترۆیکای بەهاری عەرەبی | ئەنوەر حسێن (بازگر) | | 2015 |
| 33 | گەشتە بێ ئاکامەکانی سەرکردەیەك | بریتا بولەر | ڕێکەوت ئیسماعیل | 2015 |
| 34 | داعش و داعشناسی | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |